

رۆمان

# زەبۆکەکەی لای خۆمان

کەمال سەعدی

هەولێر
2019

ڕۆمان

# نەبۆکەکەی لای خۆمان

کەمال سەعدی

- عەبۆ زەبۆکی لای خۆمان
- بابەت: ڕۆمان
- نووسینی: کەمال سەعدی
- دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: جەوهەر فەتاح
- پیت چنین: دانەر
- پێداچوونەوەی زمانەوانی: شێرزاد فەقی
- چاپ: چاپی دووەم، تاران ٢٠٢٠
- تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٥٥٣) ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە

# ناوەرۆک

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| ماڵمان لە گەڕەکی موفتی بوو | ٧ |
| عەبۆ زەبۆک دەبێتە موختار | ١٧ |
| عەبۆ زەبۆک دارتێلی کارەبا بۆ گەڕەک دێنێ | ١٩ |
| ئاو بۆ گەڕەک دێنێ | ٢٣ |
| چۆن من و عەبۆ عەردمان بەیەکەوە کڕی | ٢٦ |
| ویستی فیڵم لێ بکات | ٣١ |
| هاتوچۆمان بۆ دایەرەی تۆماری زەویو زار | ٣٥ |
| چۆن خانوومان بەیەکەوە دروست کرد | ٤٠ |
| مەسەلەی بادلۆ پڕکردنەوەی عەبۆ زەبۆک | ٤٦ |
| دەرگا و پەنجەرە و کاشی بە خۆڕایی بۆ دێت | ٤٩ |
| دەبێ پیشەی عەبۆ زەبۆک چی بێ | ٥٣ |
| عەبۆ زەبۆک دەگاتە لای پارێزگار و پارچە ... | ٥٩ |
| چوونمان بۆ مووسڵ بۆ کڕینی عەردی دکتۆرێکی ئەوێ | ٦٣ |
| چۆن دووکانەکەی بە بێ مۆڵەت تەواو کرد | ٧١ |
| عەبۆ خۆی دەکاتە وەکیلی کۆمپانیای جگەرە لە هەولێر | ٧٥ |
| چۆن عەبۆ زەبۆک مۆڵەتی دووکانەکەی بە ڕەسمی وەردەگرێت | ٨١ |
| هەزار گوناە و یەک تۆبە | ٨٨ |
| چۆن عەبۆ زەبۆک دەبێتە سەرۆک قافڵەی حاجییان | ٩٢ |
| گەڕانەوەی قافڵەی حاجی عەبۆ | ٩٧ |
| کورتەی ژیانی نووسەر | ١٠٥ |
| پاشکۆکان | ١٠٧ |

# پێشەکی

بۆ یەکەم جار ئەم رۆمانەم لە ساڵی ١٩٩٧ بە تیراژی هەزار دانە، لە چاپخانەی ڕۆشنبیری بە یارمەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپ کرد. هەر لەو ساڵەدا کەسێك لە دادگای شاری هەولێر داوای لە دژی من و وەزیری ڕۆشنبیری خوالێخۆشبوو مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی بەرز کردەوە و تۆمەتی ناوزڕاندنی دایە پاڵمان، گوایە باس لە ژیانی تایبەتی ئەو دەکات، هەرچەندە لە ڕۆژنامەکان ڕوونکردنەوەیەکم بڵاو کردەوە و تیایدا ئاماژەم بەوە دابوو کە رۆمانەکە زادەی بیر و خەیاڵی خۆمە و پاڵەوان و کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەش دەستکردی خۆمن، بەڵام ئەو کەسە هەر سوور بوو لەسەر داواکەی و تا کۆتایی وازی نەهێنا.

شایەنی وتنە، کۆمەڵێك نووسەر و ڕۆشنبیر و مامۆستای زانکۆ لە بەردەم دادگا ئامادە بوون و داکۆکییان لێ کردم، لەوانە (خوالێخۆشبووان دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر سەعدی بەرزنجی و شەهید مەهدی خۆشناو) هەروەها دکتۆرە شوکریە ڕەسول و تاریق جامباز و مافپەروەر حوسامەددین سەرداری و سابیر ڕەشید و مافپەروەر سەردار عەزیز خۆشناو ...هتد.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی بیست و دوو ساڵ بەسەر چاپی یەکەمیدا، لەسەر داوای هەندێك کەس و پێشنیازی برای بەڕێزم ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی، هەستام بە دووبارە چاپکردنەوەی لە ژێر ناوی (عەبۆ زەبۆکی لای خۆمان) واتە بە گۆڕینی وشەی (سەعید) کە لە چاپی یەکەمدا هاتووە، تاکو هیچ کەسێك پاڵەوانی ڕۆمانەکە بەخۆی نەشوبهێنێ. ئەمەو لە کۆتایی کتێبەکەش بڕیارەکانی دادگا و وێنەی هەندێك لەو کەسانەی کە لە ناو دادگا ئامادە بوون و داکۆکییان لێ کردم لەگەڵ وێنەی دیمەنێکی دادگاییکردنەکەم بڵاو کردۆتەوە. هیوادارم سوودێکی بۆ خوێنەران و کتێبخانەی کوردی هەبێت.

**دانەر**

**٢٠١٩/١٠/٢٥ هەولێر**

دوای بیست ساڵ وەزیفە، ئینجا باوکم توانی چەند عانەیەك پێکەوە بنێت و پارچە عەردێك لە دەرەوەی شار، کە گەڕەکی موفتی پێدەڵێن بکڕێت و بە قەرز و فەرز چوار چاوە خانووی ڕۆژهەڵاتی لێ دروست بکات. تا ئەو کاتەش ئەو ناوە هەر دەکرایە گەنم و جۆ، ماڵی ئێمە و چەند کەسانێکی کەمی لێ بوو. یەکێك لەو کەسانە ڕەفیقی چایەچی بوو، پیاوێکی ئێسك سووك و قسە خۆش و خوێن شیرین و دۆغری بوو.

چایخانەیەکی بچکۆلانەی لە ناو شار هەبوو، هەر لە تاریك و ڕۆنی بەیانییانەوە دەردەچوو، تا ڕۆژئاوابوون نەدەگەڕایەوە. شەوانیش ماڵ بە ماڵ دراوسێکانی بەسەر دەکردنەوە. زۆر حەزی لە قسەی خۆش و گاڵتە و گەپ بوو. ژیانی ئێمە لە ژیانی لادێی دەکرد، چونکی ئاو و کارەبامان نەبوو، ماڵەکانیش هەریەکەی لە پەڕگەیەکی گەڕەك بوو، لە یەکتری نزیك نەبوون. سەرجەم گەڕەکی موفتی لە ماڵی ئێمە و ڕەفیقی چایەچی و ڕەحمان سەروپێ و عەبدولڕەحمان پینە دۆز و حاجی حوسێن و عەبۆ زەبۆك پێکهاتبوو.

عەبۆ زەبۆك پیاوێکی کەڵەگەتی ورگ گەورەی چوارشانەی

بەخۆوە بوو. هەر بۆیەش بە عەبۆ زەبۆك ناوی دەرکردبوو، چونکە هەموو لەشی ئۆین بوو.

هەموو شەوێك ڕەفیقی چایەچی بەخۆی و فانۆسەوە لێمان بە ژوور دەکەوت. سەرەتای قسەکردنی بەناوی عەبۆ زەبۆك دەستی پێدەکرد. ئەوکاتە ئێمە منداڵ بووین، تازە یەکەم ساڵ بوو، چووبوومە پۆلی یەکەمی ناوەندی. لە ماڵی ئێمە ئەوەندەیان باسی ئەو عەبۆ زەبۆکەیان کردبوو، تا وای لێ هاتبوو شوێنی گشت ناوێکی لە ناو مێشکم پڕ کردبۆوە. چی خراپ بوو لێیان دەگێڕایەوە، لە فێڵ و تەڵەکەبازی و قۆڵبڕین و درۆزنی و ساختەچییاتی و لە خوا نەترسی و دەست پیسی و بێ ویژدانی و هەرچی ڕەوشتی خراپ هەیە، دەیاندایە پاڵی.

زۆرم بەلاوە سەیر بوو کە تەنیا دراوسێیەك لێی ڕازی نەبوو. هەر لە زووێکەوە دەمویست شتێکی لێ بزانم، بەڵام باوکم ئەوەندە زوو زوو هەڵی دەستاندم و زۆر بە تەکلیف بوو بۆیە جارێك نەبوو بە تەواوی سەربردەکەیم گوێ لێ بێت.

دەتوت دەورەکانیان لە نێوان خۆیان بەرامبەر عەبۆ زەبۆك دابەشکردووە، ڕەفیقی چایەچی دەوری تەنیا ناوهێنانی ئەم پیاوە بوو، هێشتان باسی نەکردبوو، ڕەحمان سەروپێ دەیقۆستەوە و چەند فڕوفێڵی کە لێی بیستبوو، وەکو بنیشتە خۆشە، هەموو شەوێك دەیجوییەوە.

حاجی حوسێنیش دوای تەواوبوونی هەموو سەربردەکانی کە هیچی نوێ نەدەما لێی باس بکەن، سەری خۆی دەلەقاند و دەیوت: شەیتان بە نەعلەت بیت، لەگەڵ ئەویش، توخوا بیبڕنەوە، با گوناهەکانی کەم نەبێتەوە. ناوی شەیتان بە خراپ ڕۆیشتووە، بەڵام ئەم مردوو نەمرە لەویشی ڕەت کردووە.

عەبۆ زەبۆك ئامادەی کۆڕی شەوانەی گەڕەك نەدەبوو، بە ڕۆژیش بە کاری خۆیەوە خەریك بوو. ئەگەر ئیشێکی زۆر گرینگ یان ئۆینێکی لە ژێر سەر نەبایە، نەدەهاتە لای خەڵکی گەڕەك. بۆیە هەر کاتێك بەرەو لای خەڵکی گەڕەکەکەمان بهاتبا، هەر لە دوورەوە بە نەفرەتیان دەکرد و دەیانوت: یا ساتر دەبێ ئەو جارەیان چی لە ژێر سەر بێت!

ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشابووم، بێ دەنگیی وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆز بوو لە ناو ئەم کۆڕانەدا. وەستا عەبدولڕەحمان پێشتر شاگردی عەبۆ زەبۆك بوو، هەر لە دەمێکەوە لە لای ئەو ئیشی پینەدۆزی و کلاش دروستکردنی دەکرد. پیاوێکی کڕ و بێ دەنگ بوو، کە لە کۆڕ دادەنیشت بەس گوێی دەگرت و هیچ قسەیەکی نەدەکرد. کە باسیش دەهاتە سەر باسی عەبۆ زەبۆك پەنجەی خۆی دەگەستەوە و سەری خۆی دەلەقاند و دەیوت: من سووچی خۆم بوو، دەبایە هەر لە ئیشەکانی بمناسیبا!

ڕەفیقی چایەچیش لە قاقای پێکەنینی دەدا و دەیوت: خوا خێرت بنووسێت، ئەگەر تۆ نەبایت لە دەست ئەم کەڵەکچییە حاڵمان لە تۆ باشتر نەدەبوو، هەموومانیشی هەڕاج دەکرد.

وای لێهاتبوو وەکو قەوان هەموو شەوێك هەمان تاس و حەمام دووبارە دەبۆوە.

ئێوارەیەك، خەڵکی گەڕەکەکەمان لەناو باخچەی ئێمە کۆبوونەوە و باسی ئەم دونیایەیان دەکرد، عەبۆ زەبۆك بەژوور کەوت و پارچە کاغەزێکی سپی و ئەستەمپەیەکی مۆرکردنی بە دەستەوە بوو، هەر لە دوورەوە بە پێکەنین وتی: چیتان دەوێ وا پارەی موختاریشتان لە کۆڵ دەکەمەوە.

هەموویان واقیان وڕما، ڕوویان لە یەك کرد و بە سەرسامییەوە

وتیان: ئەمەش ئۆینێکی ترە!
کاغەزەکەی لەسەر مێز دانا و پێش هەموو شتێك هاتە سەر باسی موختار و پەیوەندی بە خەڵکەوە و سوودەکانی بۆ خەڵکی گەڕەك. تا ئەوکاتە نەمدەزانی پێناسەی موختار چییە. دەتوت تووتییە هەر لە پێناسەی موختارەوە تا دەگاتە بچووکترین وەزیفەی موختاری لەو کۆڕەدا شەرحی کرد. دوای ئەوە هاتە سەر لایەنی داراییەوە وتی: میللەت هەژارە و پێویستی بە یارمەتی هەیە، ئەو موختارانە زۆر بێ ویژدانن، بۆ هەر کارێك بچیتە لایان مۆرێکت بۆ ناکەن، تا نیو دیناریان پێشەکی نەدەیتێ. ئاخر ناڵێن بەم نیو دینارە مرۆڤ ڕۆژێك دەژیێت.
زیاتر هاتە پێشەوە و ڕووی لە ڕەفیقی چایەچی کرد و وتی: وانییە کاك ڕەفیق؟ کێ بێت لە ئێمە ئیشی بە موختار نەکەوێت، بۆ ناونووسکردن یان دامەزراندنی منداڵەکانمان بگرە بۆ وەرگرتنی دەفتەری خزمەتی سەربازی و ژن هێنان و مردن نامە و دەرهێنانی وەکالەتی بازرگانی و چوونە دەرەوەی وڵات و دامەزران لە دایەرەکانی دەوڵەت و چەندین شتی تر. دەتۆ وەرە ئەم هەموو نیو دینارییانە کۆ بکەرەوە بزانە چ سامانێکی زۆری لێ پێکدێت.
هەموویان بە یەك دەنگ وتیان: ئەشەدو بیللا ڕاست دەکات.
ڕەحمان سەروپێ وتی: هەر ئەمڕۆ من نیو دینارم داوەتە مام فەتحی موختار، بۆ جێبەجێکردنی دەفتەری خزمەتی سەربازیی کوڕەکەم. ڕەفیقی چایەچیش بە پێکەنینەوە وتی: ئەی بۆ من ناڵێی یەك تاقە دیناری ڕەبەقم داوەتە ئەو لە برسان مردووە، چییە ئیجازەی دووکانم بۆ دەردێت.
باوکیشم وتی: بۆ من ناڵێن، ساڵ نییە ڕێم نەکەوێتە لای موختار و نیو دینارم لێ وەرنەگرێ.

عەبۆیە ڕێوی بەم لایەنگیرییە کەیف خۆش بوو، لە خۆشییاندا هەر ئەوەبوو باڵی نەدەگرت و نەدەفڕی، بە پێکەنینەوە وتی: چی دەڵێن من ئەم نیو دینارەتان لە کۆڵ بکەمەوە و هەتا هەتایەش نە خۆتان و نە منداڵەکانیشتان فلسێکی سوور نەدەنە موختار و هەموو کارێکیشتان وەکو تەڵە تەواو بێت؟

هەموو بە یەك دەنگ وتیان: کێ هەیە ئەمەی بەلاوە ناخۆش بێت.

ڕەفیقی چایەچی سەری خستە ژێر گوێی باوکم و چرپەیەکی کرد، ئەویش بە دەوری خۆی چرپەیەکی لە ژێر گوێی ڕەحمان سەروپێ کرد.

وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆزیش تەماشای کردن و هیچ قسەیەکی نەکرد، بەس پێکەنی.

عەبۆ زەبۆك ئەستەمپەکەی هێنایە پێشەوە و لە بەر چاوی ئەوان پەنجەی خۆی پێدا هێنا و مۆرێکی گەورەی لە سەر کاغەزەکە کردو وتی: هیچ مەترسێن، شکی گومانی خراپ مەکەن، وا من مۆرم کرد ئێوەش ناوی خوای لێ بێنن و مۆری بکەن، هەر هەفتەیەکی تره و دەبمە موختاری گەڕەك و هەموو شتێکتان بە خۆڕایی مەیسەر دەبێ. پێویست ناکات ئێوە چیتر بە دوای موختاردا بگەڕێن، من خۆم هەموو ئێوارەیەك سەر بە ماڵی هەمووتان دادەگرم و هەر کارێکتان هەبێ بۆتان دەکەم. ئەگەر سەفەریش بکەم پێشتر مۆرەکە دەدەمە دەست یەکێك لە ئێوە.

وا پێدەچوو، هەموویان لە عەبۆ چاوترسای بووبن، بۆیە کەسیان جورئەتی ئەوەی نەدەکرد پەنجەی پێوەنێ.

ڕەفیقی چایەچی بە گاڵتە وتی: دەترسم سەعید حیزبێکمان لێ

دروست بکات و سەرمان بکات بە ژێر قنارەوە.
ڕەحمان سەروپێش وتی: خۆ شتێکی زەحمەت نییە با یەکێک بۆمان بخوێنێتەوە و بزانین چی تیا نووسراوە، ئەوجا پەنجەی پێوە دەنێین. لە من زیاتر کەسی خوێندەوار لە ماڵەوە نەبوو. بانگیان کردم و لیستەکەیان دایە دەستم، منیش ورد و درشت بۆم خوێندنەوە. نیوەی کاغەزەکەی بە قسەی قەڵەو و درۆو دەلەسە پڕ کردبۆوە، دوای ئەویش کۆمەڵێك ناوی لە دوای یەك ڕیز کردبوون گوایا دانیشتووی گەڕەکی موفتین، لە هەقیقەتدا فریان بەسەر گەڕەکەکەی ئێمەوە نەبوو.
ڕەفیقی چایەچی ڕووی لە دانیشتووان کرد و بە پێکەنینەوە وتی: من هیچ سەرم لە کاری ئەم عەبۆیە دەرناچێت، سەرێکی هەیە و سەد سەودا. دەترسم بۆ ڕدێن بچین و سمێڵیشی لەسەر دابنێین!
ڕەحمان سەروپێ بە پێکەنینەوە وتی: ئێمە قەت لەم عەبۆیە تەمبێ خواردی نابین، ئەها!! ئەگەر ڕدێنی لە گوو وەرنەداین!
باوکیشم ڕووی لە وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆز کردو وتی: وەستا عەبدولڕەحمان تۆ دەڵێی چی؟
وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆز هەروەکو جاران پەنجەی خستەوە ناو دەمی و وتی: من پەنجەی خۆم گەستۆتەوە، ئەگەر ئەم عەبۆیە پەیامیشی لە خواوە بۆ بێتە خوار، نە بە قسەی دەکەم و نە تخوونیشی دەکەوم. هێشتان برینی کۆنم سارێژ نەبووە، جا نۆرەی برینێکی ترە.
ڕەفیقی چایەچی ڕووی لە وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆز کرد و بە گاڵتە پێی وت: توخوا ئەگەر بۆمان نەگێڕیتەوە چۆن عەبۆ فێڵی لێ کردیت؟
وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆز سەری خۆی لەقاند و وتی: شەیتان

بە نەعلەت بێت، ڕجای خواتان لێ دەکەم ڕەفیق بەسی کە و بیبڕێنەوە با چیتر برینم نەکولێتەوە.
عەبۆ ڕێوی لە قسەکانی ڕەفیقی چایەچی قەڵس بوو، بە تووڕەیی هەستا، ویستی بچێتە دەرەوە، وتی: مردیت مریێ، وەکی بنیشتە خۆشە ئەم قسەیەت هەر لەسەر زارە، بوو بە حیکایەتی عەنتەر هەر نەبڕایەوە، کابرا دەنگ ناکات، تۆ چیتە؟!
ڕەحمان سەروپێ و باوکیشم خۆیان دایە پاڵ ڕەفیقی چایەچی و بەوە سوێند و بەوە تکا، ئاخیری وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆزیان هێنا قسە و کۆنە کای چەند ساڵەیان پێی بە با کرد. منیش گوێم قوڵاخ کردبوو، زۆر تامەزرۆی سەربردەی ئەم عەبۆیە بووم.
وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆز ڕووی لە دانیشتووان کرد و وتی: بۆچی دەمم دەکەنەوە، ئەی بەخۆتان لە من باشتر ئاگادار نەبوون کە چۆن لە خشتەی بردم و بە پارە و پوولی من خانووەکەی خۆی تەواو کرد. منی بە دووکان بەستبۆوە و بە ناوی پیاوەتی گوایە هەر لەگەڵ دەستی خۆی خانووەکەی منیش سەرپەرشتی دەکات و ئاودان و هێنانی کرێکار و کڕینی کەرەستەکەشیم لە کۆڵ دەکاتەوە. من بە چی بزانم ئەم حەرام خۆرە لە خوا ناترسێ و خانووەکەی خۆشی بە کەرەستەی من بەرز دەکاتەوە و ڕۆژانەی کرێکارەکانیشی لەسەر من حیساب دەکات. من هیچ گلەیی لەو ناکەم، خەتای خۆم بوو، ئەگینا کێ هەیە تاکو خانووەکەی تەواو دەبێت سەرێکی لێ نەدات؟ کەسیشم نەدۆزییەوە ئەو نەبێت، خانووم لە تەنیشتی دروست کرد!
ڕەفیقی چایەچی بە پێکەنینەوە وتی: ئەدی ئێستا بۆچی هەر لە تەنیشتی ماویتەوە و خانووەکەت نافرۆشیت؟ دیارە ناترسێیت پەندێکی ترت پێ بکات.

وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆزیش سەری خۆی لەقاند و وتی: ئەگەر لە دەستم دەهات، هەر لەو کاتەی کە زانیم خیانەتی لێ کردوومە، لە دراوسێیەتی ئەو دوور دەکەوتمەوە. بەڵام ئاخ دەستی ئێوەم شکاوە، ئەو دەمە شڕەی ئێوە هەموو شتێکی لێ تێکداوم، سەربردەی ئەم پیاوەتان کردۆتە حیکایەتی مەلای مەشهور، کەس نەماوە لەم شارەدا بە فڕوفێڵ و کەڵەکاتی عەبۆی نەزانیبێ، بۆیە هەر کڕیارێك کە دەیهێنمە سەر خانووەکەم، لەبەر عەبۆ عانەیەکی قەڵپی پێ نادات.

عەبۆ زەبۆك لێی هاتە پێشەوە و ئەم لاو ئەو لای ڕوومەتی ماچ کرد و دەستی خستە سەر شانی وتی: گوێ لە قسەی ئەوانە مەگرە، هەر ئەوان بوون بەینی من و تۆیان تێکدا، ئەگینا فەرقی من و تۆ چیە، هەردووکمان برای دینێکین، خۆماڵمان لەگەڵ یەك بەش نەکردووە.

دەستی خستە سەر سمێڵەکانی و وتی: بە شەڕەفم، بە ناموسم، ئەم مووە لە پیاوان نەهاتبێ ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان کیسە جیاییم لەگەڵ تۆ کردبێت. ئەگەر برای خۆم دراوسێم بوایە، هەر ئەوەندە کەیفم پێی دەهات. بەپێی فەرموودەی پێغەمبەریش میراتی دراوسێ بۆ دراوسێ دەبێ، ئەگەر کەسی نەبوو. من لە تۆ زیاتر کێ شك دەبەم، بە ناشوکری ناڵێم برام هەیە، مامم، کەسوکارم هەیە، ئێستاش ئەوەی چوو چوو، با هیچی تر لە دوو چووان نەچین.

وەرەقەکەی هێنا بەردەم وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆز و بە پێکەنینەوە پێی وت: شەیتان بە نەعلەت کە و پەنجەیەکی پێوەنێ. دە وەڵڵا مادام وەی لێهات، تۆ دەکەمە جێگری خۆم و گەردەنیشت ئازاد بێت، ئەگەر من لێرە نەبووم، هەر لە

فلێسەکەوە هەتا هەزار دینار بۆ خۆت بێت و وەکو ئاوی حەیات لێت حەڵاڵ بێت.
وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆز بە تووڕەیی وەرەقەکەی فڕێدایە ئەم لاو وتی: بەس ئەم کڵاوە مابوو لە سەرم نێی!
ڕەفیقی چایەچی ڕووی لەوان کرد و وتی: بۆ دڵی خۆمانی لێ پیس بکەین، ئەوە نەبوو کاغەزەکە خوێندرایەوە.
ڕەحمان سەروپێ ڕووی لە ڕەفیق کرد و وتی: ئێوە خەریکی قسە بوون، نیوەی لاپەڕەکەی هەر نەخوێندەوە، خۆم چاوم لێ بوو.
ڕەفیقی چایەچی ڕووی تێکردم و وتی: جارێکی تریش کاغەزەکە بخوێنەوە، با هەموویان گوێیان لێ بێت، بەس نەکەی هیچ بەجێ بهێڵی؟
ئەوەبوو ئەوجارەیان لە نووکەوە کاغەزەکەم بۆیان خوێندەوە و هیچم لێی بەجێ نەهێشت، تەنانەت ئەوەی دەشمزانی درۆیە، هەر بۆیانم خوێندەوە. کاغەزەکە بریتی بوو لە سکاڵایەك ناونیشانی ئەوانی تیا ڕیز کردبوون گوایە ئەوانە دانیشتووی گەڕەکی موفتین و داوا دەکەن گەڕەکەکەیان پەیوەندی بە گەڕەکی ئیسکان و جمهورییەوە بپچڕێت و عەبۆ بکەنە موختاری گەڕەك. کۆمەڵێك ڕەوشتی باش و زیرەکی و ڕاستگۆیی و پاکیی ئەم زاتەشیان لە ناو سکاڵاکە ڕیز کردبوو. ئەوەندە پێکەنینم بەم قسانە دەهات، لە تاوان هەموو لێوی خۆم کرۆشتەوە. شتی وای تێدا نووسیبوو، سەر بە هەش پێکەنینی پێدەهات. ناوە ناوەش وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆزم بیر دەکەوتەوە، بۆیە هەتا تەواوم کرد هیچ ئاوڕم لەلای ئەو نەداوە. لە ژێرەوەی هەموو ناوەکانیش ناوی هەر پێنج دانیشتووی گەڕەکەکەمانی نووسیبوو.
ڕەفیقی چایەچی لە قاقای پێکەنینی دا و وتی: جەماعەت خۆ من

خوێندەواریش نیمە، بەڵام خۆ ئێوەش گوێتان لێ بوو، ئەم هەموو ناوانەی عەبۆ لەناو ئەم سکاڵایەدا ڕیزی کردوون، کوا خەڵکی گەڕەکن؟!

ڕەحمان سەروپێ وتی: مەگەر عەبۆ بزانێت، ئێمە هەر هەموومان شەش ماڵین، ئەم مردوو نەمرە زیاتر لە سەد ناوی ڕیزکردووە، نازانم مەبەستی چییە؟

عەبۆ لە قاقای پێکەنینی دا وتی: دیارە هێشتان منتان نەناسیوە، ئەگەر ئەوها نەبێ، چۆن دەمکەنە موختاری گەڕەك!

ئەم عەبۆ زەبۆکە زمانی ئەوەندە لووسە، شەیتانت بۆ لە خشتە دەبات. بە هەرحاڵ هەموویانی ڕازی کرد و مۆری پەنجەی هەموویانی وەرگرت. تەنیا وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆز نەبێت، مۆرەکەی نەکرد وتی: سوێندە و خواردوومە، بۆ بەهەشتیش لەگەڵ ئەم عەبۆیە ناچم!

## عەبۆ زەبۆک دەبێتە موختار

هەمووی چەند ڕۆژێکی نەبرد، لەسەر دەرگای حەوشەکەیان بە خەتێکی درشت نووسرابوو (ماڵی موختاری گەڕەکی موفتی عەبۆ).

هەر لەو ڕۆژەوە کە بووە موختاری گەڕەك بەلای ئەو ماڵانەشدا نەهات. شەوێك ڕەفیقی چایەچی لەگەڵ خەڵکی گەڕەکەکەمان، لە ماڵی ئێمە کۆبوونەوەیەکیان ساز کرد، تەگبیریان بۆ بەسەرکردنەوەی عەبۆ زەبۆك کرد و بە پێنج قۆڵییەوە ڕوویان لە ماڵەکەی کرد.

دوای لە دەرگادان چوونە ژوورەوە، لە دیوەخانەکە دانیشتن، چایەیان بۆ هات و خواردیانەوە، تەماشای عەبۆیان دەکرد و لە یەکتر ڕادەمان. عەبۆ چاویلکەیەکی سپی تەندروستی لە چاو کردبوو، کۆمەڵێك وەرەقەی سپی و فایلی ڕەنگاو ڕەنگی لە بەردەم خۆی دانابوو، خەریکی پڕکردنەوەی کاغەزەکان بوو. ڕەفیقی چایەچی ڕووی لە عەبۆ کرد و وتی: کاك عەبۆ ئاوڕێکیش لەلای ئێمە بدەوە، بزانە بۆچی هاتووین؟

عەبۆ هیچ خۆی تێك نەدا، بە تیلی چاوەکانی، لە ژێر چاویلکەکەی

سەیرێکی ڕەفیقی کرد و وتی: خێر بوو؟ بۆچی هاتوون؟
ڕەحمان سەروپێش وتی: ئەی نازانی بۆ پیرۆزباییت هاتووین، بە بۆنەی ئەوەی جەنابتان بوون بە موختاری گەڕەکەکەمان.
عەبۆ پێکەنی و وتی: سوپاستان دەکەم، بەخێربێن.
ئەوانیش مقۆ مقۆیان بوو، بە چرپە لەگەڵ یەکتری دەدوان.
ڕەفیقی چایەچی زۆر بێ شەرم و دەم شڕ و قسە لەڕوو بوو، ڕووی لە عەبۆ کرد و وتی: ئەوە هەر لە ئێستاوە پشتمان تێدەکەی، ئەدی دەبێ دواییەکەی چۆن بێ؟!
عەبۆ زەبۆك کاغەزەکانی خستە لاوە و لێیان نزیك کەوتەوە، بە زمانێکی لووسەوە وتی: ئەستەغفیروڵڵا، ئێوە برا گەورەی منن، هەر لەو ڕۆژەی بوومەتە موختاری گەڕەك شەوو ڕۆژ بێنم نییە، هەر خەریکی ڕێکخستنی کاروباری گەڕەکم، خۆ بە چاوی خۆتان دەبینن، فایلم بۆ هەمووتان کردۆتەوە، شانەکانی هەڵتەکاند و بە ئحم ئحمەوە وتی: تا ئێستا بایەخ بەم گەڕەکەی ئێمە نەدراوە، هەر بۆیەش نە ئاو و نە کارەبای بۆ نەهاتووە و زستانانیش پیاو دەکەوێتە ناو چۆکێك قوڕ و چڵپاو، بەڵام خوا یاربێت هەر لە بەیانی زووتر نییە، ئەم کارانە گشتی مەیسەر دەکەم.
بەم قسە قەڵەوانە هەموویانی تەریق کردنەوە، تەماشایەکی یەکترییان کرد و وتیان: ئەشەدوبیللا خراپی تێگەیشتبووین، دیارە دەیەوێ گەڕەکەکەمان بکاتە گەڕەکی بە ڕاستی.
ئەو شەوەیان بە گفتوگۆکردنی پڕۆژەکانی عەبۆیە ڕێوی بەسەربرد.

## عەبۆ زەبۆک دارتێلی کارەبا بۆ گەڕەک دێنێ

هەمووی چەند ڕۆژێکی نەبرد، چەند ڕۆژێکی نەبرد، دایەرەی کارەبا دارتێلی کارەبای لە سەرتاپای گەڕەکەکەمان فڕێ دا و ناوە ناوە بە درێژایی شەقامەکان کرێکار بە خاکەناس و قازمەوە خەریکی کۆڵینی شۆستەکان بوون.
دیسان وەکو جاران خەڵکی گەڕەك کۆبوونەوە و کەوتنە ستایشی عەبۆ زەبۆك، هەریەکەی بە جۆرێك بە شان و باڵی ئەویان هەڵدەدا، گوایە وردە وردە قسەکان و بەڵێن و پرۆژەکانی خەریکە بێنە دی. بەڵام وەستا عەبدولڕەحمان پینەدۆز هەر سەری خۆی دەلەقاند و دەیوت: ئەم ماستە موویێکی تیایە، عەبۆ ئەو کەسە نییە دەست لە کاری خۆی هەڵگرێ و بە دوای ئیش و کاری گەڕەك بکەوێت. وەها خاو نەپێچراوەتەوە، لە دوای کەری تۆپیو دەگەڕێ تا ناڵەکەی لێ بکاتەوە. جا چۆن خێری لێ دەبیندرێتن کەی تۆز لە قوڕدا بڵند دەبێ؟! ئەوە بۆ هەفتەیەك دەچێ وازی لە دووکانەکەی خۆی هێناوە و کەس نازانێ بە دوای چیدا دەگەڕێ.

ڕەفیقی چایەچیش وتی: لەلای خوا دوور نییە چاك بووبێتەوە و گۆڕابێت. بۆ نا، هەزار گوناه و یەك تۆبە.
حاجی حوسێن بە دەنگێکی بەرز وتی: شەیتان بە نەعلەت بێت، ئەم ئیبلیسە و تۆبەیان نەوتووە.
ئەوان لەم قسانەدا بوون، عەبۆ زەبۆك هاتە لایان و لیستێکی گەورەی خستە بەردەمیان و وتی: ئیشێکی چۆنم کردووە؟
هەموو بە یەك دەنگ وتیان: تازە باسمان دەکردی، ئەشەدوبیللا ئەمەیان ئیشی تەواوە. ئەگەر مانگ هەڵبێ، حەوجە بە ئەنگوست نییە .
قەڵەمەکەی لە سەر باخەڵی دەرهێنا، دایە دەستم و وتی: کوڕی خۆم یەکی دە دیناریان لێ بستێنە و لە بەرامبەر ناوەکانیان ئیشارەتی پێبکە؟
کە گوێیان لەمە بوو، حەپەسان، بە سەر سوڕمانەوە وتیان: ئەم دە دینارە چییە عەبۆ؟!
وتی: ئەی نابینن لە سەر ئەرکی خۆم، کرێکارم بۆ چەقاندنی دارتێلەکان گرتووە؟
هەندێك خۆیان هێناوبرد، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، ئەمری خوا ڕەزای هەق. بە دە دینار لە دەست بێ کارەبایی ڕزگارییان دەبێت، خراپ نییە. دەستیان بردەوە باخەڵی خۆیان و یەکی دە دیناریێکی مۆریان وێر کرد.
چەند ڕۆژێك بەسەرچوو، کەس بە لای دار تێلەکاندا نەهات و قۆرتەکانیش هەر وا مانەوە و منداڵان یارییان لە ناو دەکرد.
ڕۆژێك باوکم هەر لە سەر ڕێگای خۆیەوە سەری بە دایەرەی کارەبا داگرتبوو، خۆی گەیاندبووە لای جەنابی بەڕێوەبەر و پێی وتبوو: قۆرتەکانتان بە ئێمە لێدا و بەم سەری مانگە بێ پارە

و پوولتان هێشتینەوە، کەچی دارتێلەکان هەر لە جێی خۆیان کەوتوون و کەس نەهات بە لایانەوە.
بەڕێوەبەر لە قسەکانی باوکم سەری دەسوڕمێ و دەڵێ: چۆن شتی وا بووە، من بە دەستی خۆم پارەم لە میزانییەی دایەرەکەمان بۆ کرێکارەکان سەرف کردووە.
هەر ئەو ڕۆژە باوکم بە تووڕەیی هاتەوە ماڵێ، لە ڕقان چاوی عەردی نەدەدیت، پتت لێ بدابا شەقی دەبرد. لەو سەری ژوورەکە بە خێرایی دەچووە ئەو سەری تری و بە قینەوە لێوەکانی خۆی دەکرۆشتەوە و لە بەردەم خۆیدا دەیوت: ئەم سەگبابە چاوی بە هیچ تێر نابێ، ئەوەتا کرێکاری لە سەر حسێبی دایەرەی کارەبا گرتووە و پارەکەش بە ئێمە دەدا.
بە دەم قسەکردنەوە چووە دەرێ و وتی: هەر ئێستا تێر شەقی دەکەم، ئێمە ئەم قورمساغەمان کردۆتە موختاری گەڕەك هەتا یارمەتیمان بدات، نەك ئەو پارە و پوولەی هەشمانە، بە فڕوفێڵ لە باخەڵمان دەربێنێ. ئەم قسانە لە لای عەبۆ زەبۆك بای دێ، خۆی لە هەزار ئاو داوە و قاچی تەڕ نەبووە!
هەمووی سەعاتێکی نەبرد، باوکم لەگەڵ عەبۆ زەبۆك بە یەکەوە بە پێکەنین هاتنە ژوورەوە و لە سەرەوەی ژوورەکە داینا. دوای ئەویش ڕەحمان سەروپێ و حاجی حوسێن و ڕەفیقی چایەچیش هاتنە ژوورەوە.
بێ ئەوەی عەبۆ داوای پارەیان لێ بکات، دەستیان بۆ باخەڵی خۆیان بردەوە و یەکی هەشت دیناری کەشیان دەرهێنا و لە دەستی عەبۆیان کرد.
کەر لە کوێ کەوتییە و کوندە لە کوێ دڕاوە!! کە باوکم چووە دەرەوە دڵم لەسەر سەدو بیست لێی دەدا، چاوەڕێی ئەوە بووم

دەنگ لە کۆڵان بەرز بێتەوە و عەبۆ و باوکم تێك بئاڵێن و پارەی خۆی و خەڵکی گەڕەکی پێ قا بکاتەوە. کەچی ئەوجارە، بە دەستی خۆی ڕایکێشا ژوورەوە و خۆیان بۆی تالآن کرد. باوکم بۆ ڕدێن چوو، سمێڵیشی لە سەر دانا.

دیسان وەکو جاری پێشوو یەکە یەکە کەوتنە ستایشی و دەیانوت: ئەگەر تۆ نەبیت ئاوەکەمان نابێت. ئەویش خۆی گران کردبوو، دەیوت: چۆن کارەبایەکەم بۆ هێنان، ئەوهاش ئاوەکەتان بۆ دێنم.

## ئاو بۆ گەڕەک دێنێ

دوای ئەوەی خەڵکی گەڕەك یەکی هەشت دیناری تریشیان دایە عەبۆ زەبۆك، بۆ کرێی قۆرت لێدان و هێنانی ئاوەکە بۆ گەڕەك. هەموو ڕۆژێك چاوەڕوان بوون، پێیەکیان لە ماڵەوە بوو، پێیەکەی تریان لە لای عەبۆ بوو. لە هێنانی ئاوەکەیان دەپرسی. ئەوجارەش وەکو جاری پێشوو بە بێ ئەوەی بزانن چی تیا نووسراوە، مەزبەتەکەیان بۆی مۆر کرد.

لە مەسەلەی کارەبایەکە باوکم دەرسی وەرگرتبوو، متمانەی بە عەبۆ نەمابوو، کە ئیشەکە بە تەواوی و بێ فڕوفێڵ دەکات، بۆیە هەر زوو خۆی گەیاندە دایەرەی ئاو و لە سۆراخی مەزبەتەکەی پرسییەوە و مەسەلەی هەشت دینارەکەشی لە لێپرساوی ئاو پرسیبوو. قەت عەبۆ نەبووە قسەی ڕاست دەربچێت، لێپرساوی ئاو بە باوکمی وتبوو (لە سەر قسەی ئێمە ئەو هەشت دینارەی لە ئێوە وەرگرتووە، چونکی پارەمان نییە کرێکارتان بۆ بگرین، ئێوەش لەناو مەزبەتەکەتان ئامادەیی خۆتان پیشان دابوو).

دوای چەند ڕۆژێك دەستکرا بە عارد هەڵکۆڵین و بۆڕییان بەناویدا بڵاو کردەوە.

خەڵکی گەڕەك كەیف ساز بوون، ئەو ڕۆژە ناو هەر ناوی عەبۆ بوو. کێ موختاری وای لە گەڕەکەکەیدا هەیە ئێمە نەبێت؟ ئەگەر ئەو نەبوایە دەبووا ئێستاش هەر یالێلی بلێین!!
عاردەکەیان هەتا بەر ماڵی عەبۆ هەڵکۆڵی و بۆڕییان تیا بڵاوکردەوە. لەوێوەش ڕیزە بەلووعەیەکیان تێی خست و لێی گەڕان.
خەڵکی گەڕەك سەرسام بوون، دەتوت ماڵی عەبۆ بۆتە مزگەوت، بەس ڕیزە ئاودەستخانەیەکی نوقستان بوو.
ئەمەش ئۆینێکی تری ئەم قورمساغە، دیسان باوکم یاغر یاغر ڕۆیشتەوە دایەرەی ئاو و لەم بارەیەوە لێیانی پرسی. پێیان وتبوو (ئێوە خۆتان واتان داوا کردووە و سووچی ئێمەی تیا نییە)، بۆ زیاتر دڵنیاییش مەزبەتەکەیان پیشان دابوو.
هەرچەندەئەم عەبۆیە کابرایەکی ساختەچی وەك خۆی نەبوو، لە قۆڵبڕی و تەڵەکەبازی و درۆزنیدا هاوتای نەبوو، بەڵام خۆ توانی لە ماوەیەکی زۆر کەم گەڕەکەکەمان ئاوەدان بکاتەوە و ئاو و کارەبا و شەقامی قیرتاوی بۆ ڕابهێنێت.
بۆیە زۆرکەس لەجیاتی گەڕەکی موفتی دەیانوت (عەبۆئاوا)!!
عەبۆ زەبۆك کە زانی گەڕەکەکە بەرەو زۆری دەڕوات و هەتا دێت دانیشتووانی زیاد دەبێت و ئیش و کاریشیان لەبن نایەت، بۆیە لە بەڵێنەکەی پەشیمان بۆوە و دەستوورێکی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی و وەرگرتنی پارە لە خەڵکی گەڕەك دانا. لیستێکی لە دیوەخانەکەی هەڵواسی و تیایدا نرخی بۆ هەر جۆرە کارێك دانابوو، بەپێی جۆری کارەکە و گرنگی و بێ بایەخی. پارەیەکی یەکجار زۆری لەو کەسانە وەردەگرت کە داوای ئیجازەی هێنان و ناردنە دەرەوەی کەلوپەل و کڕین و فرۆتنی قوماش و وەکالەتی

فرۆتنی بیبسی کۆلا و سیڤن ئەپ و توراوبییان دەکرد. ئەو کەسەی ژنیشی بهێنابایە دەبوایە قوتوویەك چوكلێتی لەگەڵ دوو دینار بۆ بباتە ماڵەوە، ئەوجا مۆری بۆ لێدەدا. تەنیا ئەو مەعامەلەی کە نرخەکەی نەگۆڕابوو و وەکو خۆی مابۆوە، دەرهێنانی شەهادەی مردن و لەدایکبوون بوو.

هەزار خۆزگە بە کفن دزا! خۆ موختاری کۆن بتتاسیبا و نەتتاسیبا هەرچی ئیشێکت هەبوایە هەر نیو دینارەکەی لێ وەردەگرتی.

خەڵکی گەڕەك ڕق و کینەیان گەیشتە سەر لێوان و وەکو بورکان بە ڕوویدا تەقینەوە و دەنگی ناڕەزاییان دژی بەرز کردەوە و لێی نەگەڕان هەتا لە موختارەتییان خست.

## چۆن من و عەبۆ عەردمان بەیەکەوە کڕی

کە گەورە بووم و ژنم هێنا، زۆر حەزم دەکرد لە ژیانی عەبۆ زەبۆك بگەم و لە نزیکەوە بیناسم. دوای لێکەوتنی لە موختاریێتی، خووی خۆی دایە خانوو دروستکردن، هەر خەریکی خانووکردن بوو بۆ فرۆشتنەوە. زۆربەی عەردە بەتاڵەکانی گەڕەکەکەمانی کڕییەوە و کردنی بە خانوو و بە پارەیەکی باش فرۆشتنییەوە. مرۆڤ هەتا خانوویێك دەکات بڕبڕەی پشتی لەگەڵ دەچەمێتەوە، کەچی لە لای ئەو وەکو ئاو خواردنەوە بوو، بەلای کەمی ساڵی دوو تا سێ خانووی تەواو دەکرد و بە قازانج دەیفرۆشتەوە.

ئەوەندەی خانوو لە گەڕەکی موفتی دروست کردبوو، هەتا وای لێهات ناوە ئەسڵییەکەی بزرکرد و بە عەبۆئاوا ناوبانگی دەرکرد. لەبەر عەبۆ عەردی بەتاڵ بەبەر دەستی کەس نەدەکەوت، وەکو خدری زیندە لە سەر هەموو عەردێکی بەتاڵ حازر دەبوو. بۆ سەر هەر عەردێکی بەتاڵ بچووبای، دەیانوت هی عەبۆیە و ئەو کڕیویەتی. زۆر جاران بە خاوەنەکەیان باوەڕ نەدەکرد و دەیانوت عەردی عەبۆیە. قوڕ بە سەری ئەو کەسەی عەردی لە گەڕەکی موفتی هەبوایە و لە بەر بێچارەیی بیویستبا بیفرۆشێتەوە!! خۆ بۆی مردار دەکردەوە و

هەتا ئەو نەیکڕیبا کەس خاوەنەکەی نەدەدۆزییەوە. هەر هیچ نەبا ڕۆژی یەك دوو جاران بە سەری دەکردەوە و بە پانی و درێژییەکەی دەهات و دەچوو و بە فووتە و قایش فووت دەیپێوا، گوایە هی خۆیەتی و دەیەوێ بیکاتە خانوو. ئەم خەڵکەش ئەوەندە دڵساف و ساویلکە و بێ غەل و غەش و خۆش باوەڕن بە هەموو شتێك باوەڕ دەکەن. منیش لەبەر دوو شت دەمەویست لە گەڕەکی موفتی خانوو بکەم، لەبەر نزیکیی ماڵی باوکم و زیاتر ناسینی عەبۆ زەبۆك.
ماوەیەکی زۆر گەڕام و سووڕام، هیچ عەردم بە دەست نەکەوتن کە بیکڕم. هەر عەردێکم دەدیتەوە دەیانوت هی عەبۆ زەبۆکە. هەرچەندی بیرم لێی دەکردەوە، نەدەچووە ئەقڵم ئەم عەبۆیە پارەی کڕینی ئەو هەموو عەردانەی هەبووبێت. بۆیە زیاتر لە جاران ئۆمێدم پەیدا دەکرد و بە سەر هەموویاندا دەسووڕامەوە.
چەند جارێك بە عەبۆم وت ئەگەر عەردێکی بەتاڵ لە گەڕەکەکەی خۆمان شك ببات، پێم بڵێ هەتا بە تەنیا یان بە یەکەوە بیکڕین و بیکەینە خانوو. بەڵام هەموو جارێك دەیوت: (هیچ خۆت ماندوو مەکە، لێرە مەگەڕێ، لێرە هیچ عەردێك بۆ فرۆشتن نەماوە، ئەگەر هەبوایە، لەمێژبوو من دەمکڕی).
مەگەر بڵێ خوا بە حەقە، پێی بڕوا بکەم، دەنا هیچ. ساڵێك بوو، بە دەورەی پارچە عەردێکی پشت ماڵی باوکم دەخولاوە، ڕۆژی دەستەیەك خەڵکی گەڕەکی دەهێنا سەر و مشاوەرەی دەکردن کە چ جۆرە نەخشەیەکی بۆ باشە. لە هەموو خەڵکی گەڕەك و لە منیش هەر وا بوو، کە ئەمیشی کڕیوە و دەیەوێ بیکاتە خانوو. کەچی بەم دواییە، یەکێکی تر خانووی لە سەر بەرز کردەوە، کە لێیم پرسی وتی: ساڵێك زیاتر بوو ئەم عەردەم هەڕاج کردبوو، کەس عانەیەکی پێ نەدا، ناچاربووم وازی لێ بهێنم و بۆخۆم بیکەمە

خانوو.
منیش لێم پرسی: ئەی ئەم عەردە هی عەبۆ نەبوو؟
ئاهێکی درێژی هەڵکێشا و بە خەمەوە وتی: ئەدی هەر ئەو ناڕەسەنە نەبوو کڕیارەکانی فریودا و پشتی منیشی شکاند.
بە پێکەنینەوە پێم وت: نازانی مەبەستی چی بوو؟
وتی: چۆن نازانم، چەند جارێك هاتە لام و نرخێکی زۆر کەمی پێی دا و دەیویست بە خۆڕایی لە دەستم دەربێنێ، منیش بەو نرخە پێم نەفرۆشت. نەشمزانی لێم مردار دەکاتەوە و خۆی دەکاتە خاوەنی هەتا کەس لێی نزیك نەکەوێتەوە.
ڕۆژێك دەمی نیوەڕۆ بوو، لە دایەرە دەهاتمەوە، لە نزیك ماڵی باوکم، عەبۆ زەبۆکم لە سەر پارچە عەردێك بینی، لەگەڵ پیاوێکی عەرەب ڕاوەستابوو، قسەی دەکرد. هەنگاوەکانم بچووك کردنەوە و گوێم قوڵاخ کرد، لێیان نزیك کەوتمەوە و بە بیانووی سڵاوکردن، سەرنجی قسە و ئیشارەتی دەستیانم دەدا، دیاربوو ئیشارەتی بۆ ئەو عەردە دەکرد کە لە سەری ڕاوەستابوون و دەیوت: ڕووبەرەکەی زۆر گەورەیە، بە هەموو کەس ناکڕدرێ، خەڵك هەژارە و مەتری بیست دیناریش بە دەم خۆشە.
کە دوور کەوتمەوە، ڕاوەستام و سەیرم کردن، هەتا لە یەکتری جیابوونەوە. ئەوجا قاچێکم کردە دووان و وەکو مامز خۆم گەیاندە پیاوە عەرەبەکە. ماڵی لە نزیك عەردە بەتاڵەکە بوو، چووە ژوورەوە، منیش دوای ئەو بە چاو قوچانێك گەیشتمە جێ. هەندێك خۆم خافڵاند، دوای تۆزێك لە دەرگام دا، پیاوەکە هاتە دەرەوە و وتی: چیت دەوێ؟
وتم: وەکو بزانم تۆ عەردت هەیە بۆ فرۆشتن.
وتی: بەڵێ ئەو عەردەی تۆزێك پێش ئێستا لەگەڵ عەبۆ لە سەری

وەستابووین و تۆش سڵاوت لێ کردین، هی منە و دەیفرۆشم.
وتم: من کڕیارم بە چەندی دەدەی؟
وتی: تا ئێستا هەژدە دیناری پێ داوە، نەمداوەتێ، تۆ مەتری بیست دینارم بدەرێ و موبارەکت بێ.
ساڵێك زیاتر بوو بە دوای پارچە عەردێکی ئەوهادا دەگەڕام، ئەم سەر و ئەو سەری گەڕەکەکەمانم کرد، لە سی دینار کەمتر کەس عەردی پێ نیشان نەدەدام. کە گوێم لە بیست دینار بوو، لە خۆشییان شاگەشکە بووم، هەزار دینارم لابوو، بە بێ سێ و دوو، دامە دەستی و وتم: ئەم هەزار دینارە پێشەکی و ئەوەی تریشت دوایی بۆ دێنم.
پارەکەی وەرگرت و وتی: خێری لێ ببینی.
ئەوەی ڕاستی بێت، عەردەکە شەش سەد مەتر بوو، منیش پارەی ئەوەندەم لە توانادا نەبوو، بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە خۆم بگەیەنمە لای عەبۆ زەبۆك و بیکەمە شەریکی خۆم.
چوومە لای و بە پێکەنینەوە پێم وت: زۆر لە مێژە عەوداڵی عەردێکم لەو گەڕەکەی خۆمان، بەڵام دەستم ناکەوێ، ئەی تۆ؟
وتی: کووا عەرد لێرە دەست دەکەوێ؟! ئەی نابینی منیش شەو و ڕۆژ ڕاوەستانم نییە و دەسووڕێمەوە کەچی هەتا ئێستا بستە عەردێکم نەدۆزیوەتەوە.
وتم: دەڵێی چی ئەگەر من پارچە عەردێکم لەو نزیکانە کڕیبێت و بەشی تۆشی لێ بدەم؟
چاوی زەق بۆوە و دەمی بستێك بەش بۆوە، تووکی سەری وەکو قامیش بۆ ئاسمان بەرز بۆوە، زیاتر هاتە پێشەوە و وتی: چی؟! عەردت لەو گەڕەکەی خۆمان کڕیوە؟
وتم: بەڵێ.

وتی: ڕووبەرەکەی چەندە؟
وتم: شەش سەد مەتری ڕێکە.
هەر ئەوەندەم وت، بە هەردوو چەپەڵۆك کێشای بە سەری خۆیدا و وتی: قوڕم بە سەر، ناکات عەردەکەی لە مەڕ عومەر بێت؟!
وتم: بەڵێ خۆیەتی چۆنت زانی؟
دەمی تێکئالا، نەیزانی چۆن وەڵامم بداتەوە، وتی: مەتری بە چەند حسێب کرد؟
وتم: بیست دینار.
هەردوو دەستی کێشا بە ئەژنۆی خۆیدا و بە دەنگێکی بەرزەوە وتی: تێکت دا! پارەیەکی زۆرت پێ داوە، ئەوە چەند ڕۆژە من لە بن سەری دەخوێنم کە بە هەژدە دینار لە بن دەستی دەربهێنم، بەڵام تۆ ئەم دوو دینارەت لە خۆڕایی بۆی زیاد کرد!!
وتم: من نامەوێ وەکو تۆ هەر بۆ خۆم بژیم، قەیناکات بەشی تۆشی لێ دەدەم. قسە هەزارە و دووانی بەکارە، ئێستا نیوەیت دەوێتەوە یان نا ؟
تۆزێك تێکچوو، دەستەکانی گرتم و بەرەو ژوورەوەی کشاندم و وتی: ئەی چۆن نامەوێ، زۆر سوپاسیشت دەکەم، ئەگەر ئەو عەردەم لە دەست بچێ، لە سەر ساجی عەلی دەمێنمەوە.
هەر بۆ ئێوارە بە یەکەوە چووینە لای عومەر و باقی پارەکەمان دا پێی.
لە ڕێی هاتنەوە، زۆر ستایشی خۆی کرد و وتی: خوا دەزانێ بە قەد هەموو منداڵەکانم خۆشم دەوێی، من بۆ قازانج و بەرژەوەندیی تۆ ئەم عەردەم لێ شاردیتەوە، زانیم خۆت پێ ناگیرێ و نرخەکەی بەرز دەکەیتەوە. ویستم بە هەژدە دینارەکە لە بن دەستی دەربهێنم و بتکەمە شەریکی خۆم لە نیوەی.

## ویستی فیڵم لێ بکات

ماڵمان زۆر لە ماڵی زەبۆکەوە دوور نەبوو، لە گەڕەکی باداوە بووین، کە عەردەکەمان بە یەکەوە کڕی، ڕۆژی پاشتر بەیانی زوو، هێشتان ئاسمان تاریك و ڕوون بوو، دەمێك بوو مەلای بەیانی بانگی دابوو، یەکێك لە دەرگای دا. خەوم زۆر خۆش بوو، هەندێك خۆم هێنا و برد، ویستم هەستمەوە، خەو چاوەکانی بەرنەدام و خەوتمەوە. ئەوجارەیان بە توندی لە دەرگا درایەوە و بە دەنگێکی بەرز بە ناوەکەم بانگی کردم و وتی: دەرگاکە بکەوە، خۆمانین، ئیشێکی بە پەلەم پێتە.
شەیتانم بە نەعلەت کرد، لە خەو هەستام دەموچاوم شوشت و دەرگای حەوشەم کردەوە. بینیم عەبۆ زەبۆکە. کیسەیەکی نایلۆنی پڕ لە پارەی بە دەستەوە بوو، دایە دەستم و بە هەناسە سوارییەوە وتی: ئەو سەگبابە ناڕەسەنە درۆی لەگەڵ کردین و لە فرۆشتنی عەردەکەی پەشیمان بۆتەوە. ئەوەش پارەکەی تۆ، بەڵام هیچ خەمت نەبێ ئەو عەردە نا عەردێکی تر! پارەی خۆمان دەدەین و مەلا لە مزگەوت دەردەکەین.

سەری خۆم لەقاند و پێکەنینم بە قسەکانی هات، وامزانی گوێزم بۆ دەژمێرێ. وادەزانێ نێچیرێکی نەزان و نەفامی بەر دەست کەوتووە، نازانێت من دەزانم چەند مووی بە سەرەوە هەیە و ئەو قەسپەی کە ئەو دەیخوا، ناوکەکەی لە باخەڵی مندایە. مەگەر هەر لە منداڵییەوە شارەزای فڕوفێڵەکانی نەبووبم. بۆیە یەکسەر زانیم کە ئەو ماستە گوریسێکی تێدایە. پارەکەم فڕێداوە دەستی و وتم: من عەردم لە تۆ نەکڕیوە هەتا پارەکەم بدەیتەوە، من عەردم لە عومەر کڕیوە و پارەم داوەتە دەستی ئەو، هەتا ئەو نەبینم هیچ ناڵێم.

زۆر خۆی هێناو برد، ویستی ڕازیم بکات، بەڵام بێ سوود بوو. لە خەمان خەو نەچووە چاوەکانم، لەگەڵ دەرهاتنی ڕۆژ، خۆم گۆڕی و بێ نانخواردن چوومە دەرێ و بە خێرایی خۆم گەیاندە ماڵی عومەری خاوەن عەرد و گلەیی پەشیمان بوونەوەکەیم لێی کرد.

عومەر کە گوێی لە قسەکانم بوو، سەری سوڕما، لە داخان وەخت بوو دڵی بتوورێتەوە، لە قسەکانم سەری سوڕمابوو. نەیدەزانی شادە بە قسەی کام لامان بێنێ! وتی: شەیتان بە نەعلەت بێت، تۆ چی دەڵێی و عەبۆ چی دەڵێ!

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئەمشەو عەبۆ و ژنەکەی هاتنە ماڵمان و وتیان گوایە تۆ و ژنەکەت لەسەر کڕینی عەردەکەی من لێتان بۆتە دەمەقاڵێ و ژنەکەت وتوویەتی عەردمان لەم نزیکانە ناوێ، تۆش وتووتە، قسەیەکە و کردوومە لێی پەشیمان نابمەوە و سێ بە سێ تەڵاقیشت فڕێداوە کە پارەکەت لە

من وەرنەگریتەوە. گوایە عەبۆ و ژنەکەشی وتوویان، ئێمە ناوبژیمان کردوون و لەسەر ئەوە ڕێک کەوتووین کە خۆمان بەشە عەردەکەی ئەویش هەڵبگرینەوە هەتا سوێندەکەی لێ نەکەوێت.
کە ئەمەی وت، عەجایبم پێ هات، چۆن ئەم جگ سزە شتی وای بۆ ڕێک خستوومە. سوێندم بۆی خوارد کە ئەمشەو نە عەبۆ و نە ژنەکەشیم نە دیتووە. من و ژنەکەشم هیچ دەمەقاڵێمان نەبووە و پەشیمانیش نەبوومەتەوە.
ئێمە لەم قسانەدا بووین، عەبۆ زەبۆک وەکو لە عەیبی خۆی گەیشتبێ، بە پێکەنین هاتە لامان. عومەری خاوەن عەردیش چەنگە تفێکی تێ گرت و بە دەنگێکی گەورە وتی: مەلعوون شەرم ناکەیت، ئەم درۆ و دەلەسانە بۆ ئەم بەستەزمانە ڕێکدەخەیت. بۆخۆت بمریت باشتر نییە لەو حاڵە؟ دە وەڵڵاهی ئەگەر ئەو ڕازی نەبێت بستێك عەردت پێ نافرۆشم.
لەبەرئەوەی توانای کڕینی هەموو عەردەکەم نەبوو، بۆیە بە ناچاری لەگەڵی مامەوە و ناوی خوامان لێ هێنا و دەستمان کرد بە جێبەجێکردنی بەناوکردن لە دایەرەی تۆماری زەویوزار.
عەردەکە دوو ڕووی لەسەر شەقامی گشتی بوو، بۆیە بڕیارمان دا بیکەینە چوار بەش و دوای تەواوکردنی مەعامەلەی ئیفراز هەر پارچەی لەسەر ناوی یەکێك دابنێین و چوار دایەرە خانووی خنجیلانەی لەسەر دروست بکەین.
عەبۆ زەبۆك بەشە عەردەکەی خۆی لەسەر ناوی دوو کچی خۆی دانا، منیش پارچەیەکم لەسەر ناوی خۆم دانا و پارچەکەی

تریشم لەسەر ناوی برام دانا.
هێشتان مەعامەلەکە تەواو نەبووبوو، پلانێکم بۆ دەستپێکردنی خانووەکان دانا، بە هیوای وەرگرتنی سلفەی عەقاری. چونکە دوای کڕینی ئەو پارچە عەردە هیچ پارەیەکی وام بە دەستەوە نەما کە خانووێکی پێ تەواو ببێت.

## هاتوچۆمان بۆ دایەرەی تۆماری زەویوزار

چەند ڕۆژێك مۆڵەتم لە دایەرەکەم وەرگرت و لەگەڵ عەبۆ زەبۆك کەوتمە دوای مەعامەلەکەمەوە. لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ئیشی مانگێکمان لە بەر خاتری من بە هەفتەیەك بۆ ئەنجام درا و عەردەکە کرایە چوار بەشی یەکسان.

زۆر بە پەلە بووم بۆ وەرگرتنی سلفەی عەقاری، بۆیە هەر ڕۆژێکم بەلاوە ساڵێك بوو. بە هەرحاڵ مەعامەلەی لێك جیاکردنەوەکەمان تەواو کرد، تەنیا بەناوکردنەکەی لە دایەرەی تۆماری زەویوزار مابوو، ئەویشمان نیوە شڕ کرد. لەگەڵ عەبۆ زەبۆك و دوو کچەکەی و من و براکەشم لە ژووری بەڕێوەبەر ڕاوەستابووین، چاوەڕوانی بەناوکردن بووین. مەعامەلەکە لەسەر تەواوبوون بوو، لە ناکاو هەر ئەوەندەم زانی بەڕێوەبەر هەستایە سەر پێ و هەتا هێزی لەبەردابوو، مستی کێشا بە مێزەکەی بەر دەمی و ڕووی لە عەبۆ کرد و پێی وت: عەبۆ خوا بتگرێ ئەمەشت کرد؟!دەتەوێ نان بڕاوم بکەیت. خاوەنی یەك سەر خێزانم دەتەوێ تووشی بەندیخانەم بکەیت؟

کە گوێم لە قسەکانی بەڕێوەبەر بوو، لە جێی خۆم حەپەسام،

نەمزانی مەسەلە چییە. لە دڵی خۆمدا وتم (دەبێ عەبۆ چ ئۆینێکی تری نابێتەوە و چ کڵاوێکی سەر بە گورینگی لە سەری بەڕێوەبەری تۆماری زەویوزار نابێت).

ڕووم لە بەڕێوەبەر کرد و وتم: جەناب چی خراپی کردووە؟

سەری خۆی لەقاند و وتی: کوڕم تۆ هێشتان ئەم عەبۆیە باش ناناسیت. نازانیت چماڵێکە. من کە ئەم قورمساغە دەبینم، لە ترسان تام دێتێ، بەدبەختی منیش ساڵ وەختی ساڵ بووە بە ئاشنای ئەم دایەرەیەی ئێمە و کەس نەماوە لە منداڵەکانی و خزم و کەسوکاری پارچە عەردێکی لەسەر دانەنابێت و نەیفرۆشتبێتەوە.

سەرم لە قسەکانی بەڕێوەبەری تۆماری زەویوزار دەرنەچوو، پێم وت: جەناب ئەی بۆ لە سەر ناوی خۆی دانانێ؟

بە پێکەنینەوە وتی: ئەفلاتوونە، بەوەنییە کە خەت و قەڵەمی لاوازە، هەموو یاساکانی عێراقی ئەزبەر کردووە. بۆیە وا دەکات، تاکو داهاتانە نەدات بۆیە وا دەکات. ئێستاش ئەگەر باخەڵی بنۆڕیت، لەوانەیە وێنەی پەنجا کەسی تیا بێت!

بانگی فەڕاشەکەی کرد و بە دوای جێگرەکەی و نووسەرەکەیدا نارد. کە هاتن ڕووی تێکردن و هەر لە دوورەوە بە تووڕەییەوە پێی وتن: چەند جارم پێ وتن لە ئیشوکاری ئەم ساختەچییە وریابن، چاوێکتان بکەن بە دووان و زۆر باش لێی ورد ببنەوە، ئەوجا بۆمی بنێرن؟

جێگری بەڕێوەبەر وتی: تەها فەندی باوەڕمان پێدەکەیت زۆریش وریا بووینە، لە سەرینایی ساختەی پارەکە، لێی چاو ترسا بووینە و لەجیاتی جارێك دوو جاران بە ئیشوکاری ئەودا دێینەوە. بۆ هیچ هەڵەی تێ کردووە؟!

تەها فەندی بە تووڕەییەوە وتی: هێشتان پێی دەوێ، پەروینی کچی

هێشتان هەژدە ساڵی تەواو نەکردووە، کەچی ئیشوکاری لێك جیا کردنەوەکەتان بۆی ڕواندووە، ئەگەر دابەشکردنەکەشی تەواو ببێت، قوڕی دونیامان بەسەر دەبێ و ماڵمان کاول دەبێ!!

جێگری بەڕێوەبەر ڕووی لە عەبۆ کرد و وتی: عەبۆ ئەمەشت دەزانی؟!

عەبۆ زەبۆك بە پێکەنینەوە وتی: جا کێ وتوویەتی کچەکەی من هەژدە ساڵی تەواو کردووە؟!

جێگری بەڕێوەبەر بە سەر سوڕمانەوە وتی: دیارە دانیشی پیا دەنێی کە کچەکەت هێشتان هەژدە ساڵی تەواو نەکردووە؟

عەبۆ زەبۆك بێ ئەوەی خۆی تێکبدات، وتی: ئەی کچی من نییە؟ چۆن نازانم تەمەنی چەندە؟

جێگری بەڕێوەبەر وتی: ئەی کە ئەمەت دەزانی بۆچی دەنگت نەکرد؟

عەبۆ زەبۆکیش وتی: من چۆن بزانم کە ئەمە نابێ!

جێگری بەڕێوەبەر ڕووی لە تەها فەندی کرد و پێی وت: مەگەر تەزویری کردبێت، ئەگینا چۆن شتی وا لە سەرم ڕەت دەبێت. خوا نەبێت کەس دەرەقەتی ئەم عفریتە نایەت!

بەڕێوەبەری تاپۆ هەمووی بەر لە چەند مانگێك بوو بە کەفالەت لە تەوقیف بەر ببوو. لەسەر ئەوەی مەعامەلەیەکی کڕین و فرۆشتنی بێ ئاگاداری خاوەن موڵکەکە جێبەجێ کردبوو. دوای ماوەیەك کە خاوەنەکەی دەچێتە تاپۆ داوای قۆچانەکەی دەکات، پێی ڕادەگەیەنن کە قۆچانەکەی لەسەر ناوی ئەو نەماوە و بە ناوی کەسێکی تر تۆمار کراوە. خاوەن موڵکەکەش داوای لە دژی بەڕێوەبەری تاپۆ بۆ دادگا بەرز کردبۆوە. ئەوەبوو بەڕێوەبەری تاپۆیان خستە ژوورەوە بەبێ ئەوەی لەو سەرپێچییە هیچ مەبەستی

خراپی هەبووبێت. هەڵەی بەڕێوەبەر لەوەدا بووە لە دەموچاوی ئەو کەسە ورد نەبۆتەوە کە ئیمزای لەجیاتی خاوەن موڵکەکە لەبەر دەمی کردبوو.

بە کورتی ئەوەی لەو کەیسەدا هەبوو، پیاوێکی ساختەچی وەکو عەبۆ زەبۆکی لە مەڕ خۆمان خۆی کردبووە خاوەن موڵکە ئەسڵییەکە و لەجیاتی ئەو لە هەموو شوێنێکی مەعامەلەی کڕین و فرۆشتنەکە ئیمزای کردبوو، بەبێ ئەوەی فەرمانبەران و بەڕێوەبەری تاپۆ کەسیان شك بکەن. جا لەبەر ئەوە بەڕێوەبەری تاپۆ هێشتان برینی کۆنی ساڕێژ نەبووبۆوە، کە ئەم ساختەیەی عەبۆیشی هاتە سەر هۆشی لە کەللەیدا نەما.

ئۆقرەی لەبەر بڕا، دەتوت جیوەی تێ کراوە، قوونی لەسەر کورسییەکەدا تۆتکەی نەدەگرت. وەکو سپرینگ لە جێی خۆی هەڵدەزەقییەوە و لە بەر دەمی خۆی هەر پڵتەی بوو، نەشیدەزانی چی بکات.

ئەم عەبۆ زەبۆکە، ساختەچییێکی هێندە زانایە، کڵاو لە سەری هەزار کەس دەنێت، بە بێ ئەوەی لەزمەیەکیش بدات بە دەستەوە. بەڕێوەبەری تاپۆ هەر چاوێکی کردبووە دە چاو، ورد و درشت چەند جارێك بە فایلەکەدا هاتەوە. ئارەقەی سوور و شینی بە دەر دابوو. چاوەکانی لە تووڕەییان سوور هەڵگەڕابوون. نیوچەوانی ئاگری لێ دەباری، ڕووی لە عەبۆ زەبۆك کردو وتی: سەنعاتەکە ڕەزیل بووە و وەزیفە لە نیوچەوانی دوو ساختەچی وەکو تۆ خێری پێوە نەماوە.

ڕووی لە جێگرەکەی کرد و وتی: ئەوکاتەی کە لە سەر ساختەی پیاوەکەی پێشوو هاتمە گرتن، ئەگەر خۆم خانەنشین بکردبا، ئێستاش دووچاری ئەم ساختەچییە نەدەهاتم!!

ڕووی لە ئێمە کرد و بە تووڕەییەوە وتی: بڕۆن هەتا شەش مانگی تر نەیەنەوە ئێرە.

منیش بە سەرسوڕمانەوە وتم: جەناب سووچی من چییە، ئەو ماوە دوورو درێژە چاوەڕێ بکەم؟!

وتی: بۆ لە من دەپرسی؟ لە عەبۆ بپرسە، ئێوە ئەم پارچە عەردەتان بە شەراکەت کڕیوە و دەتانەوێ بەشی بکەن و لە یەکی جیا بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ خاوەن هەموو بەشەکان تەمەنیان لە هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت، تاکو توانای تەسەڕوفی یاساییان هەبێت. جا چاوەڕێ بکە هەتا کچەکەی جەنابی عەبۆ هەژدە ساڵ تەواو دەکات.

هەر لەو ڕۆژەوە هەتا پەروینی کچی عەبۆ زەبۆک هەژدە ساڵی تەواو کرد، دەتوت چاوەڕێی دەرچوونی بیتاقەی یانەسیب دەکەم، هەموو ڕۆژێك خەتێکم بە ڕۆژژمێرەکەمدا دەهێنا.

لەو ماوەیەشدا کەرەستەی خانووبەرە ڕۆژ بە ڕۆژ نرخی بەرز دەبۆوە، سەرباری تەنگ پێ هەڵچنینم لە لایەن ئەو پیاوەی خانووەکەی پێشووی لێ کڕیبووم. هەموو ڕۆژێك دەیوت (ئەوە چی بوو خانووەکەت هەر تەواو نەبوو). بۆیە لە پەلەی خانوو چۆڵکردن و لە ترسی بەرزبوونەوەی نرخی کەرەستەی خانوو، بە ناچاری پارچە عەردێکیانم بە پارەیەکی کەم فرۆشتەوە و بە پارەکەی خانووێکی بچووکم بەبێ ئیجازەی بینا لە سەر پارچەکەی تر بەرز کردەوە.

## چۆن خانوومان بەیەکەوە دروست کرد

بە یەك ڕۆژ هەردووکمان نەخشەی خانوومان لەسەر عەردەکان داڕشت. هەریەکی چوار کرێکارمان گرتبوو، بۆ هەڵکەندنی بناغەی خانوو. ئێوارە داهات، کرێکارەکان دەستیان لە کار بەردا. ئەوکاتە کرێی کرێکار چوار دینار و نیو بوو، لەبەر ئەوەی کرێکارەکان زۆر خۆیان ماندوو کردبوو، ئیشەکەیان زۆر بە ڕێکوپێکی و جوانی کردبوو، بۆیە یەکی پێنج دینارم دانێ. کرێکارەکان خواحافیزییان لێ کردم و دوور کەوتنەوە.
عەبۆ زەبۆك هاتە لام وتی: چەندت بۆ حسێب کردن؟
وتم: پێنج دینار.
هەر ئەوەندەم وت، نەمزانی چۆن وەکو کەروێشك بۆی دەرپەڕی و کەوتە دوای کرێکارەکان و هەر چواری گەڕاندەوە لام و وتی: نە خوا قبووڵی دەکات و نە پێغەمبەریش، ئێوە ئەم نیو دینارە زیادەیە لەم پیاوە وەربگرن، خۆتان دەزانن حەرامە، وەکو چڵکی سەگ وایە، ئەگەر نەیدەنەوە، بە ئاگری جەهەنەم دەسووتێن.
کرێکارەکان ڕوویان لە عەبۆ کرد و پێیان وت: بۆ حەرامە، خۆ بە زۆری لێمان نەسەندووە، ئەو بە ویست و ئارەزووی خۆی ئەو

نیودینارەی زیاد داینێ.
عەبۆ وتی: چۆن حەرام نیە؟! هەر کەسێك لە هەقی خۆی زیاتر وەربگرێت، حەرامە. ئەوە قسەی من نییە، شەرع وا دەڵێ، ئێوە موسڵمان نین؟!
هەرچواریان بە یەك دەنگ وتییان: چۆن موسڵمان نین!
عەبۆ وتی: ئەگەر موسڵمانن فەرموون بیدەنەوە.
سەرم لەو کردەوەی عەبۆ زەبۆکە سوڕمابوو، هەرچەندی بیرم لێی دەکردەوە، سەرم لێی دەرنەدەچوو. لە بیری خۆم دەموت (لەوە ناچێ بۆ خاتری من لێیان وەربگرێتەوە)، بۆیە پێم وت: عەبۆ لێیان بگەڕێ، من خۆم ئەم نیو دینارەم بە زیاد داونەتێ.
کە ئەوەم وت، لێم هاتە پێشەوە و وتی: چۆن قسەی وا دەکەیت، دەتەوێ ڕزقیان حەرام بکەیت؟
یەکێك لە کرێکارەکان ڕووی لەوانی تر کرد و وتی: من ئەو نیو دینارە نادەمەوە، با حەرام بێت، ئێوەش ئارەزووی خۆتانە.
کرێکارەکانی تر دەستیان بۆ باخەڵی خۆیان بردەوە و یەکی نیو دیناریان بۆ ڕەت کردمەوە. هەندێك دوور کەوتنەوە، کرێکارەکەی تریشیان ڕازی کرد، ئەویش نیو دینارەکەی بۆ ڕەت کردمەوە. زۆر بە کردەوەی عەبۆ قەڵس بووم، دەستی ڕدێنە سپییەکەیم شکابوو، ئەگینا ڕقی خۆم، بەو دادەمرکاندەوە.
پێم وت: پێم ناڵێی تۆ هەقی ئەمەت چی بوو؟!
وتی: ئەگەر من هەقم نەبێ، ئەی کێ هەقی هەیە؟
وتم: لەبەر چی؟
وتی: نازانی ئەمڕۆ نیو دیناری زیادە بدەیتە ئەم کرێکارانە بەیانی لە لایان دەبێتە عادەت و بە ڕۆژانەکەی پێشان کار بۆ من ناکەن. دیارە دەتەوێ ڕەوشتیان تێکبدەیت و زیان لە بەرژەوەندیی

من بدەیت؟
ڕۆژێکی تر نیازی هێنانی وەستا و کرێکارم هەبوو، بۆ دیوارکردن، بۆیە تانکەرێك ئاوم کڕی و حەوزەکەم لێی پڕ کرد. ئەو ڕۆژەیان وەستایەکەم کارێکی تری هەبوو، بۆیە نەهات. بۆ ڕۆژی دواتر هات، کرێکارێکی لە دوا ناردم و گلەییەکی زۆریشی پێدا ناردبوو، گوایە ئاوم بۆیان دانەناوە.
سەرم لە گلەییەکەی سوڕما، هەمووی بەری دوو ڕۆژ بوو تانکەرێك ئاوم کڕیبوو، بۆیە بە دڵنیاییەوە چوومە سەر کار و ئەمەم پێی وت.
دەستی گرتم و بۆ لای حەوزی ئاوەکەی بردم، وتی: سەیرکە، هیچ ئاوی تییایە یان نا؟!
کە سەیرم کرد، حەوزەکە چۆڕ درابوو، بۆ دەرمانیش دڵۆپێك ئاوی لە ناو نەمابۆوە. بە دراوسێکەمانم وت: نازانن کێ ئەم ئاوەی بردووە؟
وتی: چما پرسی تۆی نەکردووە؟
وتم: مەبەستت کێیە؟
وتی: لە عەبۆ زەبۆك زیاتر کێ هەیە؟
سەری خۆم لەقاند و زیاتر لە سەری نەڕۆیشتم. ئەو ڕۆژەیان لە بەر بێ ئاوی زیانی ڕۆژە ئیشێکم لێکەوت. چاوم چووبووە پشتی سەرم، ئاگر لە نیوچەوانم دەباری، هەر لە بەیانییەوە تا درەنگ لە کۆڵانێ دەهاتم و دەچووم، چاوەڕێی ئەم قورمساغەم دەکرد. پێش نیوەڕۆ بە دیار کەوت، وەکو بڵێی بە عەیبی خۆی شك بردبێت، بۆیە هەر لە دوورەوە بە پێکەنین بەرەو لام هات و پێشی لێ گرتمەوە و وتی: دوێنێ کرێکارم هەبوو، ئاویشم نەگرتبوو، ئاوەکەی تۆم بەکارهێنا و بە کرێکارەکانم وت ماڵمان لەگەڵ

یەك جیا نەکردۆتەوە، ئێمە برای دینین. نامووسی لێ دەرچێت بۆ هیچ شتێك خاوەن ماڵ نیمە.
ئەمەی وت و بە دەست ئیشارەتی بۆ خانووەکەی خۆی کرد و وتی: ئەم خانووەش هەر خانووی خۆتە، گەردەنت ئازاد نەبێت، ئەگەر شتێکت پێویست بوو شەرم بکەیت بیبەیت. لە ڕاستی تۆ من خاوەن ماڵ نیمە، ئێمە براینە، برای دینین.
دڵێکی زۆر حیزانەم هەیە، بە دوو قسەی خۆش سارد دەبمەوە، ئەم قورمساغەش ئەوەندە زمانی لووسە نەبێتەوە، بەم قسە قەڵەوانەی چۆن ئاو بە ئاگر دابکەیت، ئەوها ساردی کردمەوە، لەجیاتی هەڕەشەی لێ بکەم و بۆ هەموو خەڵکی گەڕەکی تەمبێ خواردی بکەم، ئەوەبوو ئەم جارەیان ڕێشم پێی دا، کە هەر شتێکی بیەوێ بیبات.
بۆ ڕۆژی دواتر، دەرسم لە ئاو دزینەکەی پێشتر وەرگرتبوو، بۆیە تانکەرێك ئاوم کڕی و بەیانی زوو لەگەڵ خۆم هێنامە سەر ئیشەکەم. کە چووم بینیم وەستا و کرێکارەکانم چاوەڕێم دەکەن.
خاکەناس و عەرەبانە و کەرەستەی کارکردنییان ئامادە کردبوون بەس ئەوەندەی مابوو خەفتەی چیمەنتۆ بگرنەوە. تانکەرە ئاوەکەمان بەتاڵ کردە ناو حەوزەکە، وەستاش دوو کرێکاری ناردە ژوورەوە تا چیمەنتۆ بێنن و خەفتەی پێ بگرنەوە. لە کۆڵانێ لە پێش خانووەکەم لەگەڵ شوفێری تانکەرەکە ڕاوەستابووم، قسەمان دەکرد. گوێم لێ بوو، کرێکارێك بە وەستای دەوت: هیچ چیمەنتۆی لێ نییە.
کە ئەوەم گوێ لێ بوو، ئیمانم لە کەللەدا نەما، وەخت بوو لە داخان شەق ببەم، لە دڵی خۆمدا وتم (ساڵێکی نەهاتە بە

دەست ئەم عەبۆ زەبۆکەوە، ڕۆژێک ئاوەکەم دەدزێت و ڕۆژێکی تر چیمەنتۆ، خوا نەبێ کەس نازانێ بەیانیش چی ترم لێ دەدزێ).
چوومە لای وەستا و پێم وت: ئەگەر بە یەکەوە چیمەنتۆکەمان لێرە دانەگرتبا لەوانەبوو پێت باوەڕ نەکردبام؟!
هەرچەندی گەڕاین و سووڕاین، هیچ چیمەنتۆمان نەدیت. چوومە سەر خانووەکەی عەبۆ زەبۆک، لە دڵی خۆم وتم (هەبێ و نەبێ، ئەو قورمساغە شازدە قەزناغییە ئەم کەتنەشی کردووە و چیمەنتۆیەکەشی وەکو ئاوەکە لووشییە).
هەموو کون و کەلەبەرێکی خانووەکەیم پشکنی، تۆزی چیمەنتۆشم بۆ دەرمان نەدۆزییەوە!
دیسان پارەی ئەو ڕۆژەشم بۆ کرێکارەکان وێر کرد و بە وەستاکەمم وت: ئەوجارەیان هەتا پێت نەڵێم نەیەوە.
ئەو ڕۆژەشییان وەکو ڕۆژی پێشتر لێوەکانی خۆم کرۆشتنەوە، زۆر ناڕەحەت ببووم، چاوەکانم خوێنیان تێ زابوون سەرەدیقەم لەگەڵ کۆڵانەکە دەکرد و لە بیری خۆم دەموت (ئەمجارە ئەگەر بینیم دایدەگرمە بەر مست و پێلەقە، چەند پەراسووی هەیە، هەمووی بۆ دەشکێنم، وای لێ دەکەم ناوی خۆی لەبیر بچێتەوە، بە گووی خۆی بڵێ پەپە، لە کۆڵ ئەم شارەی دەکەمەوە).
زۆر هاتم و چووم بێ سوود بوو، فێری چایە خواردنەوەشم، ژەمێک چایە نەخۆمەوە مێشکم دەتەقێ. گێژو وێژ ببووم، چیتر خۆم پێ ڕانەگیرا و یاغر یاغر بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە. ڕۆژی پاشتر دیسان چوومەوە سەر خانووەکەم و بوومەوە ئێشکگر. زۆر چاوم گێڕا، سێبەری عەبۆ زەبۆک لە هیچ شوێنێک دیار نەبوو. دەمی نیوەڕۆ، پیکەپێک چیمەنتۆیان هێنا و لە سەر خانووەکەی عەبۆیان داگرت. خۆی لەگەڵیان نەبوو، بەمە گیانم گەشاوە، لە بیری

خۆم وتم (ئۆخەی خوا ناردی، لەوە باشتر نابێت تا ئەوەشی بەکار نەهێناوە، باشتر وایە ئیشی خۆمی پێ ڕاپەڕێنم).
هەر ئەو ڕۆژە کرێکارێکم لێی گرت و هەموویم گواستەوە سەر خانووەکەی خۆم، بۆ ئێوارەش چوومە چایخانەی وەستا عەلی و وەستا و کرێکارم تێگەیاند. شوکور بۆ خوا، بۆ بەیانی کرێکار دەستیان بە کار کرد و بۆ ڕۆژی دواتریش هاتنەوە، ئەو چیمەنتۆیەی مابۆوە، لە کاریان کرد و خانووەکەم تا سەر دەرگا و پەنجەرە بەرز بۆوە.
ڕۆژی سێیەم خەریکی ئاودانی دیوارەکان بووم، پێکەنینم بە عەبۆ زەبۆك دەهات، لە بیری خۆم دەموت (ئەگەر ئێستا بێتە سەر خانووەکەی و ببینێ هیچ چیمەنتۆی بۆ نەماوەتەوە، لەوانەیە لە داخان شەق ببات. ئەگەر دەنگیش بکات، منیش وەکو ئەو پێی دەڵێم ئێمە برای دینین، ماڵمان لە یەك جیا نەکردۆتەوە).
ئەو ڕۆژەیان بە دڵی من بوو، لە خۆشییان قاچەکانم نەدەگەیشتنە سەر عەرد، عەبۆ زەبۆکیش وەکو حەس حەس، لە سەر خانووەکەی دەهات و دەچوو، نەیدەزانی بە چ ڕوویێك پێم بڵێ. ناوە ناوەش ئاوڕێکی بۆلای من دەدایەوە و هیچ دەنگی نەدەکرد. لە داخانا هەر هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا و جگارەی بە جگارە دادەگیرساندەوە، دەموچاوی لەگەڵ دووکەڵی جگارەکەی ببووە یەك پارچە. منیش دانم بە خۆمدا گرت و خۆم لە گێلی دا. هەتا ڕۆژیش ئاوابوو، نە ئەو دەنگی کرد و نە منیش دەنگم کرد. هەردووکمان بەرەو ماڵ گەڕاینەوە.

## مەسەلەی بادلۆ پڕکردنەوەی عەبۆ زەبۆک

بەیانییەك زوو، لەسەر خانووەکەم پیاسەم دەکرد، عەبۆ زەبۆك هاتە لام وتی: چەند دینارت لە پڕکردنەوەی بادلۆی خانووەکەت چوو؟

وتم: بیست قەلاب خۆڵی ویست، قەلابی لەسەر دە دینار هەمووی کردییە دوو سەد دیناری ڕێك. بێ دەستحەقی کرێکار بۆ بڵاوکردنەوەی بە ناو ژوورەکاندا.

فیکەیەکی درێژی لێدا وتی: پەکو لەو گرانییە، حەقی هەر بیست دینارە.

پێکەنینم بە قسەکانی هات، بە دەست خۆم نەبوو، لە دەمم دەرچوو وتم: دەك سەرت لە قوڕ بنێن، لەگەڵ خۆت و درۆت!! مردیت مرێ، قسەیەك بکە پێت بڕوا بکەن، دوو قەلاب خۆڵ دەکاتە بیست دینار. ماقووڵە خانووەکەی تۆ بە دوو قەلاب پڕ بووبێتەوە؟

لە قاقای پێکەنینی دا وتی: دەبینی بە بیست دینار پڕی دەکەمەوە یان نا؟

ڕۆژی دواتر دەهاتمە سەر خانووەکەم، لە کۆڵانەکەی سەرەوەی

خۆمـان بینیـم عەبـۆ زەبـۆك سـواری سـەر شـۆفەڵێك بـووە و بـە نـاو گـۆڕەپان و پارچـە عـەردە بەتاڵـەکان لەگـەڵ شـوفێری شـۆفەڵەکە دەخولێتـەوە و بـە دەمـی شـۆفەڵ زبڵـی سـەر گوفەکـەکان و خۆڵـی زیادەی تەنیشـت ماڵـەکان و گـۆڕەپانەکان هەڵدەگرێـت و دەیکاتە نـاو بادلۆکـەی. منیش لـە دوورەوە سـەیرم دەکـرد و چاوەڕێـی ئـەوەم دەکـرد بزانـم دەگاتـە کـوێ.

دەمە شـۆفەڵێکی لە تەنیشـت خانووی ماڵێك دا، لەگەڵ هەڵکۆڵینی عەردەکـە حەوشـەی ماڵەکـەی هێنایـە هـەژان. خـاوەن ماڵەکـە لێـی هاتـە دەرەوە، هـەزار جوێنـی بـە فلسـێك پـێ دا، کردییـە ماسـت و لەبـەر دەمـی سـەگی ڕوو کـرد. ئەویـش زۆر ئاسـایی بەبـێ ئـەوەی هیـچ خـۆی تێکبـدات، وتـی: لەجیاتـی چاکـە و پیاوەتـی جوێنیشـم پـێ دەدەی؟!

پیاوەکـەش زیاتـر لـە جـاران جوێنـی پیسـتری پـێ دەدایـەوەو دەیـوت: گـوو بـە پیاوەتیت، خەریکـە خانووەکـەم بـە سـەردا بەردەدەیتـەوە، پێـم ناڵێـی چاکـەی چیـت لەگـەڵ کردوومـە؟!

عەبـۆ زەبۆکیـش وتـی: لەجیاتـی شـارەوانی، وا خـۆڵ و خاشـاکی تەنیشـت ماڵتـان فـڕێ دەدەم، لەجیاتـی سوپاسـم بکـەیت، هێشـتان خۆتـم لـێ تـووڕە دەکـەیت؟

سـەری خـۆی لەقاند و وتـی: ناحەقت ناگرم، هەرچـی پێم بڵێـی، نانم بـێ خوێیـە، ئـەوەی چاکـەی لەگـەڵ بکـەم، وەکـو مـار پەلامـارم دەداتـەوە. ئیبراهیـم خانەقینـی بەڕێوەبـەری خزمەتگوزارییەکانـی شـارەوانی بـۆ پیـاوی وەك ئێـوە باشـە. حەیـف نییـە مانگـی جارێك سـەد تاکـە دینـار سـزاتان بـە تەنگـەدا نـەدا؟!

چەنـد کۆنـە تەنەکـە و قووتـی بەتـاڵ و کۆنـە قـاپ و قاچـاغ و سـەگ و پشـیلەی تۆپـی و پەڕەمووچـی مریشـك و پەلکـە شـفتی

و پەلکە گندۆرە و ترپە تەماتەی سەر گوفەکەکان هەبوو، لەگەڵ خۆڵەکە کردبوونییە ناو بادلۆکەی. کە بە تەواوەتی بادلۆکەی پڕ کردەوە، پانزە دیناری خستە ناو دەستی شوفێری شۆفەڵەکە و بەڕێی کرد.

چوومە لای و بە پێکەنینەوە پێم وت: هەر ئەمەش بوو پڕکردنەوەی بادلۆکەت؟!

وتی: بۆ؟ چ عەیبی هەیە؟ چونکە هەرزانە بۆیە وا دەڵێی؟

پێکەنینم هات، سەری خۆم لەقاند و بە تەوسەوە وتم: هیچ عەیبی نییە، ئەگەر هەموو کەس وەکو تۆ بادلۆی خانووەکەی پڕ بکاتەوە، کەس پێویستی بە شارەوانی نابێت بۆ فڕێدانی زبڵ.

عەبۆ وتی: لەوە دەچێ پێمان ڕابوێری؟

وتم: بۆ پێت ڕادەبوێرم، ئەوە ڕاستییەکەیە.

وتی: خۆ من وەکو تۆ خوا لێی نەگۆڕیوم، بە مستێك پارە بادلۆکەم پڕ بکەمەوە.

وتم: خۆڵەکەی من خاوێنە، بەڵام هی تۆ پڕی زبڵ و جڕ و جانەوەرە، قوڕ بە سەری ئەو کەسەی خانووەکەی تۆ دەکڕێ، ماڵەکەی دەبێتە بنکەی هەموو نەخۆشییەك!!

وتی: خۆ هەر ئەوها لێی ناگەڕێم، پێش ئەوەی کاشی بکەم، دوو تەنەکە نەوتی ڕەشی بە سەردا دەپڕژێنم، هەموو میکرۆبەکان قەلاچۆ دەبن.

## دەرگا و پەنجەرە و کاشی بە خۆڕایی بۆ دێت

خانووەکەی من و دوو خانووەکەی عەبۆ زەبۆك نزیکی تەواوبوون بوون. دەرگا و پەنجەرەکانی خانووەکانی عەبۆ زەبۆك لە هی مزگەوتی دەکرد، هەمووی نەقش و نیگاری ئیسلامی و نووسینی ئایەت و وێنەی منارە و گومبەتیان لە سەر دروست کرابوو. کاشییەکانیشی مۆزاییکی سەوزی تۆخ بوو.

کە چاوم پێکەوت، پێکەنینم هات، لە بیری خۆم وتم (عەبۆی فەرمەسۆن و ئەم جۆرە دەرگا و پەنجەرە و کاشییە سەوزانەیان نەوتووە). دەتوت مزگەوت دروست دەکات، کاشییەکانیشی لە سەوزییان لە مەندیلی سەیدانی دەکرد. بە عەبۆم وت: هیچ ڕەنگ نەمابوو هەتا کاشی وەها بە ڕادان نەدەیت؟ ئەو دەرگا و پەنجەرانەش هی ماڵن یان مزگەوت؟!

وتی: قەحپەبابی وا بە خۆشی دەڵێ وەستا، نەخش نەماوە هەتا ئەمانەم بۆ دروست نەکات. خۆ کاشییەکانیش لە دەرگا و پەنجەرەکان باشتر نییە، ئەگەر لە خانووەکەمی نەدەم، هەروا دەمێنمەوە، ئەگەر لێشی دەدەم سەد کەسی وەکو تۆ پێم دەڵێ خۆ سەید نیت ئەم ڕەنگەت هەڵبژاردووە!

وتم: چ کارگەیەك ئەم کاشی و دەرگا و پەنجەرانەی بۆ دروست کردوویت؟

ناوی چەند کارگەیەکی هێنا. ئەو کارگانەی ئەو ناوی بردن، ناو و ناوبانگییان گەیبووە ئەو پەڕی وڵات. لەوە نەدەچوو سەربەخۆ شتی وا بکەن.

ڕۆژێك ڕێم کەوتە ناوچەی کارگە پیشەسازییەکان، هەر بە هەوەس کارگەی ئاسنەکەم بەسەر کردەوە، خاوەنەکەیم دەناسی. بۆ مەسەلەی نەخش و نیگارەکانی دەرگا و پەنجەرەکانی عەبۆ زەبۆکم پێ وت. کابرای خاوەن کارگە سەری سوڕما، وتی: لەجیاتی چاکە و پیاوەتیمان گلەییشمان لێ دەکات؟! بۆ پارەی پێ داوە هەتا گلەییمان لێ بکات؟

منیش وتم: ئەگەر ئێستاش نەیدابێت، قەرزە لەسەری و هەر دەبێ بیدات.

وتی: نە قەرزە و نە دەشیدات.

وتم: چۆن؟

وتی: بە خێر، لە ڕاهی خوا، بۆ تەکییەی ئەوم دروست کردووە.

کە ئەمەی وت، پێکەنینم هات، وتم: بەخوا کڵاوی لە سەری تۆش ناوە، ناکات کاشییەکانیشی هەر بە خۆڕایی بە ناوی تەکییە بۆ کرابێت؟!

وتی: ئەوە تۆ چی دەڵێی، ناکات تەکییەشی نەکردبێت؟!

وتم: هەی لە من نەزانتر، لەجیاتی تەکییە دوو دایەرە خانووی گەورەی لەسەر عەردەکەی بەرز کردۆتەوە.

خاوەن کارگەی قوڕبەسەر، بە هەردوو چەپەڵۆك کێشای بە سەری خۆیدا و وتی: بە دوو مانگ ئەوەندەم پێ نابڕێ، ئەو سەگ بابە چۆن فریوی دام.

دڵم دایەوە و پێم وت: هیچ خەم مەخۆ، هەر تۆی نەتڕاندووە، دەستێکی بەماڵی منیشدا هێناوە، بە ناوی برای دینی هەر ڕۆژەی شتێکم لێ دەبات، ئەوا تۆ و خاوەن کاشییەکەش هاتنە ڕیزەوە. خوا بزانێت هەتا ئەم دوو دایەرە خانووە تەواو دەکات، قۆڵی چەند کەسی تر دەبڕێت.

عەبۆ زەبۆك بۆ تەواوکردنی خانووەکانی هەر بە دزینی ئاو و چیمەنتۆ و چەو و قوم و کەرپووچی من و دەرگا و پەنجەرە و کاشی خاوەن کارگەکان نەوەستا، بەڵکو دەستێکی بە قوونی هەموو ئەو وەستا و کرێکارانەدا هێنا کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئیشیان لە خانووەکەی دەکرد. ئەگەر ڕۆژانەکەی بە تەواوەتی لێ نەبڕیبان، بەبێ شك لایەکی لێ قوت دەکرد، بە ناوی ئەوەی گوایە بەڕێك دەخەنە تەکییەکەیەوە و لە ڕۆژی حەشر دێتەوە ڕێیان.
هەروەها شیشی لە لەبخچی و وەستای سپیکاریش دابوو. دوای تەواوکردنی هەموو ئیشەکانی لەبخ و گەچکاری خانووەکانی لە کاتی حسێبکردنی ڕووبەری ئیشەکان بە مەتر، ناو دەرگا و پەنجەرەکانی پێ فڕێدان و قەرەپوولێکی بۆ حیساب نەکردن، بە بیانووی ئەوەی گوایە لە کاتی مەعامەلەکردن، باسی فڕێدان و نەفڕێدانی ناو دەرگا و پەنجەرەکانیان نەکردووە. ئەویش بە درۆی خۆی گوایە لە هەموو خانوویێك ئەو شوێنانەی لە کاتی حسێبکردنی پارەی دەستحەق فڕێداوە.
بەهەرحاڵ خانووەکەم تەواو کرد و ماڵم گواستەوە ناوی، عەبۆ زەبۆکیش هەردوو خانووەکەی تەواو کرد و دوای ماوەیەك هەردوو خانووەکەی بە پارەیەکی چاك فرۆشت و عەردێکی هەزار مەتر

دووجای لە بەرامبەر ئەوێ کڕییەوە و قشڵەیەکی گەورەی دوو نهۆمی لەسەر دروست کرد و ماڵی خۆی گواستەوە ناوی.

هەر لەو ڕۆژەوە بووینە دراوسێ ی یەك و وردو درشت ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوتێکی بووم. زۆرم حەز دەکرد ئاگاداری فیێڵ و تەڵەکەبازییەکانی بم، بۆیە ئەگەر جاروبار خۆشم بە دەستییەوە زیانم لێ کەوتبا، هەر باکم نەبوو.

## دەبێ پیشەی عەبۆ زەبۆک چی بێ

لەوەتی من ئەم عەبۆ زەبۆکەم ناسیوە، هەر دووکانی کەڵاش دروستکردنی هەبووە، پێشتر لەگەڵ عەبدولڕەحمان پینەدۆز بە شەراکەت دووکانی پینەدۆزییان هەبوو، دوایی بەینیان تێکچوو، لە یەك جیا بوونەوە. ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە هەتا ئەم دوایەش دووکانێکی بچکۆلانەی بەرامبەر یانەی فەرمانبەران هەبوو، تیایدا کەڵاشی دروست دەکرد و بە دەستە و دانە دەیفرۆشت. زۆر جاران بەرە بەری نیوەڕۆ، کە بە تەنیشتماڵیان ڕەت دەبووم، بەردەوام گوێم لە تەپە تەپێك دەبوو، بەڵام نەمدەزانی چییە.
هەندێك جاریش لە درەنگی شەودا هەمان تەپە تەپ لە ماڵیان دەستی پێدەکردەوە، بەیانیانیش زوو عەبۆم دەبینی لە لای شار دەهاتەوە و گونیەیەکی بە کۆڵەوە بوو. زۆرم مەراق بوو بزانم ئەم عفریتە بەم بەیانییە زووە لە کوێ دێتەوە و گونیەکەی سەر کۆڵیشی چی تیایە. ئەمەو تەپە تەپی بەرەبەری نیوەڕۆ و نیوەی شەوانیش زیاتر لە مەراقیان هێشتبوومەوە. بەڵام وردە وردە ئەمەم لە بیری خۆم بردەوە و شەیتانم بە نەعلەت کرد و لە بیری خۆمدا وتم (حەقی چیم بەسەریەوە هەیە، بۆ تێکەڵی ئیش و کار و

نهێنییەکانی ژیانی خەڵک بم).
ڕۆژێک لەگەڵ کۆنە هاوڕێیەکی دەوری خوێندنم کە پارێزەر بوو، چووینە دایەرەی کارکردن، بۆ لای مامی، کە بەڕێوەبەری ئەو دایەرەیە بوو. لای مامی دانیشتبووین، باسی یادگاری ڕۆژانی خوێندنمان دەکرد، لە ناکاو دەرگا کرایەوە، بە دوو پیاو زەلامێکی چوارشانەی تەنگەستووری قەڵەویان پاڵدا ژوورەوە. زەلامەکەش بە نقە نق و ناڵەوە خۆی گەیاندە سەر لا قەنەفەیەکی بەتاڵ لە بەردەم بەڕێوەبەری کارکردن و لەسەر گازی پشت بۆی ڕاکشا.
دەتوت ئێستا نا حەوت ساڵە مردووە، نقەی لە خۆی بڕیبوو، بەڕێوەبەر کە ئەمەی دیت، سەرو سیمای تێکچوو، ڕووی لە دوو زەلامەکەی تر کرد و وتی: ئەوە چییەتی؟
بە خەمبارییەوە وتیان: کە چووینە بەر دەرگای دایەرە بۆ خاوێنکردنەوەی، دیتمان پیاوێک دەمامکەی خۆی بە جەمەدانی داوە و قاپووتێکی ئەستووری پۆلیسانیشی لەبەر کردووە و وەکو لاشەی مردوو بە بێ جووڵە لەسەر شۆستەی شەقامەکە لەسەر لاتەنیشتێک لێی کەوتووە. سەرەتا وامانزانی مردووە، یان کوژراوە، بەڵام کە لێی نزیک کەوتینەوە، بینیمان ئەوە عەبۆی خۆمانە و شوکور ماوە و نەمردووە. هەردووکمان دەستمان خستە ژێر شانی و بۆ لای جەنابتمان هێنا.
بەڕێوەبەر هێندەی تر تەنگاو بوو، لێی نزیک کەوتەوە و زۆر بانگی کرد: عەبۆ...عەبۆ.. عەبۆ. مای؟ ئەوە چیتە؟
عەبۆیش وا خۆی بێ هۆش نەکردبوو کەس بزانێ، دەتوت حەوت ساڵە مردووە، نەفەسی لە خۆی بڕیبوو.
بەڕێوەبەر زۆر هەوڵی لەگەڵ دا، هەندێک زللەی لە لا ڕوومەتەکانی

دا، پەرداخێك ئاوی بە دەموچاویدا کرد، ئەوسا هەندێك خۆی جووڵاندەوە و دەستی کردەوە بە نقە نق.
کە ناوی عەبۆم گوێ لێ بوو، سەرنجی دەموچاویم دا بیناسمەوە، هەرچەندە نەشدەچووە ئەقڵەوە عەبۆ زەبۆکی لە مەڕ خۆمان بێت. بەڵام بۆ نا، لە بەژن و سەر و قەڵافەتی هەر لەوی دەکرد، عەبۆ زەبۆکیشە، هەموو شتێکی لێ دەوەشێتەوە. لێی ورد بوومەوە، بینیم جەمەدانییێکی ڕەشی لە دەموچاوی خۆی پێچابۆوە، قاپووتێکی ئەستووری خاکیی سەردەمی عوسمانییەکانی بەم چلەی هاوینە لەبەر کردبوو. چەندی دیقەتی دەموچاویم دا، لە بەر جەمەدانییەکەی نەممناسییەوە.
بەڕێوەبەریش خێرا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و داوای لە نەخۆشخانەی کۆماری کرد تا ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتنی بۆ بنێرن و لە نەخۆشخانەی بخەوێنن. لەم سەین و بەینەدا، من هەر خەریکی سەرەدیقە و وردبوونەوەی شێوەی دەموچاوی ئەم زەلامە بووم. دوای تۆزێك ئۆتۆمبێلەکە گەییە جێ و دوو برین پێچ بە خۆ و بە نەقالەوە هاتنە ژوورەوە و خستییانە سەر نەقالەکە. ویستیان بیبەنە دەرەوە، ئەمجارەیان بە تەواوی دەموچاویم بینی، عەبۆ زەبۆك خۆی بوو، چاوم ئەبڵەق بوو، لە جێی خۆم حەپەسام، وەکو بڵێی ئەویش هەستی بەوە کردبێت کە ناسیبێتمەوە، بۆیە لە ژێرەوەی جەمەدانییەکە، چاوێکی لێ قوچاندم و سەری خۆی تۆزێك بەرز کردەوە و بە ناڵە ناڵ وتی: باش بوو لێرە بووی، هەتا لای ئۆتۆمبێلی فریاکەرەکە لەگەڵم وەرە، دەست لەسەر نیوچەوانم دابنێ، وەختە مێشکم بتەقێت.
منیش هەستامە سەر پێ و دەستم خستە سەر نیوچەوانی و هەتا دەرەوە لەگەڵی چووم، هەر لە دەرگای ژوورەکەی بەڕێوەبەر

چووینە دەرەوە، دەتوت قەت نەیزانیوە نەخۆشی چییە، بە ئەسپایی پێی وتم : دیارە بەڕێوەبەرەکەمان دەناسیت؟
منیش وتم: بەڵێ دەیناسم.
وتی: کەواتە تۆش لایەنگیریم بکە و بڵێ ماوەیەکە تووشی نەخۆشی دڵ و پاڵەپەستۆی خوێن بووە و لەسەر مردنە.
زۆر سەیرم بە قسەکانی هات، لە وەتی دەیناسم، نەمزانیوە ڕۆژێك لە ڕۆژان مووچەخۆری میری بووبێت، لێم پرسی: چما دامەزراوی؟!
وتی: جارێ لێم گەڕێ دوایی خۆم هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم. گەڕامەوە لای بەڕێوەبەر و دانیشتمەوە. بەڕێوەبەر پێی وتم: ئەم عەبۆیە لە کەیەوە دەناسیت؟ وتم: کاك واحید لە زووێکەوە دەیناسم.
بە پێکەنینەوە وتی: تۆش وەکو من دەیناسیت؟
وتم: مەبەستت چییە؟
وتی: ئەم عەبۆیە ڕێوییێکی فێڵبازە، تەماشای ئێستا مەکە بە غەریبی دێتە پێش چاوان، شەیتانت بۆ لە خشتە دەبات، ئەگەر بڵێ خوا بە حەقە، دەنا قەت پێی بڕوا ناکەم، هەموو لەشی ساختەیە، لەگەڵ دەروونی خۆی درۆ دەکات. سەرباری ئەوەش، ئێستا زگم پێی سووتاوە و یارمەتیم دا. هەرچەندە ئێستاش هەر ناچێتە ئەقڵمەوە، بەڵام دەڵێی چی، قەحپە بابی وا خوا بەهرەیەکی ئەوتۆی داوەتێ هەموو دەورێکی پێ دێت.
بۆ ئێوارەی ڕۆژی دواتر بە بەر دەرگای ماڵی عەبۆ زەبۆك گوزەرم کرد، بینیم عەبۆ زەبۆك کۆڕێکی بەستووە پێکەنین و بەزم و ڕەزمی ڕۆژە ڕێیەك دەڕوات، دەتوت عەبۆی دوێنێ نییە، ڕیشی تەراش کردبوو، جەمەدانی و قاپووتەکەشی فڕێدابوو.
زۆر مەراقی ساغکردنەوەی ئەم ڕاستییە بووم، چوومە لای، هێشتان

قسەم نەکردبوو، لە قاقای پێکەنینی دا و وتی: توخوا چۆن بووم؟ لێم دەهات یان نا؟

منیش وتم: مەبەستت نەخۆشییەکەیە؟

وتی: نوواندنەکە!!

ورد و درشت مەسەلەکەی بۆ گێڕامەوە، گوایە چەند ساڵێکە لە دایەرەی ئەلبانی هەولێر بۆ ئێشکگری شەوان دامەزراوە و بە ڕۆژیش لە دووکانەکەی خەریکی کەڵاش دروستکردنە و دوو دەزگای تری کەڵاش دروستکردنیشی لە ماڵەوە و لە دایەرەکەی داناوە و لە کاتی چوونە ماڵەوە یان چوونە سەر کاری بۆ دایەرە، کەڵاش دروست دەکات.

کەوتە پاڕانەوە و نووزانەوە، دەتوت هەتیوی هەیە، دەیوت: گوزەران بە زەحمەت کەوتووە، هەموو شتێك نرخی بۆتە دوو قات، ئەگەر وا نەکەم گوزەرانم ناسووڕێت. هاتە سەر باسی دامەزراندنیشی، لە دایەرەی ئەلبان و وتی: پارە هیچ بایەخی نییە، با ملیۆنێریش بیت، هەمووی پەنجا دیناری تەقاویتی نایەنێ، کە ژیانی مرۆڤ مسۆگەر دەکات و هەتا مردن نابڕێت.

دواییش هاتە سەر باسی ساختەی خۆ نەخۆشکردنەکەی و وتی: شوکور هیچ نەخۆش نیمە، بەڵام ئەگەر ئەوهام لە خۆم نەکردبا، ئەوا بەڕێوەبەر بڕوای پێم نەدەکرد و بڕیاری لیژنەی تەندروستی تەمیز دەکردەوە. خۆشت دەزانی منیش هێزی جارانم نەماوە و چیتر توانای ئێشکگری شەوانم نییە، ئەگەر بە هۆی تەندروستییەوە نەبێت، جارێ دە ساڵی ڕێکم ماوە، بۆ تەقاویت بوون. ئەوەش زۆرە و قەت بە من تەواو نابێت. بۆیە هەستام بیرم لەم فێڵە کردەوە و دەستە جلێکی کری مەرەزم بۆ فەڕاشی سەرۆکی لیژنەی تەندروستی بە دیاری برد، داوام لێی کرد کە

بە دکتۆرم بناسێنێ و بە خزمی خۆیم لە قەڵەم بدات. ئەوەبوو بەڵێنی ئەوەی دامێ و ناوی خوام لێ هێنا.

پێکەنینم بە قسەکانی هات، لە بیری خۆم وتم (ئەگەر دەرچوون لە وەزیفە بە هۆی تەندروستییەوە ئەوها ئاسان بێت، ئەوا نیوەی فەرمانبەرانی دەوڵەت بەو ڕێگایە خۆیان خانەنشین دەکەن).

هەمووی چەند ڕۆژێکی نەبرد، عەبۆ زەبۆکم بینییەوە، لە دوورەوە نووسراوێکی لە باخەڵی دەرهێنا و پیشانی دام. کە خوێندمەوە، تیایدا لیژنەی پزیشکی بڕیاری خانەنشینکردنی عەبۆیان دابوو، بە هۆی نەخۆشی و پلەی پەککەوتنەکەشیان بۆی لە سەدی سەد دانابوو.

## عەبۆ زەبۆک دەگاتە لای پارێزگار و پارچە عەردێکی بەخۆڕایی لێ وەردەگرێ

بەری چەند ڕۆژێك بوو، دووەم پیشانگای هونەری شێوەکاریم بە سەرپەرشتی پارێزگار کردبۆوە، پسووڵەیەکی دابوومێ کە دوای تەواوبوونی پیشانگایەکە، سەردانی بکەم و پاداشتێکی لێ وەربگرم.

دوای تەواوبوونی پیشانگایەکەم، سەر لە بەیانی زوو چوومە تەشریفی جەنابی پارێزگار. لە سەر کورسییەکەی بەرامبەری دانیشتبووم، بە دوای فەڕاشەکەیدا نارد و نووسراوێکی دا دەستی و پێی وت: بڕۆ لای بەڕێوەبەری دارایی، پێی بڵێ ئەم بڕە پارەیە بۆ ئەم هونەرمەندە سەرف بکات و لەگەڵ دەستی خۆشت بیهێنەوە. ورده ورده نووسراوەکانی بەردەمی خۆی ئیمزا دەکرد و ناوە ناوەش ئاوڕێکی بۆ لای من دەدایەوە و یەك دوو قسەی ئەلەق و بەلەقی لەگەڵ دەکردم.

لەو کاتە سکرتێرەکەی هاتە ژوورەوە و دوو شریتی ڤیدیۆی لە سەر مێزی پارێزگار دانا و وتی: جەناب وێنەگرەکە هاتۆتەوە و دوو شریتەکەی تریشی بۆ جەنابتان هێناوە. هەر شریتی سەعات

و نیوێکە، گشت لەقتەی فلیمە تەلەفزیۆنییەکانی تیایە کە زیارەتەکانی جەنابتی نیشان داوە لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا.
پارێزگار لە خۆشییان قوونی تۆتکەی نەدەگرت، بانگی کردە ژوورەوە. بینیم دیسان عەبۆ زەبۆکی لە مەڕ گەڕەکەکەی خۆمانە.
ئەم قورمساغە لە هەموو دیزەیەك ئەسکووە، عەبۆ و وێنەگری، کوجا مەرحەبا!! نازانم چی ئەم زۆڵەی گەیاندۆتە لای پارێزگار، کە چاوی بە من کەوت، ڕەنگی تێکچوو، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا، بە چاو قایمی لە سەر کورسییەکەی بەرامبەرم دانیشت، هەر بە سەر خۆشی نەهێنا، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان، منی ناسیوە و یان دەمناسێت. منیش وەکو ئەو خۆم تێی نەگەیاند و دیقەتی ئەم کەڵەکاتە نوێیەیم دا، پارێزگاریش شریتەکانی سەروبن دەکرد و دەیوت: پێم ناڵێی تۆ ئەم بەهرەیەت لە کوێ هێناوە، ئەم زەوقەت چۆن هەیە، شەو و نیوە شەو و ڕۆژانی هەینی و پشووی ڕەسمی لە بەرامبەر تەلەفزیۆن دابنیشیت و ئەو فلیمانەی کە دەنگ و باسی منی تیایە، تۆماری بکەیت؟!
ئەویش بە زمانی لووسەوە، وەڵامی دەدایەوە، دەتوت برای لە دایك و باوکیەتی، خۆی کردبووە جەرگ سۆزی ئەو و دەیوت: جەناب بۆ تۆ هیچ بە خەسار ناچێ، تۆ چۆن شەونخوونی بە ئیشوکاری ئێمەوە دەکەیت، بۆ بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانی ئێمە هەست بە ماندووبوون ناکەیت، منیش ئەوها بۆ تۆمارکردنی زیارەتەکانت، هیچ هەست بە ماندووبوون ناکەم. بەڵکو جۆرە ئارەزوویێکە، خووم پێیەوە گرتووە و ناتوانم بەبێ تۆمارکردنی بخەوم.
کە گوێم لە قسەکانی عەبۆ زەبۆك بوو، لە دڵی خۆمدا وتم

( ئای لەم ساختەچییە، لە حەوت ئاوی داوە و قاپی تەڕ نەبووە. کەس نەماوە نەیتڕاندبێت! حەقی حاجی حوسێنە بڵێ ئەم مردوو نەمرە شەیتانیشت بۆ لە خشتە دەبات).

پارێزگار بانگی سکرتێرەکەی کرد و وتی: لەگەڵ کاک عەبۆ بڕۆ بۆلای بەڕێوەبەری دارایی و دوو سەد دیناری بەخشیش بۆ سەرف بکەن.

عەبۆ مەکربازیش خۆی کردبووە فریشتەی خوا و بە درۆ دەیوت: جەناب زۆر عەیبە پارە وەربگرم، من ئەم فلیمانەم بۆ پارە تۆمار نەکردووە، ئەگەر بۆ پارە بێت، بۆ هەموو سامانی جیهان شەوێك شەونخوونی ناکەم.

پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە، داواکارییەکی نووسراوی لە باخەڵی دەرهێنا و لە بەردەم پارێزگاری دانا و وتی: جەناب خاوەنی دە سەر منداڵم، ئەگەر ئەمر بفەرموون پارچە عەردێکم بدەنێ، زۆر مەمنوونی جەنابتان دەبم.

پارێزگار خراپ پێچرابۆوە، لە خۆشی شریتی ڤیدیۆکان بەنج ببوو، ئەگەر داوای دە پارچە عەردیشی بکردبا، هەروەکو ئێستا وابوو، ڕەزامەندی بۆ دەدا.

بە بێ سێ و دوو، بە بێ ئەوەی بە تەواوی داواکارییەکەی بخوێنێتەوە، بە قەڵەمە سەوزەکەی ڕەزامەندی بۆ نواند و ئیمزای کرد.

دوای تۆزێك فەڕاشەکەی پارێزگار هاتە ژوورەوە و بڕێك پارەی لە سەر مێزی پارێزگار دانا، وتی: جەناب ئەوە سەد دیناری پاداشتەکەیە.

پارێزگاریش سەد دینارەکەی هەڵگرت و دایە دەستم و وتی: هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم، بە ڕاستی کارە هونەرییەکانت

جێـگـای شـانازین!!

کـە پارەکـەم وەرگـرت، لـە بیـری خۆمـدا وتـم (ئەگـەر کارە هونەرییەکانم لای ئەو جێگای شانازی بان، سـەد دینـاری نـە دەدایە مـن و دوو سـەد دینـار و پارچـە عەردێکیشـی نـە دەدایـە عەبـۆی سـاختەچی).

بۆ کۆمەڵگەی وەکو ئێمە مرۆڤی وەکو عەبۆ زەبۆک باشن، بە درۆ و دەلەسە بەسـەر شـان و باڵـی ئـەم جـۆرە بەرپرسـانە هەڵدەڵێن و بێ ئـەوەی خۆیان ماندوو بکـەن، پارەیەکـی زۆر بـاش وەردەگرن و ڕێزیشـیان لـێ دەندرێت. هونەرمەندێکـی وەکـو منیـش بـا بـۆ خـۆی سیر بخوات و زوڕنا لـێ بدات، نـە کەسـی پـێ چاک دەکرێت و نـە خۆشـی پـێ بەڕێوە دەچـێ. پێنـج سـاڵ شـەونخوونی و تاقیکردنـەوەی بەردەوام و کـاری هونـەری، ئەوجا پیشـانگایەك، ئەویش پارێزگار سـەد دینـار بەخشـیش دەدات یـان نایدات.

لـە سـەرەتاوە زۆر دڵخـۆش بـووم بـەوەی کـە لێپرسـراوێکی بـاڵا وەکو پارێزگار لـەم وڵاتـەی خۆمـان هـەبێت لـە خـۆم و هونەرەکـەم بـگات و ڕێـزی لـێ بنـێ، بـەڵام کـە بینیـم بـۆ تۆمارکردنـی دوو شـریتی ڤیدیـۆ، ڕێزلێنانـی عەبـۆ زەبـۆك، لـە مـن زیاتـر بـوو، ئەگـەر لەبـەر عەیبـە یـان لـە ترسـان نەبووایـە، پارەکـەم وەرنەدەگـرت!!

## چوونمان بۆ مووسڵ بۆ کڕینی عەردی دکتۆرێکی ئەویّ

لـە بـەر بچووکـی ژوورەکان و نەبوونـی مەتبەخێکـی ڕۆژئاوایـی و بچووکـی باخچەکەمـان، ناچـار بـووم خانووەکـەم بفرۆشـم و بـە دوای پارچـە عەردێکـی گـەورەتـردا بگـەڕێم.

زۆر گـەڕام و سـووڕام، هیـچ پارچـە عەردێکـی هـەرزان بەهـام لـە گـەڕەکەکـەی خۆمـان بـە دەسـت نەکـەوت، ئـەو پـارە و پوولـەش کـە بـە دەستمەوە بـوو، پارچـە عەردێکـی لـە عەردەکـەی خـۆم گـەورەتـری پـێ نەدەهـات.

نرخـی عـەرد بـەرز ببـۆوە، جاران پێش ساڵێك کـەس مەتـری عـەردی بـە چـل دینـار نەدەکـڕی، کەچـی بەختـی مـن بـەرز بـۆوە بـۆ حەفتـا دینـار.

ڕۆژێك بـە دوای پارچـە عەردێك دەگـەڕام، چەنـد نووسینگەیەکـی کـڕیـن و فرۆشـتنی زەویـوزارم بـە سـەر کـردەوە و نـاوی خـۆم لای هەموویـان نووسـی، بـۆ کـڕینـی پارچـە عەردێك. لـە نووسـینگەی مـام ڕەسـول دانیشـتبووم، بـاس باسـی بـەرز بوونـەوەی نرخـی زەویـوزار بـوو. لـەو کاتـەدا عەبـۆ زەبـۆك هاتـە ژوورەوە و لـە بـازاڕی زەویـوزاری دەپرسـی. دیار بوو پێشتر زۆر هاتوچۆی ئەم نووسینگەیەی کردبوو،

بۆیە لەگەڵیان وەکو یەك ماڵ وابوو، بە سەربەستی لە ناویدا دەخولایەوە و دەفتەری ناو نووسینگەکەی هەڵدەدایەوە.
سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ بە بەر دەرگای ماڵی عەبۆ ڕەت بووم، بانگی کردم و وتی: دەڵێی تۆش خەریکی کڕینی عەردی؟
وتم: نیازم وایە عەردێك بکڕم، بەڵام پارەکەم هیچی پێ نایەت، ئەگەر ئەو بڕە پارەیەی بە دەستمەوەیە، هەمووی بە عەرد بدەم، ئەوا هیچم لە ناو دەست نامێنێتەوە خانووی پێ بکەم.
لە قاقای پێکەنینی دا و وتی: هەی لە منت نەکەوێ، ئەدی من چیمە لێرە! لەگەڵ خۆم عەردێکت بۆ دەکڕم، مەتری بە سێ دینار.
پێکەنینم بە قسەکەی هات وتم: عەبۆ تۆش دەتەوێ پێمان ڕابوێری؟!
زیاتر هاتە پێشەوە و دەستی خستە سەر شانم و وتی: تۆ وەکو کوڕی خۆمی، چۆن گاڵتەی وات لەگەڵ دەکەم، لەگەڵ تۆش نەبێ، لەگەڵ کەسی تر شەراکەتی وەها ناکەم.
زیاتر لە سەری ڕۆیشت و وتی: ئەگەر باوەڕیش ناکەیت، لەگەڵم وەرە، هەر لە پشت خانووەکەی خۆت، پارچە عەردێکی هەزار و دوو سەد مەتری هەیە، بە یەکەوە دەیکڕین.
وتم: دەزانم هەیە، بەڵام کێ دەڵێ خاوەنەکەی بەو نرخە دەماندانتێ؟
وتی: تۆ هەقت نەبێ، بەیانی خۆت بگۆڕە و بە یەکەوە دەچین بۆ مووسڵ. من هەرچیم وت تۆ بۆم تەرجەمەی عەرەبی بکە، بەڵام پێکەنینت نەیەت.
سەرم لە قسەکانی سوڕما وتم: مووسڵ بۆ؟
وتی: خاوەنی ئەو پارچە عەردە دکتۆرێکی مووسڵاوییە و

شوێنەکەی لە بابولتۆپە و جارێکی تریش چوومە بەس لەوێ نەبوو.
هەندێك بیرم لە قسەکانی کردەوە، نەچووە ئەقڵم، فێڵ و تەڵەکەبازی و ساختەکانیم هاتنەوە بەرچاو لە بیری خۆم وتم (ڕەنگ بێت بمباتە سەر زێ و بە تینوویێتی بمهێنێتەوە. مەگەر ئەمجارەش ئۆینێکی تری لە ژێر سەر نەبێت).
لێکدانەوەی مێشکی خۆم کرد، بێ سوود بوو. سەرەڕای ئەوەش بڕیارم دا لەگەڵی بچمە مووسڵ، لە بیری خۆم وتم (هەر هیچ نەبێ بە گەشتێکی دادەنێم و هەندێك کەلوپەلی پێویستیش لەوێ دەکڕم).
بۆ بەیانی ناوی خوامان لێ هێنا و بەرەو مووسڵ کەوتینە ڕێ، لە ناو ئۆتۆمبێلەکە پێم وت: تۆ ئەو دکتۆرەت چۆن ناسی و چۆن زانیت ئەو عەردە هی ئەوە و دەیفرۆشێت؟
بە پێکەنینەوە وتی: کوڕەکەم، ئەو ڕۆژەی هاتمە نووسینگەی مام ڕسوول بۆ کڕینی عەرد، ئەی نەتبینی دەفتەری ناوەکانم هەڵدەداوە؟ لە ناو دەفتەرەکە ئەم زانیارییانە و ناونیشان و نمرەی تەلەفۆنی دکتۆرەکەم دەرهێنا.
کە وای وت، بە دەنگێکی گەورە وتم: هەی ساختەچی، شەیتان بە شەیتانێتی خۆی ڕێ بەمە نابات، چۆن ئەمەت زانی؟!
بە تووڕەییەوە وتی: چۆن بە من دەڵێی ساختەچی، ئەمە زیرەکایەتییە، ئەی وەکو تۆ باشە، خۆت فەقیرحاڵ کردووە و ئەو دەلاڵە قۆڵبڕانە دەتبڕنەوە.
بە هەزار حاڵ دڵیم دایەوە و ئاشتم کردەوە. گەیشتینە جێ، هێشتان دکتۆر نەهاتبوو، پێش ئەو گەیشتینە عیادەکەی، لە ساڵۆنەکە دانیشتین. ڕووی تێ کردم وتی: ئەم ئیشەی ئێمە

پرۆڤەیەکی دەوێ، هەتا لێمان تێك نەچێ و دکتۆریش پێمان باوەڕ بکات، بۆیە من چیت پێ دەڵێم، بۆ عەرەبی بگۆڕە و هیچ مەپرسە بۆ و لەبەر چی؟

بە پێکەنینەوە وتم: پرۆڤەی چی، خۆ ئێمە تەمسیل ناکەین. ئەو دکتۆرە عەرد دەفرۆشێت و ئێمەش کڕیارین. هەموو دوو پرسیارە، پێی دەڵێین عەردەکەت دەفرۆشیت یان نا و بە چەندی دەفرۆشی؟

پڕ بە دەمی جرتێکی کێشا و وتی: تڕحێو، بە خۆشت دەڵێی ڕۆشنبیر!! ئاخر هەر وات کردووە، بۆیە نەبوویتە خاوەنی هیچ. دەتەوێ ئەم عەردەش وەکو عەردەکەی لە مەڕ عومەر لێ بکەیت. ساڵێك بوو پێی دەوتم، دیناریکم بۆی زیاد نەکرد، کەچی تۆ بە ڕۆژێك دوو دینارت بۆ زیاد کرد.

وتم: ئەوەی چوو، چوو، با هیچی تر لە دوو چووان نەچین، با بێینەوە سەر باسی عەردەکەی دکتۆر. من عەردەکەی دکتۆرم بینیوە، لە تەنیشت عەردەکەی ئەو، عەردی مامۆستایەکە مەتری داوای حەفتا دینار دەکات، بەڵام ڕووبەرەکەی لە هی دکتۆر کەمترە. با ئەوەی دکتۆریش حەفتا دینار نەهێنێ، لە بەر زۆریی ڕووبەرەکەی، خۆ هەر هیچ نەبێت، داوای شەست دینار دەکات.

وتی: من دەڵێم نێرە، تۆ دەڵێی بیدۆشە! ئەی لە دوێنێوە چی دەڕێسم؟ تۆ ناتەوێ مەتری بە سی دینار لە ژێر چنگی دەربهێنم؟

قەناعەتم بە قسەکانی نەهات و وتم: دیارە دکتۆر ئەو شەهادەیەی بە فشە وەرگرتووە؟!

وتی: پەیوەندی بە زیرەکی و چاپووکییەوە نییە، ئەم دکتۆرە بیست ساڵ لەمەوبەر مەتری ئەم عەردەی بە پەنجا فلس لە بنەماڵەی مەلا فەندی کڕیوە و هەر لەو کاتەوە چاوی بە هەولێر نەکەوتووە و ئەگەر بێتیش نایدۆزێتەوە.

سەرم لێی سوڕما کە ئەم هەموو زانیارییەی لە بارەی دکتۆرەوە چۆن بە دەست گەیشتووە. ئەگەر دایەرەی ئاماریش بوایە، ئەمەی پێ نەدەکرا. نازانم ئەم سەگبابە ئەم بەهرەیەی لە کێ بۆ ماوەتەوە. بیەوێت یەکێك بتڕێنێ، زانیاری لە سەر خۆی و چوار پشتی کۆ دەکاتەوە.

لەو کاتەدا دکتۆر گەیشتە جێ. دکتۆرێکی بە ساڵاچووی پیری شەت و گێڕی چاو کز، چاویلکەیەکی پزیشکی لە چاو کردبوو، وا پێ دەچوو، گوێیەکانیشی گران بووبن، بۆیە سەماعەی لە ناو گوێی خۆی دانابوو. چووە جێی خۆی و دانیشت، جەڕەسی لێدا، بانگی فەڕاشەکەی کرد و پێی وت: با بێنە ژوورەوە.

چووینە ژوورەوە، هەردووکمان لە تەنیشت یەك، لە بەرامبەری دانیشتین. دوای سڵاو و ڕێز، عەبۆ ڕووی لە دکتۆر کرد و بە زمانی کوردی وتی: دکتۆر هاتووینە عەردەکەی هەولێرت لێ بکڕین؟

دکتۆریش سەری خۆی لەقاند و وتی: أحچی بالعربی ما أفتهم؟

عەبۆ ڕووی لە من کرد و وتی: بۆی بگۆڕە سەر زمانی عەرەبی. ئیتر ئەوەبوو، عەبۆ دەستی پێ کرد و منیش باش و خراپ، چی دەوت بۆیم دەکردەوە عەرەبی. قسەی وای دەکرد، سەر بە هەش پێی پێدەکەنی. هەتا بۆیم وەرگێڕا سەر زمانی عەرەبی، هەموو لێوەکانی خۆم لە تاوان کرۆشتەوە. لە تاوان وەخت بوو وەك دەبدەبە بتەقم، دەیوت: پیاوێکی هەژارم، چەند سەر مەڕێکم هەیە، لەگەڵ ڕەشماڵێك، لە دارەتی دونیا لەوەندە زیاتر هیچی تر شك نابەم. خاوەنی دە سەر خێزانیشم، گوزەرانم زۆر زەحمەت بووە و لە ناو شاریش لەوەڕگا نەماوە، شارەوانیش تەنگی پێ

هەڵچنیوم و لێ ناگەڕێ مەڕەکانم بە ئارەزووی خۆم بلەوەڕێنم.
زەوییەکەی تۆش بۆ لەوەڕگا زۆر باشە، کەوتۆتە دەرەوەی شار و شوێنەکەی چۆڵە و ئاوی باران و چڵپاوی شاریشی دێتەوە سەر، بۆیە ساڵ وەختی ساڵ گیای سەوزی لێ نابڕێت. منیش دەمەوێ ئەو پارەو پوولەی کە هەمە، بەو عەردەی تۆی بدەم و ڕەشماڵێکیشم هەیە، لەناوی هەڵدەم و لە دەستی کرێچییاتیش ڕزگارم دەبێت.
دکتۆرەکە ئەبڵەق ببوو، دەمی بستێك بەش ببۆوە، لەگەڵ وەرگێڕانی هەر دێڕێك لەو قسانە، مووچڕکێکی ساردی بە لەشدا دەهات، گوێیەکانی وەك گوێی کەروێشك قیت کردبۆوە، لە سەرسامییان چاوەکانی زەق کردبۆوە.
کە لە قسەکان بووینەوە، دڵی لە خۆ چوو، پشتاو پشت بە کورسییەوە بەربۆوە. هەندێك ئاومان بە دەموچاوی داکرد و بە دەنگی بەرز بانگمان کرد دکتۆر. دکتۆر. بە هەزار ناڵەی عەلی هەتا بە خۆی هاتەوە و هەستاوە سەر پێ. عەبۆ زەبۆکیش هەر لە سەر پیکی خۆی بوو، ڕووی لە دکتۆر کردەوە و وتی: دکتۆر بۆ فرۆشتنی عەردەکەت چی دەڵێی؟
دکتۆریش بە نقەنق و جقە جق هاتە وەڵام و وتی: ماقووڵە ئەمە بیست ساڵە شاری هەولێر نەگەیشتبێتە لای عەردەکەی من؟!
ئەویش بە پێکەنینەوە وتی: بە بیست ساڵی تریش شار ناگاتە ئەوێ، بۆیە من مەراقم لێی داوە و دەمەوێ بیکەمە لەوەڕگا.
هەرچەندە ئەم عەبۆیە وەکو ڕێوی وایە، فڕوفێڵی لە بن نایە، بەڵام مووسڵاوی لەو ڕێوی ترن، هەروەکو پەندەکەی لە مەڕ خۆشیان کە دەڵێ (هاموشۆی ڕێوی بکە، بەڵام هاموشۆی مووسڵاوییان مەکە).
ئەمە ڕاست دەرچوو، دکتۆرەکە سەرەڕای پیری و پەککەوتوویی،

لە عەبۆ زەبۆك زۆرزانتر دەرچوو. هەرچەندی هەوڵ و تەقەلامان لەگەڵ دا، کە نرخێك بۆ فرۆشتنی عەردەکەی دابنێ، هەتا ئێمەش قسەیەکی لێوە بکەین. بەڵام ئەو نقەی لێوە نەهات و چەند بەرد هاتە وەڵام، ئەویش هەر ئەوەندە.

ئاخیری وتمان: تۆ ئەم عەردەی خۆت دەفرۆشی یان نا؟

وتی: دەیفرۆشم.

وتمان: کەواتە بڵێ بە فلسێك.

وتی: ئەو زانیارییەی ئێوە لە بارەی عەردەکەمەوە باستان کرد، ڕیسی لێ کردمەوە خوری. من باش لە عەردەکەم گەیشتبووم، بۆیە بە مام ڕەسووڵم وتبوو بە نرخێکی باش بۆم بفرۆشێ. ئێستاش ئێوە عەردەکەتان لێ کردمە کەری تۆپی و هەرچەندی پێی بدەن، خەسارە و ناهێنێ.

عەبۆ بەم قسەیە دڵی خۆش بوو، خۆی پێ نەگیرا، کیسەیەك بیست و پێنج دیناری دەرهێنا و وتی: مەتری بە سی دینار بۆ من، با خەسار بێت، من بۆ لەوەڕگامە، خۆ بۆ دروستکردنی قەسری زهوورم نییە!!

دکتۆر سەرێکی هێنا و سەرێکی برد، ئاخیری بڕیاری لەسەر ئەوە دا، کە سەردانی هەولێر بکات و لەگەڵ ڕووپێوی تاپۆ عەردەکەی بەسەر بکاتەوە و پرسێکی نرخی عەردی دەوروبەری عەردەکەی خۆی بکات، ئەو کات وەعد وەعدی پیاو بێت، مەتری دینارێکیش کەمتر لە خەڵکی تر عەردەکەی بفرۆشێتەوە ئێمە.

کە وای وت، عەبۆ زەبۆك بێ هیوا بوو، زمانی خۆی گەستەوە و ڕووی لە من کرد و وتی: ئیشەکەمان فت!!

هەرچەند زۆرم بە لاوە ناخۆش بوو، کە لەو گەشتەماندا مایە پووچ ماینەوە و ماندووبوونمان بە فیڕۆ چوو، کەچی سەرەڕای

ئەوەش زۆرم پێ خۆش بوو، ئەمجارەیان فیڵەکەی سەری نەگرت. هەستاینە سەر پێ و خوا حافیزیمان لە دکتۆر کرد، پێش ئەوەبی بچینە دەرەوە، عەبۆ زەبۆك داوای لە دکتۆر کرد کە کارتۆنێك شیری بلارکۆنی بۆ بنووسێت، بە بیانووی ئەوەی گوایا دوو مناڵی جمکیان تازە بووە، یەکێکی تریشی هێشتان هەر شیرە خۆرەیە و ژنەکەشی لە سەر جێ کەوتووە و کەس نییە بەخێویان بکات.
ئەوەبوو دکتۆر پسووڵەیەکی بۆ نووسی و لە ژێرەوەی عیادەکەی دکتۆر دەرمانخانەیەك هەبوو، کە هی ژنی دکتۆرەکە بوو، یەك کارتۆن شیری بلارکۆنی وەرگرت.
خوا نەبێت کەس سەری لەم عفریتە دەرناچێت، ئەمەش ئۆینێکی ترە، مەگەر دۆڕاندنی عەردەکەی پێ پڕ نەکاتەوە!
پێم وت: عەبۆ کوا مناڵی شیرە خۆرەتان هەیە؟
لە قاقای پێکەنینی دا و وتی: پەلە مەکە هەموو شتێك هۆی خۆی هەیە، جارێ بەس تەماشا بکە، دوایی دەزانیت، مەگەر عەبۆ نەبم، چۆن لێدەگەڕێم زەرەر بکەم!
هەندێك دوور کەوتینەوە، کارتۆنە شیرەکەی بە چوار قاتی نرخەکەی فرۆشتەوە و پارەکەی خستە تەنکەی باخەڵی. بە سەرسوڕمانەوە وتم: ئەوە چییە؟
وتی: ئەی چۆن، نابێ خەرجی هاتوچۆم دەربێت؟!

## چۆن دووکانەکەی بە بێ مۆڵەت تەواو کرد

نیوەی خانووەکانی گەڕەکی موفتی لە لایەن عەبۆ زەبۆکەوە دروست کرابوون، بۆیە زۆر کەس ناوی گەڕەکەکەی ئێمەی بە عەبۆیەوە دەبرد. وەکو بڵێی لەم دوا دواییەدا، عەبۆ هەستی بەوە کردبێت کە خانووفرۆشتن ڕەواجی نەمابێت، لەبەر کەمبوونەوەی عەردی فرۆشتن و بەرزبوونەوەی نرخەکانیان و نرخی کەرەستەی خانوو و کرێی کرێکار و زۆر تەنگ و چەڵەمەی تر. بۆیە ماوەیەك بوو بە دوای ئۆینێکی تر دەگەڕا، کە بە هۆی ئەوەوە نانێکی چەوری دەست بکەوێت.

عەبۆ پیاوێکی زۆر ماندوو و شەکەت بوو، نەیدەزانی حەسانەوە و دانیشتن چییە، شەو و ڕۆژ لە کارکردن و کەسابەتدا بوو. سەرێکی هەبوو سەد سەودا، بە قەد جووێکی هەبوو، ئەگەر بشتدیتبا، زگت پێی دەسووتا و خێرت پێی دەکرد.

هەموو دەمێك دەکڕووزایەوە و دەنووزاوە، لە باسی پارە و دراو زیاتر هیچی تری لەسەر زار نەبوو.

بەیانییێکی ڕۆژی هەینی بەلای ماڵی عەبۆ هاتمە خوارەوە، بینیم هەندێك کرێکار بە قازمە و خاکەناس خەریکی حەوشەکەی

عەبۆ زەبۆکن و دەیهێننە خوارەوە.
هەندێکی تریش خەریکی بڕینەوەی دار پرتەقاڵ و هەرمێ و بوون.
کە دیمەنی ئەو دار پرتەقاڵ و هەرمێیانەم بە بڕاوی بینی، کەللەم بۆیان دەتەزی.
ئۆفێکم هەڵکێشا و لە بیری خۆم وتم (پەکوو دەڵێی ئەم پیاوە خلافاوە، بۆچی ئەم حەوشە جوانە و دارە نایابانەی بەرداوەتەوە؟!).
هەتا چوومە بازار □و هاتمەوە، ئەو جارەیان بینیم، لە شوێنی ڕووخاوەکە، ژوورێکی خنجیلانەی لێ بەرز کراوەتەوە و دەرگایەکیشی لە دیوی دەرەوە تێ گیراوە.
چوومە لای وتم: دەتەوێ ئەم ژوورە بچووکە بکەیتە چی؟
زۆری لەسەر ڕۆیشت وتی: خەرجی گرانە، کیلۆی مریشك بە دینار و نیوێکە، گۆشتی ئاژەڵیش بە پێنج دینارە، دەستەی هێلکە دوانزە پەنجایی... مەنجەڵێکی ماست کە بەشی یەك ڕۆژ بکات بە دوو دینارە.
وتم: مەبەستت چییە؟
وتی: نیازم وایە ئەم کۆڵیتە لەم قوژبنە دروست بکەم و هەندێك مریشك و ئاژەڵی تیا بەخێو بکەم.
هەر ئەو ڕۆژە هەندێك کرێکار بەسەر دیوارەکە کەوتن و دار سپینداریان لەسەر دیوارەکان ڕایەڵ کرد و دوای خۆڵەبان خەفتەیەك کۆنکریتیان لەسەر گرتەوە و سەبیان کرد. لە دیوی ناوەوەی ژوورەکەش دوو وەستا و چوار کرێکار خەریکی لەبخکردنی دیوارەکان بوون. نەگەیشتە شەو، دەستەیەکی تری کرێکاران بە گورجی بە دوو سێ خەفتە عەردی ژوورەوەیان کۆنکریت کرد.
هەرچەندی بیرم لێ دەکردەوە، سەرم لێ دەرنەدەکرد، لە بیری

خۆم دەموت (دروستکردنی کۆلیتی مریشک ئەم هەموو پەلەیی و سەین و بەینەی بۆ چییە).
چوومە لای لێم پرسی: عەبۆ ئەگەر کەس نەتناسێ، من دەتناسم بابی چەندی! هەر بەخۆم دەتناسم چ ماڵێکی، شەیتان بە شەیتانێتی خۆی لە دەستی تۆ ڕزگاری نەبووە. بە ڕاستی پێم بڵێ ئەمەت بۆ چییە؟!
لە قاقای پێکەنینی دا و وتی: بە سەری مناڵەکانم ئەگەر نیو سەعات پێش ئێستا ئەم پرسیارەت لێ بکردبام، بەڕاستی وەڵامم نەدەدایتەوە، بەڵام ئێستا بێ ترس و بە ڕاستیش وەڵامت دەدەمەوە.
بە سەرسوڕمانەوە وتم: بۆ؟
وتی: ئەمەم بۆ دووکان دروست کردووە، نەك کۆڵیتی مریشك و ئاژەڵ بەخێوکردن. هەر بۆیەش ئێستا ڕاستییەکەت پێدەڵێم، چونکە تەواو بووە و چاودێری شارەوانی ناتوانێ تەشقەڵەم پێ بکات و ئیشەکەم پێ ڕابگرێ.
وتم: خۆ چاودێری شارەوانی لێرە نەبوو، کە ئەو هەموو درۆیەت بۆ من هەڵبەست!
بە دەست ئیشارەتی بۆ دووکانەکەی مام مەحەمەدی دراوسێیان کرد و وتی: ئەم دووکانە دەبینی؟
وتم: بەڵێ، مەبەستت چییە؟
وتی: ساڵێك زیاترە لە ترسی ئەو نەمتوانیوە بەبێ پرس دووکانێك لە سەر موڵکی خۆم دروست بکەم. جارێك ویستم لە سووچەکەی تری باخچەکەمان دووکانێك دروست بکەم، کەچی بێ ویژدانەی بە دزی لە ژێرەوە چاودێری شارەوانی و بەڕێوەبەری ڕاژەگوزاری لێ وەئاگا هێنام، دوای ئەو هەموو مەسرەف و ماندوو بوونە و دار بڕینەوەیە، ڕیسم لێ بووە خوری و کارەکەیان پێ ڕاگرتم

و دیوارەکانیشیان پێ هەڵوەشاندمەوە. بۆیە ئەوجارەیان هەر زوو دەستم بە پڕۆپاگاندەکردن کرد، گوایا کۆڵیتێک بۆ مریشک و ئاژەڵ بەخێوکردن دروست دەکەم، نەبادا دیسان مام مەحەمەد یان کەسێکی تر لە ژێرەوە گورگەکانی شارەوانیم لێ وەئاگا بهێنێت و پەندی پارەکەم پێ بکەن.

## عەبۆ خۆی دەکاتە وەکیلی کۆمپانیای جگەرە لە هەولێر

عەبۆ زەبۆك كلكی لە هەموو شوێنێك دەجووڵێتەوە، هەر ڕۆژی لە لایەکە، هەر کار و کاسبییەك خێری پێوەبێت، وەکو پشیلە لە دوورەوە بۆنی دەکات و خۆی دەگەیەنێتێ.

هەفتەیەك زیاتر بوو، لەگەڵ مام مەحەمەد یەکی فایلێکیان خستبووە بن هەنگڵ و لە ڕێگای کارگەی جگەرە دەهاتن و دەچوون.

لە مام مەحەمەدم پرسی: دەڵێی لەگەڵ عەبۆ شتێکتان بە دەستەوەیە، وا بە یەکەوە گونجاون و خەریکن؟!

بە پێکەنینەوە وتی: خوا خێری بنووسێ، ئاگام لە هیچ نەبوو، ئاگاداری کردمەوە، کە کۆمپانیای جگارە نیازی وایە وەکالەتی فرۆشتنی جگارە بداتە ئەو کەسانەی مەرجەکانی ئەو وەکالەتەیان تیا هەیە.

زۆرم زگ پێی سووتا، لەوە دەترسام فیتنەیەکی لێ بقەومێ، ئەگینا ئاگادارم دەکردەوە کە ئاگای لە خۆی بێت نەبادا بیفرۆشێت و بە خۆشی نەزانێ هەروەکو چۆن منیشی بە دوای خۆی دا بۆ مووسڵ بێ ئەوەی فلسێکی قەڵپی لێ قازانج بکەم.

ئـەم سـاختەچییە خـوا بەهرەیەکـی وای داوەتـێ، گیـات بـۆ دێنێتـە چـۆکان و هیچیش نییە. منەتێکـی بە خۆڕایـی هەڵدەگریت و زۆر مەمنوونیشـی دەبیت و لەسـەر حسێبی تۆ گەلێك چاکـە و پیاوەتیش دەکات بێ ئـەوەی هیچیشـت بۆ بـکات. بەڵام بە کێ دەڵێی؟!
دانـم بـە خۆمـدا گـرت و ئـەوەی لـە دڵمـدا بـوو، لـە دڵـی خۆمـم هێشـتەوە، بـە چـاك و خـراپ ئامۆژگاریـم نەکـرد.
چەنـد مانگێـك بەسـەر چـوو، ڕۆژێـك بـە بـەردەم دووکانەکـەی مـام مەحەمـەد ڕەت بـووم، سـڵاوم لێـی کـرد و وەری گرتـەوە. جگارەخۆرێك لـە لای دانیشتم. هـەر پرتـە و بۆڵـە بۆڵـی بـوو، لەبەر خۆیەوە دەیوت: سـەگی سـەگبابی وا، دوو مانـگ زیاتـر لـە ئیشـی کـردم و مەسرەفی تاکسی و بەرتیلدان و دەعوەت و دەعوەتکاری و پارەی دیاری و پـوول و سـکاڵای پێ دام و وەکـو کـووچ کووچـەش منـی دایـە دوای خۆیـەوە لـەو دایـەرە بـۆ ئـەو دایـەرە و لـەو گـەراج بـۆ ئـەو گـەراج، چییـە وەکالەتـی پاکـەت فرۆشـتن بـە جوملـە بـۆ خۆی و بۆ مـن دەردێنـێ. لە دواییشـدا وەکالەتەکـەی تەنیا بۆ خۆی دەرهێنـا. دەشـڵێ چییـە، وەڵـڵا تەنیـا یـەك وەکیلیـان دەوێ!!
منیش وتم: چۆن، وەکالەتەکـەیان بەس دا بە ئەو؟
وتـی: کـێ بزانـێ ئـەو ڕیوییـە هەمـوو زانیـاری و یاسـاکانی ئەوانـی ئەزبـەر کـردووە و بـە تاکـە مەرجێـك هەمـوو مەرجەکانـی ئێمـە دەداتـە لاوە!!
سـەرم لـە مەسـەلەی ئـەو تاکـە مەرجـە و مەرجەکانـی تـر دەرنەچـوو، ڕووم تێـی کـرد و وتـم: لێـت حاڵـی نەبـووم، تکایـە زیاتـر ڕوونـی بکـەوە؟
بـە درێـژی لـە سـەرەتاوە هەتـا دوایـی مەسـەلەی وەکالەتەکـەی بـۆ گێڕامـەوە وتـی: منـی بـە دوای خـۆی دا، هەمـوو بـازاڕی پـێ کـردم،

چەند گەراجی گەورە هەیە، هەمووی بەسەر کردنەوە، بۆ بەکرێگرتنی دوو گەراج، یەکیان بۆ من و ئەوی تریشیان بۆ خۆی. منیش هیچم لێ نەزانی و لە مەبەستی نەگەیشتم، دەیەوێ چی بکات و پێشی نەدەوتم. ئەگەر لێشم بپرسیبا، دەیوت (تۆ بەس لەگەڵم وەرە و تەماشا بکە و هیچ دەنگ مەکە). ئەوەبوو لەگەڵ دوو خاوەن گەراج ڕێککەوت، بۆ بەکرێگرتنی گەراجەکانیان، یەکیان بۆ من و ئەوی تریشیان بۆ خۆی. ئەوەی ڕاستی بێت خاوەن گەراجەکان لە بەکرێدان نەبوون، بەڵام ئەم زۆڵە بە ناوی ئەوە لە ژێر چنگی دەرهێنان گوایا گەنم و جۆیەکی زۆری دووریوەتەوە و جێگای نییە تێی بکا، ئەو گەراجانەش شوێنی باشن بۆ عەمباردانی گەنم و جۆ و فرۆشتنی. مام مەحەمەد لە درێژەی قسەکانیدا وتی: عەبۆ زەبۆك ڕێککەوتنێکی لەگەڵ خاوەن گەراجەکان بۆ ماوەی یەك مانگ و بە کرێی (٥٠٠) دینار بەست. پێی وتبووم کە هەقم بە سەر هیچەوە نەبێت ئەگینا هەر زوو دەموت گەنم و جۆی چی؟ ئێمە بۆ وەکالەتی جگارە هاتووین، یان عەمبارکردنی گەنم و جۆ؟ بەڵام ئارامم گرت و هیچ دەنگم نەکرد، هەتا ڕێککەوتنەکەمان تەواو کرد و گەڕاینەوە. لە گەڕانەوەدا لێم پرسی ( بۆ بە کابرای خاوەن گەراجت وت بۆ عەمبارکردنی گەنم و جۆمانە، نەتوت بۆ پاکەت فرۆشتنمانە؟) عەبۆش وتی (ئەگەر بۆ ئەو ماوە کورتە نەبایە خاوەنی ئەو گەراجانە بە دە هەزار دیناریش بە سەر قوفڵانە نەیدەدا. خۆ ئێمەش هەر تەنیا یەك مانگ ئیشمان پێیەتی دوای ئەو ماوەیە کلیلەکان دەدەینەوە خاوەنەکەی و کرێیەکەشمان بۆ دەگەڕێتەوە.

مام مەحەمەد بەردەوام بوو لە سەر گێڕانەوەی سەربردەکەی و

وتی: منیش وتم ئەگەر وایە بۆ ئەم گەراجانەت بەکرێ گرت. دەبا بۆ ئەو ماوەیە کەمەش هەر نەبوایە. کە ئەمەم پێی وت، عەبۆ وتی (چۆن وا دەڵێی، ئەگەر ئەم ڕێککەوتنەمان بە دەستەوە نەبێت، مەرجێك لە مەرجەکانی بەرزکردنەوەی داوای وەرگرتنی وەکالەتەکەمان ناتەواو دەبێت و سەیری مەعامەلەکەمان ناکەن، چونکە دوای بەرزکردنەوەی داواکاری بۆ کۆمپانیای جگارە، لیژنەیەك دێتە تەماشای گەراجەکە و لە بەر ڕۆشنایی ڕووبەرەکەی بڕیار لە سەر دان و نەدانی وەکالەتەکە دەدات).

هەرچەندە زۆر ئیشم هەبوو، بەڵام لە بەر خۆشی سەربردەکە و نوێیی ساختەکەی عەبۆ زەبۆك، هەڵنەستام و گوێیەکانم بۆ قسەکانی مام مەحەمەد قوڵاخ کرد. لە سەرێکەوە پێکەنینم پێی دەهات، لە سەرێکی تریشەوە، دڵم بۆی دەزووریایەوە. ئەویش بەردەوام بوو، لە سەر گێڕانەوەی مەسەلەی وەکالەتەکە و وتی: دوای ئەو هەموو مەسرەف و چاوەڕوانی و دووکان داخستنە، هەموو ماندووبوونەکەم بەلاش چوو، جەنابیشی وەکالەتەکەی بۆ خۆی وەرگرت و زیکەی چاوەکانی هێنام.

پێکەنیم هات وتم: لەوەندەی گێڕاتەوە، هیچ خەتای عەبۆی تیا نەبوو، وەکو خۆت وتت، بۆ هەموو شوێنێك هەر بە یەکەوە دەچوون و بە یەکەوەش مەعامەلەکەتان بۆ کۆمپانیای جگارە بەرز کردەوە.

ئاهێکی درێژی هەڵکێشا و وتی: هیچ منی نەکوشتووە ئەوە نەبێت، بۆ هەرکێی بگێڕمەوە قەرزاریشم دەکاتەوە!

ڕووی تێ کردم و وتی: دەزانی خەتاکەی چی بوو؟!وتم: چی بوو؟

وتی: ئەو ڕیوییە فێڵبازە هەر لە هەوەڵەوە دەیزانی یەك وەکیلیان دەوێ و دەیدەنە ئەو کەسە کە گەراجەکەی لە هی هەمووان

گەورەتر بێت. هەر بۆیەش گەراجە گەورەکەی بۆ خۆی دانا و بچووکەکەی بۆ من هێشتەوە.
منیش وتم: گومانی خراپ مەبە، بەڵکو ئەویش وەکو تۆ نەیزانیبێ؟
سەری خۆی لەقاند و وتی: تۆ لە من باشتر ئەم عەبۆیە دەناسی و دەزانی چماڵێکی قەڵپە. سەرۆکی لێژنە پێی وتم، زۆر لە مێژە بە عەبۆمان وتووە یەك وەکیلمان دەوێ و دەیدەینە ئەو کەسە کە گەراجەکەی لە هەمووان گەورەتر بێت.
زۆرم مەراق بوو بزانم بۆچی ڕێککەوتنەکەی بۆ یەك مانگ بەست. لە مام مەحەمەدم پرسی: نەتزانی بۆچی ڕێککەوتنەکەی بۆ یەك مانگ بەست؟
بە سەرسوڕمانەوە وتی: ماقووڵە تۆ نەزانیت؟!
وتم: بۆ ماقووڵ نییە، دیارە وەکالەتەکەی هەر بۆ یەك مانگ دەردێنێ؟
وتی: ئەم هەموو شەڕەشەقەی بۆ وەرگرتنی وەکالەتەکەیە و چۆن وا بە ئاسانی وازی لێ دەهێنێ؟!
وتم: ئەی نەتوت مەرجی سەرەکی بۆ وەکالەتەکە گەراجەکە و ڕێککەوتنەکەیە؟
وتی: هەر ئەو ڕۆژەی لیژنە لە تەماشای گەراجەکە بوونەوە و بڕیاریان لە سەر دانی وەکالەتەکە بە عەبۆ زەبۆك دا، کلیلەکانی داوە خاوەنەکەی و هیچ ئیشی بە گەراجەکە نەما.
بە سەرسوڕمانەوە وتم: ئەی ئەم گەراجەی بۆ چی بوو؟
وتی: تەنیا بۆ بڕیار لەسەردانی لیژنەکە بوو.
وتم: ئەی کە پاکەتەکان وەردەگرێ، لە کوێ دایاندەگرێت؟
بە پێکەنینەوە وتی: داگرتنی چی؟ بۆ دێڵێ بکەوێتە سەر

عەرد، هەر لە سەر پشتی لۆرییەکەوە بە چوار قاتی نرخی خۆی دەیفرۆشێتەوە بازاڕی ڕەش.

## چۆن عەبۆ زەبۆک مۆڵەتی دووکانەکەی بە ڕەسمی وەردەگرێت

مام مەحەمەدی بەخت ڕەش دیسان بووە نێچیری عەبۆ و جارێکی تر وەکو دووپشک پێی وەدا، ئەو جارەیان بۆ هەتا هەتایە لە وەرگرتنی مۆڵەتی دووکانەکەی بێ بەش بوو.
کێ بزانێ شارەوانی یاسای نوێی لەبارەی مۆڵەتدانی دووکانەوە بۆ دەرچووە و بەو پێیە ئەو دوکانانەی لە ناو گەڕەکە نیشتەجێیەکان کراون وەیان دەکرێن ئەگەر هەندێ مەرجی تایبەتییان هەبێت مۆڵەتیان پێ بدرێت. قەت عەبۆ نەبووە ئاوڕ لە دراوسێی خۆی بداتەوە ئەگەر کارێکی پێ نەبووبێت. لەم دواییەدا عەبۆ زیاتر لە جاران ڕایدەگرتم و لە دووکانەکەی خۆی کێك و ساردی بە زۆری دەرخوارد دەدام. نەك هەر ئەوەندە، بەم دواییە لەوەش ڕەتی کرد، تا گەیشتە ئەوە دوو قوتوو شیری گەورەی بە تۆپزی دامێ و پارەکەشی لێ وەرنەگرتم.
هەر زوو زانیم ئەو ماستە مووێکی تێدایە، بەڵام خۆم لە گێلی دا، هەتا بزانم چ ئۆینێکی تری لە ژێر سەردایە. تڕێنەری وەکو خۆی قەت نەبووە، ئەگەر بیەوێ داوای ئیشێك وەیان شتێك لە یەکێك

بکات یان واسیدەی پێ بکات، حەفتەیەك لەوەوبەر زانیارییەکی تەواوی لە سەر خۆی و کەسوکار و هاوڕێیەکانی کۆ دەکاتەوە. دوای ئەوەش لە هەلێك دەگەڕێ دیاریی پێشکەش بکات.

شەوێك بە ئیشوکاری دایەرە خەریك بووم، هەتا درەنگ نەگەڕامەوە ماڵێ، کە هاتمەوە هاوسەرەکەم وتی: ئەوە دیسان عەبۆ چ ئیشێکی پێتە؟

وتم: بۆ؟

وتی: ئەمڕۆ لە نیوەڕۆوە هەتا ئێستا زیاتر لە چوار جار هاتووە و لە تۆی پرسیوە.

زمانی خۆم گەستەوە و لە بیری خۆم وتم (دیارە خراپ تێی نەگەیشتوومە، ئەم فەرمەسۆنە، کارێکی گرینگی پێمە، بۆیە حەفتەیەکە دەمم چەور دەکات و بە دەورمدا دەخولێتەوە).

بۆ بەیانی دوای نیوەڕۆ، تازە دەستم لە نانخواردن هەڵگرتبوو، لە دەرگا درا، عەبۆ زەبۆك بوو، دوای بەخێرهاتن و چاکی و چۆنی، فایلێکی لە بەر دەمم دانا و وتی: ماوەیەکی زۆرە خەریکی دەرهێنانی مۆڵەتی دووکانم، هێناومەتە سەر تەواوبوون، تەنیا ئیمزایەکی ماوە تەواو بێت. کەچی بەدبەختیی من بەیانی دەبێ لە بەغدا ئامادە بم، بۆ عەمەلیاتکردنی قاچم.

وتم: بۆ، قاچت چییەتی؟

وتی: ئەنگوستی گەورەی قاچم ئێسقانی هێناوە و عەمەلیاتی دەکەم.

هەرچەندە هیچ ئێسقانم نەدیت، وتم: ئینشائەڵڵا چاك دەبیتەوە، ئەوجا ئەوە چ پەیوەندی بە وەرگرتنی ئیجازەی دووکانەوە هەیە؟

وتی: ئەگەر ئەمڕۆ ئەم ئیمزایەم بۆ نەکرێ، ئەوا ڕیسم لێ دەبێتەوە خوری، چونکی بەیانی زوو دەبێ لە نەخۆشخانە بخەوم

و عەمەلیاتەکەم بکەم. خۆشت دەزانی چوون بە دەست مرۆڤە و هاتنەوە لە دەست خۆی نییە.
هەرچەندە نەمزانی مەبەستی چییە، وتم: جا من چیم لە دەست دێت هەتا بۆتی بکەم؟
بە پێکەنینەوە وتی: ئیشەکە لە سەر تۆ دەوەستێ، ئەگەر بتەوێ بۆمی بکەیت، زۆر ئاسانە و هەر ئەمڕۆ مەیسەر دەبێ.
کەوتمە ئەمری واقیع و وتم: ئەوەی لە دەستم بێ بۆتی دەکەم.
وتی: ئەم ڕووپێوەی کە ناوی لە ناو فایلی مەعامەلەتەکە هاتووە، سەرۆکی لیژنەی مۆڵەتدانی دووکانەکانی ناو گەڕەکە نیشتەجێکانە ..... .
پێش ئەوەی قسەکانی تەواو بکات، سەیرێکی ناوەکەم کرد و وتم: من ئەو ئافرەتە ڕووپێوە ناناسم.
وتی: دەزانم نایناسی.
وتم: ئەی چۆن یارمەتیت بدەم، کە نەیناسم؟
وتی: ئەو ڕووپێوە برایەکی ئەندازیاری لە دایەرەکەی ئێوەیە.
وتم: کێیە؟
کە ناوەکەی پێ وتم، سەرم سوڕما، چۆن من تاکو ئێستا نەمزانیوە ئەو ڕووپێوەی بەشی مۆڵەتی بیناسازی، خوشکی هاوڕێیەکەی خۆمە.
وتم: ئێستا چیت دەوێ؟
وتی: ئوتۆمبێلێکت بۆ دەگرم، لەگەڵم وەرەماڵیان و داوای لێ بکە بەڵکو یارمەتیم دەدات و ئەم ئیمزایەم بۆ دەکات.
فەرمانی خوا ڕەزای حەق، سواری ئوتۆمبیلێك بووین و چووینە ماڵیان.
وتم: دڵنیای ئەوە ماڵیانە؟
وتی: جارێکی تریش هاتوومە، زەنگمان لێدا، ڕووپێوەکە هاتە

دەرەوە، هێشتان من قسەم نەکردبوو، عەبۆ ڕووی لە کچەکە کرد و وتی: ئەمەش برازاکەمە و لەگەڵ برا ئەندازیارەکەی تۆ لە یەك دایەرە بە یەکەوەن.

مووچڕکێکی سارد، لە تۆقی سەرمەوە هەتا ژێر پێم، بە لەشمدا هات، ئارەقەی سوور و شینم بە دەر دا، لە بیری خۆم وتم (ئەم قورمساغە لە هیچەوە خۆی کردە مامم، دەترسم پەندێکم پێ بکات).

پیاوێکی بە قەڵافەت، سەر و ڕیش سپی، لە تەمەنی باوکمە، پێم عەیبە نەبوایە، بە درۆم دەخستەوە، بەڵام دانم بە خۆمدا گرت و نقەم نەکرد. کچەی بەستەزمانیش کە وای زانی ماممە، زیاتر ڕێزی لێنا، بە ڕێزلێنانەوە هەردووکمانی کشاندە ژوورەوە. برا ئەندازیارەکەشی لە ماڵەوە بوو، بەخێرهاتنی کردین و لەجیاتی خوشکەکەی بەو ئێوارە درەنگە لەگەڵمان هات بۆ پێوانی ڕووبەری دووکانەکە و چۆنێتی گونجانی لەگەڵ مەرجەکانی شارەوانی.

بەپێی تەعلیماتی شارەوانی دەبوایە ڕووبەری تەواوی ئەو دووکانانە لە بیست مەتر چوار گۆشە کەمتر نەبێت و لە پێشەوەی دووکانەکەش مەترو نیوێك بە قووڵی دەرگای دووکانەکە لە شۆستەی شەقامەکە بخرێتە لاوە.

چووینە سەر دووکانەکەی، لە ڕێگا لە ناو تاکسیەکە بیری ئەوەم دەکردەوە (باوکی منیش وەکو ئەو خاوەنی دووکانە و تا ئێستاش مۆڵەتی دووکانی دەرنەهێناوە. زۆر جاران سزا دراوە و تووشی دەمەقاڵێ بووە لەگەڵ چاودێری شارەوانی لەسەر ئەم سەرپێچیکردنە. خۆ ئەگەر بمزانیبا ئەم ئیشە وا بە ئاسانی دەبێت، پێش هەموو شتێك مشووری مۆڵەتەکەی باوکیشمم

دەخوارد).
هەرچەندە لە هاتنم لەگەڵ ئەم کەڵەکچییە زۆر پەشیمان بووم، بەڵام زیانیشم لێ نەکەوت، بە هۆی ئەم ئاوقاتەوە هەموو مەرجەکانی مۆڵەتدانی دووکانم زانی. لە دڵی خۆم وتم (لە بەیانی زووتر نییە، مۆڵەتی دووکان دروستکردنەکەی باوکیشم تەواو دەکەم). خۆ عەبۆش نەبوایە، ئێستاشی لەگەڵ بێت نەمدەزانی ئەو ڕووپێوە خوشکی برادەرێکی دڵسۆزم دەردەچێ!!
گەیشتینە سەر دووکانەکەین هەروەکو لەوەو پێش وەسفی دووکانەکەیم بۆتان کردبوو، هەمان دووکانی جاران کە بە ناوی کۆڵیت بە شەو و ڕۆژێك لە ترسی مام مەحەمەد و شارەوانی دروستی کرد، تەنیا یەك شتی گۆڕابوو، ئەویش گواستنەوەی قەپەنگەکە بوو.
لە پێشەوەی دووکانەکە، هەڵگیرابوو و بۆ دواوە بە دووری مەترو نیوێك بەپێی مەرجی شارەوانی گوێزرابۆوە. بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو گوێیە کۆنەکان کە پێشتر قەپەنگەکەی لە سەر دانیشتبوو، هەر لە جێی خۆی لە ناو دوو دینگەکە مابۆوە و دوو گوێی تری لە شوێنە نوێیەکە چەسپ کردبوو. برادەرە ئەندازیارەکەم پێش هەموو شتێك دووریی نێوان قەپەنگەکە و شۆستەکەی پێوا و وتی: زۆر باشە تەواوە، مەترو نیوێکی بردۆتە دواوە.
دواییش خەریکی پێوانی ناوەوەی دووکانەکە بوو، هەرچەندی دەیکرد، ڕووبەری ناوەوەی دووکانەکە بیست مەتر دەرنەدەچوو. سەری خۆی لەقاند و ڕووی لە من کرد و وتی: وا لە بەر خاتری تۆ دەنگ ناکەم، ئەگینا مەرجی ناتەواوە، بەڵام لە بەر ئەوەی لە دوورخستنەوەی قەپەنگەکە عەیبی نییە، کە مەرجێکی

سـەرەکی مۆڵەتـی دووکانـە، بۆیـە بـە خوشـکم دەڵێم بـۆی ئیمـزا بـکات.
زۆری مەمنـوون بـووم، دوای دانانـی برادەرەکـەم بـە یەکـەوە بـە تاکسـی گەڕاینـەوە ماڵـێ. لـە ڕێـگا پێم وت: عەبـۆ سـەرم لـە یەك شـت دەرنەچـوو تـۆ لـە دوێنێـوە ماڵـی ئێمـەت بـە قۆنتـەرات گرتـووە، بۆ ئـەم ئیشـە و دەشـڵێی بۆیە بە پەلـەم بەیانی دەبێ لـە بەغدا ئامادە بم، کەوابـوو بۆ ئیمڕۆ هـەر لـە بەیانییـەوە نـە دەچوویتـە شـارەوانی و ڕووپێوەکـەت نەدەهێنـا تەماشـای؟
لـە قاقـای پێکەنینـی دا و وتـی: تـۆ پیاوەتـی خۆتـت کـرد، حەقـت چییـە بـە سـەر ئـەوە.
وتم: توو سەری خۆت ئەگەر پێم نەڵێیت؟
خـۆی لـە بیـر بـردەوە و پێـی نەوتـم. بیـرم لـەوە دەکـردەوە چ فێڵێکـی کردبێـت. زۆرم بیـر کـردەوە، لـە دوو گوێـی قەپەنگەکـە زیاتـر شـکم بـۆ هیـچ نەچـوو. دوو گوێـی کۆنەکـەی قەپەنگەکـەم بیـر کەوتـەوە، کـە هـەر لـە نـاو کۆنکریتـی دینگەکانـی پێشـەوەی دووکانەکـەی بەجـێ مابـوون، پێـم وت: عەبـۆ پێـت نەوتـم، بـۆ دوو گوێیـە کۆنەکانـی قەپەنگەکـەت نەگوێزابـۆوە و دوو گوێـی تـرت کڕیبـوو؟
له قاقای پێکەنینی دا و وتی: دۆزیتەوە.. دۆزیتەوە!!
بە سەر سوڕمانەوە وتم: چیم دۆزییەوە؟
وتی: بەیانی بە لای دووکانەکەمدا وەرە دەزانی.
ئـەو شـەوەیان هەتـا خەوتـم هـەر بیـرم لێـی دەکـردەوە، نەمزانـی مەبەسـتی چـی بـوو.
بەیانی بە بەر دەرگای ماڵیان ڕەت بووم، ئاوڕێکی لای دووکانەکەیم دایـەوە، بینیـم قەپەنگەکـە لـە جێـی خـۆی نەمـاوە و گەڕاوەتـەوە

پێشەوەی دووکانەکە بۆ سەر گوێیە کۆنەکانی جاران.

کە ئەمەم دیت، شەرمم لە خۆم کردەوە، خەمی ئەوەم بوو، خوانەخواستە، ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕووپێوەکەی خوشکی برادەرەکەم ڕێی بکەوێتە ئەوێ و ئەم دووکانە بەم شێوەیە ببینێ، چیم پێ دەڵێ. لە هەمووشی ناخۆشتر بە مامی منیش تێی گەیشتووە.

مەرجێکی تری مۆڵەتی دووکان دروستکردن لە ناو گەڕەکەکاندا ئەوەبوو، نەدەبوو دووریی نێوان دوو دووکان لە سەد مەتر کەمتر بێت، بۆیە یەکسەر مام مەحەمەدی بێ بەختم بیرکەوتەوە. زانیم کە چۆن باوکم بەم مەسەلەیەی نەزانیوە ئەوهاش دەستی خۆی پێش مام مەحەمەد خستبۆوە بۆ هەتا هەتایە لە مۆڵەتی دووکان دروستکردن بێ بەشی کردووە، ئەو دڕکەشی لە ژێر پێی دەرهێناوە، کە کاتی خۆی لە ژێرەوە چاودێری شارەوانی لێی وەئاگا هێنا و دووکانەکەی پێشووی پێ هەڵوەشاندەوە.

## هەزار گوناه و یەک تۆبە

ماوەیەك بوو عەبۆ زەبۆکم وەکو جاران نەدەبینی، عەبۆ زەبۆکم وەکو جاران نەدەبینی، گوێیەکانم بۆ دەنگ و باسی قوڵاخ کردبوو، بەڵام هیچی نوێم لێی نەزانی. بەلامەوە زۆر سەیر بوو ئەگەر دوو حەفتە دووکانەکەی نەکاتەوە، یان ناوی لە مەجلیسێك باس نەکرێت، موعجیزەی خوایە. بووە بەردی بن گۆم و سەرو سۆراخی نەما. هەرچەند کەسمان کەیفمان بە چارەی ئەم ساختەچییە نارەسەنە نەدەهات، بەڵام بەبێی ئەویش بێنمان نەدەهات.

هەر لە منالییەوە لەگەڵ فڕوفێڵەکانی ڕاهاتبووین و تامەزرۆی فڕوفێڵەکانی ببووین و سەبووریمان پێی دەهاتەوە. زیاتر خۆم پێ نەگیرا و بڕیارم دا لە سۆراخی بپرسم. لەگەڵ خەڵکی گەڕەکەکەمان کۆبووینەوە، وتمان دراوسێ مافی لە سەر دراوسێ هەیە، بۆیە لە سەر ئەوە ڕێککەوتین بچینەماڵیان و بە سەری بکەینەوە.

چووینە ماڵیان، وا پێ دەچوو عەبۆ زەبۆك ئەمجارەیان بە ڕاستی نەخۆش بێت، بەوەدا دیاربوو خۆی لە ژێر دوو لێف و بەتانییەك

پێچابۆوە و سەر و ڕیشیشی تێکئالأبوو، ڕەنگی زەرد وەکو پەلکە پیازی لێ هاتبوو، لە دوورەوە تینی گەرمییەکەی بۆمان دەهات. ناڵە ناڵیشی هەر مەپرسە، دەتوت منالی ساوایە، دەنووزایەوە. لێی نزیك کەوتمەوە، دەستم لە سەر نیوچەوانی دانا، وەکو تەنوور سوور هەڵگەڕابوو، دیاربوو تایەکی قورسی لێ بوو. وە ئاگام هێنا، هەندێك قسەی خۆشم بۆی کرد و دڵیم دایەوە. هەندێك ئاوم پرژاندە سەر دەموچاوی و بە زۆری لە ژێر نوێنەکەی دەرمهێنا و پێم وت: گشت دراوسێیەکان هاتوونەتە لات، هەندێك ورەت بەرز بێت.

هێزی هێنا بەر خۆی و وەکو جاران دەستی بە قسەی قەڵەو کردەوە. ڕووی لە ئێمە کرد و وتی: قەت نەمدەزانی ژیان وەکو چرایەکە هەر بکوژێتەوە دەکوژێتەوە و مایەی پووچە، ئەوەی بە کەڵکی مرۆڤ بێت، هەر چاکە و پیاوەتییە.

دراوسێکان کە ئەمەیان گوێ لێ بوو، واقیان وڕما، زاریان بستێك بەش بۆوە، ڕوویان لە یەك کرد و دەستیان کرد بە پسەپس، (دەبێ ئەوە عەبۆ زەبۆك بێت قسەی وابکات، باسی ڕۆژی دوایی بکات و لە چاکە و خراپە و پیاوەتی و خێر و خێرخوازی بتۆژێتەوە؟!).

عەبۆ زەبۆکیش زیاتر لە سەر قسەکانی ڕۆیشت و وتی: (تۆبەم کردووە، تۆبەی نسووح، ئەگەر مام و نەمردم، هیچی تر بەلای درۆ و فڕ و فێڵ و خراپەدا ناڕۆم و ناوی کەس بە خراپ ناهێنم. نانێکی حەڵاڵ ئەگەر خوا بە قسمەتی کردم، ئەوا دەیخۆم، ئەگەر نەشیدا، ئەوا شوکرانەی دەکەم و چاوم لە ڕزقی حەرام نابێت. هەندەم نەمابوو ئەوجارەیان پەلەواژ ببمەوە و بمرم، ئەو سامانەی تەمەنێکی دوور و درێژ بە دەردە سەری کۆم کردبۆوە،

هیچم بە کەڵك نەدەهات).
ڕووی لە ئێمە کرد و لە پڕمەی گریانی دا و بە دەم گریانەوە وتی: سامانم لە ملیۆنێك ڕەتی کردووە، هەتا ئێستا فلسێکم زەکات لێی دەرنەکردووە، بەرامبەر ئێوە و خوا و پێغەمبەرم خۆم بە خەجاڵەت دەزانم.
هەندێك دڵیمان دایەوە و بە دەستەسڕێك فرمێسکی چاویمان وشك کردەوە وتمان: کێ بێت لە ئێمە لە ژیانیدا گوناهی نەکردبێت و دەرهەق بە دراوسێیەکانی تەقسیری نەکردبێت. گرینگ ئەوەیە کە پیاو هەڵەی کرد زوو هەستی پێ بکات و ڕاستی بکاتەوە و لغاوی شەیتان لە دەمی بکاتەوە. پێشینان گوتووشیانە هەزار گوناە و یەك تۆبە. خوا زۆر بە ڕەحمە، لە سەرە مەرگدا تۆبەی مرۆڤ قەبووڵ دەکات.
عەبۆ زەبۆك لەگەڵ ئەم قسانەی ئێمە زەوقی کرایەوە و ڕووی لە ئێمە کرد و وتی: (بڕیارم داوە، ئەگەر لەم نەخۆشییە ڕزگارم بێت ئەوا هەموو پیاو و ئافرەتە بە تەمەنەکانی گەڕەکەکەمان لە سەر حسێبی خۆم ببەم بۆ حەج).
میوانەکان زیاتر حەپەسان و زمانیان بستێك دەرهێنابوو و دەمیان بەش ببۆوە. منیش سەرم سوڕمابوو، لە بیری خۆم دەموت (ماقووڵە ئەمە قسەی عەبۆ زەبۆك بێت؟!).
بووە غەڵبە غەڵب و پسەپس، بە یەکییان دەوت (ماقووڵە عەبۆ تۆبە بکات)، هەندێکی تریشیان دەیانوت (تۆبەی گورگ مەرگە)، حاجی حوسێنیش تەسبیحەکەی هەڵدەدا و بە پێکەنینەوە دەیوت: ئیبلیس و تۆبەیان نەوتووە!!
خۆم بۆ نەگیرا و پێم وت: عەبۆ ئەوە بە ڕاستیتە، ئەگەر بمانەوێ ئەم ساڵ دەمانبەی بۆ حەج؟

بە پێکەنینەوە وتی: من تۆبەم کردووە و شەرتم لەگەڵ خوا کردووە حەجی ئەم ساڵتان لە سەر من بێت.

پێم وت: هەتا بە چاوی خۆم نەبینم قەت ناچێتە ئەقڵمەوە.

ڕەحمان سەروپێ ڕووی تێ کرد و وتی: هەر لە ئێستاوە ناوی من لای خۆت بنووسە. دوای ئەویش یەك لە دوای یەك ئەوانی تریش وتیان: ناوی ئێمەش بنووسە.

تەنیا حاجی حوسێن نەبێت هیچ دەنگی نەکرد. ڕووم تێ کرد و پێم وت: حاجی حوسێن بۆ دەنگ ناکەیت، دیارە ناتەوێ زیارەتەکەت نوێ بکەیتەوە؟

وتی: سوێندە و خواردوومە نەك بۆ حەج، بۆ بەهەشتیش لەگەڵ عەبۆ نەچم.

## چۆن عەبۆ زەبۆک دەبێتە حەملەدار

کاتی حەج نزیک کەوتەوە و لە هەموو کونجێکی شار لافیتەی گەورە هەڵواسرا و حەملەدارەکان بانگەوازیان بۆ ناونووس کردنی ئەوانەی دەیانەوێ بچنە حەج بڵاو کردەوە. پیاو و ژن و پیر و بە تەمەنەکانی گەڕەکەکەشمان لە سەر بەڵێنەکەی عەبۆ زەبۆك خۆیان بۆ حەج ئامادە کرد و وەفدێکیان بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنا و چوونە لای عەبۆ. هێشتان باسی چوونە حەج و مەسرەفەکەیان لەگەڵی نەکردبوو، عەبۆ پێشی لێ گرتنەوە و وتی: هەروەکو پارەکە بەڵێنم پێ دابوون، ئەگەر مەیل بکەن دەتانبەم بۆ حەج.

زیاتر لە سەری ڕۆیشت و وتی: هەر لە ئێستا زووتر نییە، ئەگەر لاتانە دەفتەری نفووسەکانتانم بدەنێ لەگەڵ جنسییەی عێراقی و چەند وێنەیەك تاکو ناوتان بخەمە لیستەکەوە و پاسەپۆرتی چوونە حەجتان بۆ دەربهێنم. ئەوەی لە لاشی نییە با بەیانی بۆمی بهێنێت.

لە خۆشییان دەمیان پڕ ئاو ببوو، ڕووی تێ کردنەوە و وتی: بە خۆتان دەزانن بەپێی تەعلیماتی ئەمساڵ ئەوەی بە تەمەن گەورە

نەبێت و یەکەم جاری نەبێت وەیان سێ ساڵ بە سەر حەجی پێشووی ڕەت نەبووبێت ئەوا دەوڵەت ماوەی چوونە حەجی نادات، ئەگینا من حەزم دەکرد سەرتاپای خەڵکی گەڕەکەکەمان لەگەڵ خۆم ببەم بۆ حەج.

حاجی حوسێن پانزە ساڵ لەمەوبەر حەجی کردبوو، تۆزێك شارەزایی لە بارەی چوونە حەجەوە پەیدا کردبوو، بۆیە هەر لە هەوەڵەوە فشەی بە بەڵێنەکەی عەبۆ زەبۆك دەهات و بە خەڵکەکەی دەوت: کاتی خۆی کە من و (حاجی عەیشێ) ی ژنم چووینە حەج مانگێك پێشتر بە دوای سەرۆك قافڵە گەڕاین هەتا سەرۆك قافڵەیەکمان دەست کەوت. جێی بەتاڵی لە لیستەکەیدا مابۆوە و ناوی ئێمەی لای خۆی نووسی و پێشەکیش پارەی چوون و هاتنی ڕێگای لێ وەرگرتین.

پەنجەی بۆ عەبۆ درێژ کرد و وتی: ئەم عەبۆیە هەر ددانێکی بە ساڵێك هاتووە و جۆ بە دیوار هەڵدەگەڕێنێ، ئەم فەرمەسۆنە نە نوێژ دەکات و نە ڕۆژی دەگرێ، هەتا ڕێی خراپ هەبێ ڕێی چاك ناگرێ. چۆن دەچێتە ئەقڵەوە لە سەر حسێبی خۆی خەڵك بۆ حەج ببات. سەری خۆی لەقاند و لەبەر خۆیەوە وتی (ئەم ماستەموویێکی تیایە!!). ڕەحمان سەروپێ و ڕەفیقی چایەچیش دوو ڕۆژ بوو دەفتەری نفووس و جنسییەی عێراقییان دابوویێ. بۆیە بە پێکەنینەوە وتیان: ئێمە چیمان زەرەر کردووە، وا خۆمان لە لای ناونووس کردووە، ئەگەر بەڵێنەکەی بەجێ هێنا چاك و چێتر، ئەگەریش درۆی کرد، خوا ڕووی ڕەش بکات. ئەم ساڵ نا ساڵێکی تر لە سەر حسێبی خۆمان دەچینە حەج.

کاتی چوونە حەج نزیك کەوتەوە و پەیتا پەیتا قافڵەی حاجییان

کەوتنە ڕێ. ڕۆژێك دەچوومە بازاڕ، بینیم عەبۆ زەبۆك قاتێك جلی کوردی نوێی لەبەر کردووە و لە دووکانەکەی دانیشتبوو، کۆمەڵێك فایلیشی لە سەر مێزەکەی داناوە و پیر و بە تەمەنەکانی گەڕەکەکەمانی لە دەوری خۆی کۆ کردوونەتەوە و فەتوای بۆ دەدان، دەیوت: (بەخۆتان دەزانن من لە سەر حسێبی خۆم دەتانبەم بۆ حەج، پارەی هەردوو سەریشتان بۆ دەدەم، هیچم لە ئێوە ناوێت، تەنیا ئەوە نەبێت ئێوەش یارمەتیم بدەن و لە کاتی گەڕانەوە هیچ شتی زیاد لەگەڵ خۆتان مەهێنن).

هەموویان سەری خۆیان لەقاند و وتیان: ئەشەدو بیللا قسەیەکی جوانە، ئێمە چیمان دەوێ لە زیارەتەکە بەولاوە. جا لەوە باشتر هەیە زیارەتی خۆمان بکەین و فلسێکیشمان نەچێت؟! ئەوەی بۆ ئێمە ڕێککەوتووە بۆ کەس ڕێك نەکەوتووە.

عەبۆ خۆی قیت کردبۆوە، دەتوت سەرە پیاوی ناو پیاوانە، بەردەوام بوو لە قسەکانی و وتی: (براینە ڕەنگ بێت ئێوە شارەزاییتان لە سەر مەککە و مەدینە نەبێت. بەوە نییە ئەوێ ماڵی خوایە، ئەوێ لێرە زیاتر پیاوی خراپ و قۆڵبڕی کارامەی تیایە، گیرفانی ئەو خەڵکە وا بە پسپۆری دەبڕنەوە، هەتا دەست بۆ باخەڵیان نەبەنەوە، نازانن).

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: بۆیە تکاتان لێ دەکەم بایی خۆتان زیاتر پارە لەگەڵ خۆتان مەهێنن. دوایی ئوباری خۆتان بە ملی خۆتان. مەشڵێن عەبۆ پێی نەوتین.

دیسان بووە پسەپس و خەڵکەکە ڕوویان لە یەك کردەوە و بە یەکترییان دەوت: ئەشەدوبیللا تەواوە، خۆ هار نەبووینە، پارەی زیاد لەگەڵ خۆمان هەڵگرین. عەبۆ لانسی لە قسەکردن وەرگرتبوو دەیوت: شتێکی تریش هەیە دەمەوێ پێتان بڵێم ئیش لەم سەرە

خۆشـه، نـەك لـەو سـەر. لـه كاتـی گـەڕانـەوه ڕازی نیمـه كـەس هیچ شت لەگـەڵ خۆی بهێنێتـەوه، لـه هـەندێك تەسبیح و دیاریـی بچووك بتـرازێ.

بـه یـەك دەنـگ هەموویـان وتیـان: ئەشـەدو حەقـی خۆتـه، بـاری ئۆتۆمبێلەكـه قـورس دەبێـت.

چەنـد ڕۆژێكـی نەبـرد، بـەلای ماڵـی عەبـۆ دەهاتمـه خـوارێ، بینیـم لۆرییەكـی گـەوره و پیكەپێكـی دوو تەنـی و مونشـەئایەك لـه بـەر دەرگای ماڵـی عەبـۆ وەستابوو، لافیتەیەكـی گـەورەش بـه پێشـەوەی مونشـەئایەكه كرابوو، بـه خەتێكـی گـەوره لـه سـەری نووسـرابوو (حەجێكـی پیـرۆز) لـه ژێرەوەشـی نووسـرابوو (سـەرۆك قافڵـه عەبۆ). خەڵكـی گـەڕەكیـش ئەوانـەی خۆیـان لـه لای ناونـووس كـردبـوو، خەریكـی ڕێكخسـتنی كەلـو پەلەكانیـان بـوون و دانـه دانـه دەچوونـه نـاو مونشـەئایەكه. كـه سـەیری مونشـەئایەكەم دەكـرد و لافیتـەی پێشـەوەیم دەخوێنـدەوه پێكەنینـم دەهـات. ڕابردووی پـڕ لـه سـاختـه و فێـڵ و فـڕ و تەڵەكەبـازی و درۆ و دەلەسـەكانی عەبـۆم دەهاتنـەوه یـاد و لـه بیـری خـۆم دەمـوت (عەبۆ و سـەرۆك قافڵـەی حـەج، كوجـا مەرحەبـا!! ئـەم ڕێوییـه فێڵبـازه و چوونـه حەجیـان نەوتـووه).

ئـەو ڕۆژەیـان عەبـۆ زەبـۆك زۆر مشـاوەش و مانـدوو دیـار بـوو. بـه خێرایـی لـه نـاو حەوشـەی ماڵەوەیـان دەهـات و دەچـوو، مناڵەكانیشـی خسـتبووه كـار. وەكـو مێروولـه سـەریان لـه دوای یـەك نابـوو، لـه ژوورەوه تـا دەگاتـه لۆرییەكـه، كارتـۆن لـه دوای كارتـۆن لـه ژوورەوه دەریاندەهێنـا و لـه پشـتەوەی لۆرییەكـه لـه سـەر یـەك سـەفتەیان دەكـرد. هەرچەنـدی بیـرم لـێ دەكـردەوه، لـه مەبەسـتی نەگەیشـتم، خـۆم گەیانـده لای و پێـم وت: ئـەم كارتۆنانـه چیـن؟

وتی: مورەبای قەیسین.

وتم: چییان لێ دەکەی، حەج و مورەبایان نەوتووە، خوانەخواستە خۆ بازرگانیشی پێوە ناکەیت؟!

وتی: ئەی بەچی سەرۆک قافڵەم، ئێمە بە بیابانێکی وەهادا دەڕۆین، لە تۆز و خۆڵ بەولاوە هیچی تری لێ نییە، بیخۆین. ئەم مورەبایانەم بۆ خۆراکی ڕێگایە. ئەوەی برسی بێتن با هەر مورەبا بخوات، هەتا خوا دەڵێ بەس!

هەندێك بیرم کردەوە، نەمزانی بڵێم چی!

## گەڕانەوەی قافڵەی حاجی عەبۆ

جەژنی قوربان تەواو بوو، دانە دانە کەشیدەی نوێ بە سەری حاجییەکان دەبریقایەوە و پەیتا پەیتا قافڵەی حاجییان دەهاتنەوە. بەردەم تەکییەی شێخ عەبدولکەریم وەکو فڕۆکەخانەی لێ هاتبوو، ئەوەی کەسوکار و باوك و دایك و خوشك و برای بۆ حەج چووبوو، لەوێ چوەڕوانیان دەکرد و لە دەوری ئەو حاجییانە کۆ ببوونەوە کە دەگەیشتنە جێ و لە سەر و سۆراخیان دەپرسین.
ئێوارە گەڕامەوە ماڵێ، بینیم قافڵەی حاجی عەبۆش هاتۆتەوە و ڕەحمان سەروپێ و ڕەفیقی چایەچی و مام مەحەمەد و دراوسێیەکانی تریشم بە کەشیدەی زەردەوە بینی، خەریکی هێنانە خوارەوەی کەلوپەلەکانیان بوون.
چوومە لایان، باوەشمان بە یەکدا کرد و تێر و پڕ یەکتریمان ماچ کرد، بەخێرهاتنەوەم لێ کردن و پیرۆزبایی حەجەکەم لێ کردن و پێم وتن: لەو باوەڕەدا نەبووم عەبۆ بتانگەیەنێتە حەج!! لە دڵی خۆمدا دەموت لەوانەیە لە ڕێگای بیابانی عەرعەر بتانگەڕێنێتەوە!
حاجی ڕەفیقی چایەچی پێکەنی و وتی: وای لێ نەکردین، بەس

سەد خۆزگە هەر لەوێ بیگەڕاندبایەنەوە.
وتم: بۆ؟
دیاربوو هەموویان لێی لالووت بوون، بە چاوی ڕقەوە سەیریان دەکرد. ئەویش خۆی مۆن کردبۆوە و نقەی لێوە نەدەهات، حاجی عەبۆ کوڕەکانی بە سەر لۆری خستبوو، هەر خەریکی داگرتنی کارتۆن بوون و دەیانبردە ژوورەوە. سەیرێکی لۆرییەکەم کرد هەتا سەر دەرکە و لێوان پڕ بوو لە کارتۆنی گەورە و مافور و وەرتە و کەلوپەلی گرانبەها. هەر هەمووشیان بۆ ماڵی حاجی عەبۆ گواستەوە.
بە گاڵتە بە ڕەفیقی چایەچیم وت: ئەوە چییە، حاجی عەبۆ وەکالەتی هێنانی کەلوپەلی وەرگرتووە؟!
بە پێکەنینەوە وتی: هەر لەوە دەپرسی؟! مەگەر عەبۆ زەبۆك نەبێت!! ئێستا چۆن ئەم لۆرییەی بە پڕی هێناوەتەوە، ئەوهاش بە پڕی کۆنە مورەبای دووکانەکانی هەولێری کۆکردبۆوە و بە ئێمە و حاجییەکانی مەککە و مەدینەی ساخ کردنەوە. خۆزگا گووم بخواردبا لەگەڵ ئەم ئیبلیسە نەچووبام.
زۆر سەیرم بە گلەییەکەی هات وتم: تۆ هیچ زەرەرت کردووە؟ بەس نییە لە سەر حسێبی خۆی ئێوەی بردە حەج، لەوە زیاتر چیتان دەوێ؟
وتی: ئەم فەرمەسۆنە بازرگانی بە ئێمەوە کردبوو، بەڵام ئێمە خەشیم بووین و نەمانزانی.
وتم: چۆن؟
وتی: ئەم ساڵ مەرجەکانی چوونە حەج زۆر قورستر بوون لە مەرجەکانی ساڵی پێشوو، لە سەدی یەکی نە دەگرتەوە. هەر بۆیەش بوو ئەو عفریتە هەر لە سەرەتاوە تەنیا بەڵێنی بە پیر و

تەمەن درێژەکان دا و هیچ بەلای جاحێڵەکانەوە نەچوو، ئەوەبوو بە واسیتەی ئێمە خۆی کردە سەرۆك قافڵە.
وتم: ئەوجا چییە، بۆ نەیدەتوانی بەبێی ئێوەش بچێتە حەج؟
وتی: وا دەزانی ئەو بۆ زیارەتەکە هاتبوو؟
وتم: ئەی بۆچی هاتبوو؟
وتی: بۆ کەسابەت و بازرگانی و قاچاخچێتی.
وتم: چۆن؟
وتی: سەرۆك قافڵە ڕێگای پێ دراوە پیکەپێك بە تەنیا بۆ خۆی تەرخان بکات.
وتم: ئەوجا چییە؟
وتی: چۆن چییە؟ ئەو پیکەپە پڕ لە کەلوپەلی گرانبەها دەکات و لێرە بازرگانی پێوە دەکات و بە چوار نرخی خۆی دەیفرۆشێتەوە.
وتم: چی تر؟
وتی: لەبیرتە کە ئامۆژگاری ئێمەی دەکرد و دەیوت: پارەی زیاد لەگەڵ خۆتان مەبەن نەوەکو لێتان بدزن؟
وتم: زۆر باشم لە بیرە، بۆ قسەکەی ئەو وەها دەرنەچوو؟
وتی: ئەگەر پارەی زیادمان لەلا بوایە هەندێك شتی بە نرخمان لەوێ دەکڕی و ئێستا بە نرخێکی باشمان دەدایەوە. بەڵام لە بەر ئەوەی پارەیەکی باشمان لە لا نەبوو، هەرچی دەستمان بۆی دەبرد، پێمان نەدەکرا، ئەویش پارەیەکی زۆری لەگەڵ خۆی هێنابوو، یەك لۆری گەورەی لەو شتە بە نرخانە داگرت و لە شوێنی پشکنینی سەر سنووریش لە سەفوان هەر شتەی بە ناوی یەکێکمان ناونا. فلسێك چییە پارەی گوومرگی نەدا. ئێمەش زیکەی چاومان دەهات و هەر لە ڕێگاوە تاکو ئێرە هەر ئەنگوستی خۆمانمان دەگەستەوە و ئاهی ساردمان هەڵدەکێشا.

وتم: باشە هەر هیچ پارەتان لەگەڵ خۆتان نەبردبوو؟
وتی: هەندێکمان لەگەڵ خۆمان بردبوو، بەڵام پێش ئەوەی بگەینە جێ، بەو مورەبا بۆگەنییەی کە هێنابووی زۆربەی لە باخەڵ دەرهێناین و کەمی پێ هێشتینەوە.
وتم: ناکات هەموو کارتۆنە مورەبایەکانی بە ئێوە ساغ کردبێتەوە؟!
لە قاقای پێکەنینی دا و وتی: بەرەوەڵڵا بە ئێمە و حاجییەکانی قافڵەکانی تری ساغ کردەوە و بە بەردێك دوو چۆلەکەی کوشت.
لە درێژەی قسەکانیدا وتی: کە ڕۆیشتین بۆ حەج، وای تێگەیاندین کە ئەو مورەبایەی بۆ ئێمە هێناوە و لە بیابان دەمانداتێ. هەر بەو فێڵەش خۆی لە گوومرگەکە ڕزگار کرد و لەجیاتی ئەوەی گوومرگی لێ بستێنن، دەستخۆشییان لێی دەکرد. کە لە جێگای پشکنینەکە دوور کەوتینەوە، بە چوار قات پێی فرۆشتینەوە. بەمەش توانی پارەیەکی زۆر بە دەست بهێنێ بۆ کڕینی کەلوپەل. خۆ ئەگەر بەم فێڵە نەبوایە، نەیدەتوانی ئەم هەموو پارە زۆرەش لەگەڵ خۆی بهێنێ، چونکە زۆر لەو بڕە زیاتر بوو کە ڕێگای پێ درابوو.
من و حاجی ڕەفیق مەشغوولی گێڕانەوەی ئەم سەربردانە بووین، لە ناکاو دەنگی حاجی ڕەحمان و مام مەحەمەد بەرز بۆوە.
کە ئاوڕم لێیان دایەوە، بینیم لەگەڵ حاجی عەبۆ یاخەی یەکترییان گرتووە و بە گژ یەکدا دەچن.
حاجی ڕەحمان دەیوت: غەسالەی خۆمە و هەر ئێستا دەیبەمەوە.
حاجی عەبۆش دەیوت: تۆزێك ئارامم لێ بگرە هەندێك مافی منی تیایە، بەیانی بۆتی دەنێرمەوە.
لێیان نزیك کەوتمەوە، حاجی ڕەحمان ڕووی لە من کرد و وتی:

توخوا حەقی منە یان نا؟
منیش وتم: بێ گومان حەقی تۆیە، نەك من، بە هەرکێی بڵێن، حەقی تۆ دەگرێت.
حاجی عەبۆش دەستی لە سەر کەشیدەکەی دانابوو، هەزار سوێند بە عانەیەك هەر دەیوت و دەیوتەوە: بەو حەجەی تەوافم کردووە مافی منی تیایە و بەیانی دەیدەمەوە.
حاجی ڕەحمانیش سوورو شین هەڵگەڕابوو، ئەوەندە تووڕە و توند ببوو، لە تاوان وەکو بورکان هەڵدەچوو، پڕ بە دەنگ هاواری دەکرد و دەیوت: ئەتوو وەرە بە پارەی خۆت شت بکڕیت و بە بارە بار بە زیندی چاوان لێتی زەوت بکەن. ڕووی لە ئێمە کرد و وتی: برایان ئێوە شایەت بن با پیشانمان بدات، بزانین مافی چی ئەوی تیایە، لە سەر دەستی ئێوە دەنگ نەکەم و ئەم غەسالەیەشم لە خوا گەرەکە و با بۆ خۆی بێت.
هەموو بە یەك دەنگ وتیان: ئەشەدو قسەیەکی جوانە.
لە حاجی عەبۆ چوومە پێشەوە و دەستم خستە سەر شانی و پێم وت: کەس نەتناسێ من زۆر چاك دەتناسم، دەزانم ئەمەش ئۆینێکی تری تیایە، پێی ناوێ ئەم بەستەزمانە هیچی تر ماندوو بکەیت، ئەگەر دەزانی هی خۆیەتی بیدەوە و هیچی تر تەشقەڵەی پێ مەکە. ئەگەر فێڵ و فڕیشت تیای کردووە فەرموو لە بەر چاوی ئێمە ساغی بکەنەوە. حاجی عەبۆ زۆر دوودڵ بوو، نەیدەزانی چی بڵێ، وەکو بڵێی نهێنییەکی زۆر گەورەی لە ناو حەشار دابێت، بۆیە نەیدەویست لە بەر چاوی ئێمە ئاشکرای بکات.
ئەوەی ڕاستی بێت، منیش لە حاجی ڕەحمان بە پەلەتر بووم بۆ زانینی ئەو نهێنییە و هەرچەندی دەمکرد نەمدەزانی مەسەلە چییە و مەبەستی عەبۆ لەو مافە چییە.

بۆیە هەموو لایەك تەنگمان پێی هەڵچنی و ناچارمان کرد کە دەست لە سەر غەسالەکە هەڵبگرێت و واز لە حاجی ڕەحمان بهێنێ و بیداتەوە. وەیان لە بەر چاوی ئێمە مافی خۆی لە ناو هەڵبگرێتەوە. دەتوت حاجی عەبۆیان لە سەر کەر گرتووە، بە شەرمەوە بە خۆی و پلایس و دەرنافیس کەوتە سەر کردنەوەی دیوی دواوەی غەسالەکە و جیهازێکی ڤیدیۆی ناشیوناڵی لە ناو دەرهێنا و وتی: ئەم ڤیدیۆیە هی منە.

حاجییەکان چاویان ئەبڵەق بوو، حاجی ڕەحمانیش سەری خۆی لەقاند و وتی: نەعلەت لە شەیتانت دا، عەبۆ لەگەڵ خۆت و کردەوەت، ئەم کڵاوەشت لە سەرم ناوە و بە خۆشم نەزانیوە!!

ڕووی لە ئێمە کرد و وتی: هەزار سوێندم لای ئەفسەری گوومرگ خوارد کە هیچی تیا نییە، چیم بە خۆم دەوت ئەگەر تەماشای ناوەوەی بکردبا!!

بەم جۆرە ساختە و فڕوفێڵەکانی عەبۆ زەبۆك نە سەریان هەبوو نە بن. ساڵ کە سێ سەد و شەست و پێنج یان ڕۆژێك زیاترە، ئەگەر بە درێژایی ئەو هەموو ڕۆژانە باسی ئاین و ئۆین و کەڵەکاتەکانی عەبۆ زەبۆکتان بۆ بکەم، هێشتان هەر مشتێکە لە خەرواری.

کە عەبۆ تۆبەی کرد و ڕووی لە ماڵی خوا کرد، زۆر کەیف ساز بووم لە دڵی خۆم وتم (ئەوەندەش هەر باشە و فلیمی ئەفعالە خەبیسەکانی ئەو ئیبلیسە لێرەدا کۆتایی پێ دێت) کەچی نەمزانی چوونە حەج لە لای ئەو فەرمەسۆنە بڕوانامەی دکتۆرایە لە تەڵەکەبازی و درۆزنی و بێ ویژدانی و بێ وەفایی و بێ شەڕەفیدا. هەزار خۆزگە بەو کاتەی کە عەبۆ زەبۆك حاجی نەبوو، هەر لەو ڕۆژەوەی کەشیدەی زەردی لە سەر نا، هەزار سوێند

بە عانەیەك، لەجیاتی سوێند بە تەڵاق و بە شەڕەفی بخواتن دەستی لە سەر کەشیدەکەی دادەنا و سوێندی بە کەعبە دەخوارد کە تەوافی کردبوو.

## چیرۆک نووس و رۆمان نووس (کەمال سەعدی):

- لە ساڵی 1956 لە شاری هەولێر لە دایکبووە.
- بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرای لە یاسا هەیە.
- دەیان کتێبی چاپکراوی لە بواری یاسا و ئەدەب و ڕۆشنبیری هەیە.
- دەیان بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و یاسایی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو کردۆتەوە.
- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

* * *

## ئەو کتێبانەی نووسەر چاپیکردوون لە بواری چیرۆک و رۆماندا:

- شەش کورتە چیرۆکی کوردی – هاوبەش لەگەڵ سابیر ڕەشید، ساڵی 1976.
- ون بوون – کۆمەڵە چیرۆك، ساڵی 1984.
- دەرگا – کۆمەڵە چیرۆك، ساڵی 1990.
- ترحێو – کۆمەڵە چیرۆك، ساڵی 2000 .
- فەنتازیا – کۆمەڵە چیرۆك، ساڵی 2010.
- سەعید زەبۆکی لای خۆمان – رۆمان، چاپی یەکەم، ساڵی 1997.

- مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان – ڕۆمان، ساڵی 2017.
- بیرەوەریی جەنگاوەرێك – ڕۆمان، ساڵی 2018.
- حەج و عومرە - رۆمان، ساڵی 2019.
- خانمباز - رۆمان، ساڵی ٢٠١٩.
- رۆمانی ڕۆژە تاریك و دژوارەکان، ساڵی ٢٠١٩.
- عەبۆ زەبۆکی لای خۆمان – رۆمان، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٢٠.
- عەبۆ زەبۆکی لای خۆمان – رۆمان، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٢٠

## ئەو رۆمانانەی ئامادەن بۆ چاپ:

= رۆمانی ئاو

# پاشکۆکان

## پاشکۆی یەکەم
## نووسینێکی (سۆران) لە گۆڤاری هەرێم ژمارە 227 لە 1/7/1999

هەرچەندە مەسەلەی دادگایی کردنی رۆژنامەگەری لە جیهاندا شتێکی نوێ نییە، بەڵام سەبارەت بە کوردستانی خۆمان نوێیە و تاکو ئەم دوو ساڵەی دوایی دادگاکانی کوردستان ئەم جۆرە دادگاییەیان بە خۆوە نەبینیبوو. دیارە ئەمەش لەوەوە سەرچوە دەگرێت کە لە سایەی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە کردەوە بواری ئازادی رادەربڕین دراوە و ئەگەر جارنا جارێکیش ڕایەکان دژ بە یەك بووبن، یان باشترە بڵێین لایەنێك وای زانیبێ کە ئەم ئازادییە لە بەرژەوەندی یەکێکدایە و دژ بەوە ئەوا ئەویش بە یاسا چارەسەر کراوە و ڕێگەی یاسایی گیراوەتە بەر بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکە.
بۆ نموونە لە ساڵی 1998 دا ژمارەیەك داوای لەم بابەتانە دژ بە هەندێك ڕۆژنامە و گۆڤار، یان نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە لایەن چەندین کەسەوە بەرزکرانەوە بۆ دادگا و شوکور یاسا سەروەری خۆی نواند و لە هەمووشیاندا کێشەکان یەکلا کرانەوە. کە هەندێك لەو داوایانە، دژ بە کەسایەتی ناسراو لە ئاستی وەزیر و پەرلەمانتار و بەرزتریش بوون.
یەکێك لەو داوایانە لە دژی وەزیری ڕۆشنبیری سەرباری فەرمانەکەی و کەمال سەعدی ڕۆماننوس بوو، کە وەك نموونە بە کورتی تیشکێك دەخەینە سەر چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەو دادگاییە.

**سەرەتایەك:**

دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی ... زەبۆکی لای خۆمان کە کەمال سەعدی نووسیبووی و لە سەرەتای ساڵی 1997 دا بڵاوکرایەوە، ڕۆمانەکە (عەزیز نەسین ئاسا) نووسراوە و ڕەخنە لە هەندێك ڕەفتاری ساختەکارانەی نێو کۆمەڵ دەگرێ. پاش ئەوەی نووسەرەکەشی گەیشتە ئەو ڕایەی دوور نییە خەڵکانێك تەفسیری لابەلای بۆ بکەن پاڵەوانەکەی بەم و بەو بشوبهێنن ڕوونکردنەوەیەکی لە ڕۆژنامەی دەنگی میللەت ژمارە 32 ڕۆژی 15/8/1998 و هەرێمی کوردستان ژمارە 184 لە 27/8/ 1998 بڵاوکردەوە و تێیدا ئاماژەی بەوە دابوو کە هەرچەندە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی لە نێو کۆمەڵدا وێنەی زۆرە، بەڵام کەسێکی دیاریکراو نییە و دەستکردی خەیاڵی نووسەر خۆیەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕۆژی 19/8/1998 داوایەك لە لایەن هاوڵاتییەکی کوردستان (دانیشتووی هەندەران) دژ بە ڕۆماننوس و وەزیری ڕۆشنبیری لە دادگا بەرز کرایەوە. داواکار بەهۆی ناسیاوی لەگەڵ ڕۆماننوس و گوایە ماوەیەك کاری هاوبەشیشیان کردووە، ئیدعای ئەوەی کردبوو کە ئەم ڕۆمانە لە سەر ئەو نووسراوە و زیانێکی زۆری مەعنەوییان لێداوە و داوای بڕی نیو ملیۆن دینار قەرەبوو، لەگەڵ خەرجییەکانی دادگا و کرێی پارێزەری کرد بوو.

دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆ لەم کێشەیە لە ڕۆژی 30/12/1998 دووەمین دادگەی سەرەتایی شاری هەولێر داوای داواکارەکەی ڕەتکردەوە. ئەمەش بە پێی بڕگە (2) ی ماددەی 11 لە یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستان ژمارە (10) ی ساڵی

1993 و ماددەی (58) لە یاسای سەلماندن و ماددە (154، 161، 166) لە یاسای دادبینی شارستانی و ماددە (63) لە یاسای پارێزەران بوو. بە شێوەیەکی ئاشکراش بڕیارەکە ڕاگەیەندرا.
داواکار بەم بڕیارە قایل نەبوو، بۆیە داوای تێهەڵچوونەوەی کرد، بەڵام دادگای تێهەڵچوونەوەش لە ڕۆژی 1/3/1999 بڕیاری دادگای سەرەتایی ژمارە 804/ب/1998 ی کە ڕۆژی 30/12/1998 دەرچووبوو پەسند کرد.
ئەمجارە داواکار لە بەردەم دادگای تەمییز تانەی لە بڕیاری دادگەی تێهەڵچوونەوەش دا.
دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی 29/4/1999 تانەکەی لە دادگای تێهەڵچوونەوە درابوو ڕەتکردەوە بڕیارەکەی دادگەی تێهەڵچوونی پەسند کرد و ڕۆماننوس و داوالێکراوی دووەم کە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری بوو بێ تاوان دەرچوونز
لە سەردەمێکی وەك ئەمڕۆدا کە ڕادەربڕین ئازادە و هیچ جۆرە سانسۆرێکیش لە سەر کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری دانەنراوە، ئاساییە کێشەی وا ڕووبدات و خراپ لێك تێگەیشتنیش ڕووبدات، بەڵام دیارە (یاساش سەرووەری هەموو لایەکە) و حوکمی کۆتایی خۆی دەدات.زکە ئەمەش نیشانەیەکی دیکەی شارستانییەتە.

**پاشكۆی دووەم:**

**دۆسییەی ئەم ڕۆمانە لە دادگەی سەرەتایی هەولێر/ دووەم بە ژمارە 804/ب/1998**

**الجمهورية العراقية بسم الله**
**الرحمن الرحيم**
**وزارة العدل**
**محكمة بداءة أربيل/2**
**الدعوى 804/ب/1998**
**تشكلت محكمة بداءة أربيل/الثانية بتاريخ 30/12/1998 برئاسة الحاكم السيد رؤوف رشيد المأذون بالقضاء بأسم الشعب وأصدرت قرارها الاتي:**
**المدعي (س.ط) وكيله المحامي (ه.م. ط)**
**المدعي عليهما:**
**1- كمال سعدي مؤلف رواية المحتال**
**2- وزير الثقافة في الاقليم اضافة لوظيفته/ وكيله المحامي (ن. ي. م)**

**القرار:**
**لادعاء المدعي ((اشتريت مع المدعى عليه الأول كمال سعدي قطعة ارض في أربيل أفرزت الى ثلاثة أقسام سجلت قطعتان منها بأسم بنتي (خ وب ) والقطعة الثالثة بأسم المدعى عليه الأول. واستمرت علاقاتنا فحاولنا شراء قطعة اخرى في الموصل**

مشتركا. وقد استغل سفري الى خارج الاقليم، فألف كتابا سماه ((المحتال)) سرد فيه كل ماحدث بيننا من تعامل ووصفني فيها بأكاذيب لاحصرلها وطبعها ونشرها بموافقة المدعى عليه الثاني، اضافة لوظيفته وبسرعة نفذت الكتاب في الاسواق وقرأه جمهور كثير. وعند عودتي الى أربيل وتجوالي في الأماكن العامة تلقيت نظرات غريبة وأشمئزازية وساخرة من بين المارين بجواري وينادونني بأسم ((المحتال)) اضافة الى همسات واشارات وعند البحث والتحري من قبلي ومن قبل أقربائي أسباب هذه الظواهر الغريبة العجيبة، عثرنا على الكتاب المذكور وحيث ان عمل المدعي عليهما ألحق بي أضرارا أدبية بالغة اتصلت بالمدعي عليه الاول وبعد استجوابه طلب مني العفو والمدعي عليه الثاني اضافة لوظيفته أبلغني بعدم وجود رقابة على المطبوعات وانه لم يقرأ الكتاب قبل نشره)). فطلب الزامهما بالتضامن بتعويضه عن الاضرار التي الحق به والمقدرة بمبلغ 500000 خمسمائة الف دينار سويسري ولاجل دفع الرسم طلب الحكم ابتداء بمبلغ 1100 الف ومائة دينار والاحتفاظ بالباقي المقدر من قبل الخبراء بدعوى منضمة أو مستقلة كما احتفظ بالشكوى الجزائية تجاههما مع تحميلهما المصاريف وأتعاب المحاماة)).

وللمرافعة الحضورية بين الطرفين ونسخة من الكتاب الصادر من دار طباعة وزارة الثقافة في الاقليم لعام 1997 بأسم (المحتال) والمتخذ شكل (رواية) للمؤلف كمال سعدي وحمل الغلاف صورة كاريكاتورية ساخرة لرجل بدين بملابس مختلطة ووجود صور كاريكاتورية عديدة ضمن صفحات وفصول الكتاب. وللائحة المقدمة من قبل وكيل المدعي توضيحا لاستفسارات المحكمة حول تاثير الرواية على شخص موكله وبما يقلل من مكانته

الشخصية والاجتماعية في المجتمع الاربيلي. ولدفع المدعى عليه الاول في لائحته المؤرخة 23/9/1988 بأن الرواية محل الدعوى تم طبعها ونشرها في شباط 1997 أي قبل أكثر من سنة ونصف من تأريخ افادة هذه الدعوى ولدفع وكيل المدعى عليه الثاني بمرور الزمان حسب قانون المطبوعات النافذ. ولتكليف المحكمة المدعى عليهما حول تأريخ توزيع المطبوع وايداع نسخة من الكتاب لدى المكتبة الوطنية في اربيل وللوائح المتبادلة والكتب المبرزة وتكرار اطراف الدعوى لاقوالهم وطلباتهم وحيث تبين لهذه المحكمة ان الرواية. قد تم طبعه من قبل دائرة المدعى عليه الثاني اضافة لوظيفته بتأريخ 5/2/1997 وتم ايداع نسخة منه لدى المكتبة الوطنية بعدد التسجيل 176 في 29/11/1997 ويقام المدعي عليه الاول بنشر الخبر عن صدور الكتاب في الجرائد المحلية وفي الصفحة الأخيرة من جريدة (برايتي) العدد 2275 في 18/2/1997 وجريدتي (هەریمی کوردستان) و (صوت الشعب) الصادرتين في 23/2/ 1997 وحيث ان الدعوي مقامة بتاريخ دفع الرسم في 19/8/1998 وكون موضوع الدعوى وطلب التعويض والاضرار هذه مشمولة بأحكام قانون المطبوعات رقم 10 لسنة 1993 النافذ في الاقليم وحيث ان هذه مقامة خارج المدة القانونية المنصوص عليها في الفقرة 2 من المادة الحادية عشرة من قانون المطبوعات النافذ حيث لاتسمع دعاوى الاضرار وطلب التعويض بعد مرور ثلاثة أشهر من تأريخ النشر في المطبوع الدوري أو البدء بالتوزيع في المطبوع غير الدوري. لذا ولدفع المدعي عليهما بهذا الخصوص حكمت برد دعوى المدعي عن هذه الجهة وتحميله المصاريف واتعاب المحاماة لوكيل المدعى عليه الثاني المحامي (ن.ي.م) بمبلغ 110 مائة وعشرة دينار حكما

حضوريا قابلا للاستئناف والتمييز صدر وفق احكام المواد 11 ف2 من قانون المطبوعات والمواد 58 من قانون الاثبات و 154، 161، 166 من قانون المرافعات والمادة 63 من قانون المحاماة. وافهم علنا في 30/12/1998 .

الحاكم

رؤوف رشيد

ملاحظة:

تم تصديق قرار المحكمة من قبل محكمة تمييز اقليم كوردستان بعدد (106/ ه م/1999 في 29/4/1999



وێنەی دادگاییکردنی دانەری ڕۆمانەکە



وێنەی دادوەر رۆوف رشید



وێنەی هەندێك لەو ئەدیب و رۆشنبیر و مافپەروەرانەی کە لە بەردەم دادگا ئامادەبوون بۆ داکۆکیکردن لە دانەری ڕۆمانەکە

ناوی ئەو بەڕێزانەی لە بەردەم دادگا ئامادەبوون بۆ داکۆکیکردن لێم:
پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار، شاعیری بەناوبانگ خوالێخۆشبوو عبدالخالق سەرسام، چیرۆکنووس سابیر ڕەشید، پارێزەر تاریق جامباز، پارێزەر حوسام الدین سەرداری، لێکۆڵەرەوەی دادی سەردار خۆشناو، پارێزەر ئاشتی، نووسەر ئەیوب گەلاڵی، پرۆفیسۆر دکتۆرە شوکریە ڕەسوڵ، ئەمە و چەندانی تر بە نامە پشتگیرییان لێ کردم، لەوانە خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر سەعدی بەرزنجی، خوالێخۆشبوو مەهدی خۆشناو.

پاشکۆی سێیەم:

لە گۆڤاری (زاگرۆس الثقافیة) ی عەرەبی ژمارە (2) حوزەیرانی ساڵی 1997 لاپەڕە 106 ڕخنەیەك لە ژێر ناونیشانی (روایە سعید الخادع، مستویات السرد و جدلیات الخداع فی قالب ساخر) بە پێنووسی روزا احمی لەسەر ڕۆمانەکەم بڵاو کرابۆوە، لە خوارەوە وەکو خۆی دایدەبەزێنم:

بین عامي 1976 و 1997 تجربة جيدة في (العطاء القصصي لكمال سعدي توجها برواية ((سعيد زةبوكى لاى خومان- المخادع)) الصادرة حديثا ولان ما قدمه القاص، يعتبر رافدا للقصة الكوردية الحديثة كان لابد من تفحص أول عمل روائي له بدقة ووضعه امام القراء ليتسنى لهم التعرف على ابعاده و مديات افاقة الفنية على مستوى الحدث والشخوص والصراع وتأثير قدرة الروائي في اول تجربة روائية وتلمس ابعادها وحجم الاضافة التي حققها على مستوى عطائه الخاص وعلى المستوى العام في رفد التراث الكوردي الروائي بعمل يشكل اضافة نوعية له.

و دراستنا هذه محاولة لكشف حركية لبرواية بما فيها من شخوص واحداث وصراع منظور او مختف واغور في اعماق الشخصية الرئيسية ((سعيد)) و معرفة خلفيته مما يساعد على تبسيط الرواية و معرفة غني التجربة الفنية والانسانية التي يقومها الكاتب عبر قراءة جدلية لعناصرها البنائية.

ان القاريء عندما يتفحص العنوان يأتي الى مخيلته اول وهلة ((ابراهيم المخادع)) للكاتب التركي عزيز نسين و ان كمال سعدي قد تأثر بنسين في روايته ((سعيد المخادع)) ولكن بعد قراءة الرواية تكشف القاريء بان كمال سعدي استطاع و ببراعة

ان يبتعد عن التملق والتقليد و ان يقدم عملا جديدا مختلفا تماما وبل اكثر سخرية عما قدمه عزيز نسين. فمنذ السطور الاولى يدخل القاريء الى اعماق حركة الحياة الهادئة في حي ((مفتي)) بأربيل ويلج عالم الحي الداخلي مع وصف الكاتب له واعطاءه تفصيلات سريعة وخاطفة عن اشخاص الرواية بصورة مبسطة وينطلق السرد بتعميق الكاتب ابعاد شخصية ((سعيد)) من خلال اصوات اهل الحي فينكشف صفحات قذرة من تظاريخه الحافل بالخداع في مستويات متباينة، تداعيات ماضية، منلوج داخلي، حدث اني، حوار مباشر، فتتعدد الاصوات وتتداخل الازمنة. صوت الاسطة عبدالرحمن الاسكافي والحاج حسين و رفيق القهوجي والاخرون هؤلاء يشكلون صوتا واحدا في الرواية رغم اختلاف افكارهم و مواقفهم ازاء صوت ((سعيد)) المخادع ومع ذلك يستطيع سعيد ان يقنع اهل الحي بان ينتخبوه مختارا لهم فنلاحظ براعة الكاتب و سهولة اسلوبه في بدء دور سعيد في الرواية دون ان يحس به القاريء.

((سعيد)) جدي و مخادع يستعمل دهائه الحاد في اقناع الاخرين بحسن نواياه و عمله من اجل مصالحهم حيث يحل مشكلة الكهرباء و الماء للحي بأسرع وقت ويكسب ثقة الاخرين مع انه احتال عليهم وقبض منهم اجورا عن اعمال وهمية ولكن الحظ معه في كل مرة تسلم معه الجرة... ويصور لنا الكاتب في سرده احداثا كوميدية ساخرة يضحك خلالها القاريء من بساطة اهل الحي و دهاء سعيد ثم يحشر الكاتب شخصية كشخصية رئيسية ثانية الى جانب (سعيد) وذلك عندما يكبر و يتزوج و يريد ان يشتري قطعة ارض للبناء و لكنه لايلقى اية قطعة لان سعيد كان يشتريها كلها و يبني عليها و من ثم يبيعها فكان انسان دون

كبرياء و عزة نفس، يتحمل كل الاهانات فالاقدار يجعل الكاتب يتعامل مع سعيد في شرائها قطعة ارض من عبدالستار العربي و بثمن بخس و يتفقان على تقسيم القطعة الى قسمين ليبني كل واحد منهما دارا على قطعته و عند اجراء معاملات التسجيل العقاري يفشل خدعة (سعيد) في تسجيل القطعة باسم ابنته التي لم تكتمل (18) من عمرها ويستمر الكاتب في سرد الاحداث الشيقة و الساخرة خاصة في سرده كيف بنوا مع سعيد الدار ويتصح بخل و دهاء سعيد فيها ختى يصل الى درجة انه يزود داره بالابواب و الشبابيك مجانا بحجة انه يبني مسجدا في سبيل الله فيزوده اهل الخير بالابواب والشبابيك مجانا و بعد اكتشافهم للحقيقة، لاحول لهم ولا قوة امام سعيد ومن ثم يسرد الكاتب كيف ان سعيد احال نفسه على التقاعد مبكرا فيعطيك صورة كوميدية عن تمثيلية يقوم بها سعيد من اجل اقناع مدير الدائرة التي يعمل فيها ليوافق على احالته على التقاعد.

والمسألة تصل الى قمتها في الهزل و الخداع حينما يسجل سعيد زيارات محافظ اربيل على شريط فيديو و يهديها للمحافظ وهو بدوره يكرمه و يعطيه (200) دينار وقطعة ارض ((هنا يقتل الكاتل عصفورين بحجر واحد)) حيث يسرد روايته و في نفس الوقت يبين فساد الاجهزة الحكومية انذاك و يقول الحقيقة عن ساسة العصر.

و يستمر السرد الى ان يصل الى حصول سعيد على وكالة شركة سكاير اربيل بدهاءه و ذكاءه الحاد فيقف القاريء حائرا بين ان يضعف لقدرة سعيد الخيالية و بين ان يبلغه لخداعه العم (محمد) صاحب الدكان الصغير في الحي بعد ذلك يصل الكاتب بروايته الى اخر المطاف عندما يمرض سعيد و يزوره اهل الحي فيتوب

عن كل ذنب اقترفه من خداع و نصب و احتيال و يعتذر من الجميع و يوعدهم بانه اذا قام من مرضه هذه المرة بان ياخذ كل المسنين على حسابه للعمرة (الحج) و يقوم من مرضه و يحصل على رخصة رئيس قافلة الحج و ينبه الحجاج عدم جلب الاموال معهم الا بقدر دفع الحاجة ويأخذهم الى الحج و قافلته محمولة بمربا المشمش و لاشك ان هذا فيه فعلة من افعال عبو الشيطانية لايعلمه الا الرب و عبو نفسه فتبدأ القافلة بالسفر نحو الحج و بعد انتهاء مماسك العمرة ترجع القافلة وكلها مفاجأت فكل الحجاج ينزلون ويلعنون سعيد لماذا؟ لاتعرف ولكن في الاخير يتضح ان عبو قد اخذ من حجاج قافلته مما يملكون من المال لقاء اعطائهم مربى المشمش فيشتري هناك سلع و بضائع ثمينة و يحملها سيارات القافلة بحجة انها بضائع الحجاج اما الحجاج فلا يستطيعون جلب الكثير من الاشياء لعدم امتلاكهم المال الكافي و ينهي الكاتب الرواية بمنازعة شيقة بين سعيد و الحاج رحمن حول غسالة ملابس كانت ترجع ملكيتها للحاج رحمن لكن سعيد كان مصرا على ان يفتحها و في الاخير يتبين ان سعيد قد اختفى جهاز فيديو داخل الغسالة وذلك تهربا من دفع الكمرك في النقاط الحدودية هكذا كانت حياة سعيد المخادع و ان في الرواية يكتشف القاريء الكثير الكثير و في الختام يقول الكاتب ان ما سردته للقراء، على سعيد هي بمثابة جزء صغير من حياته المليئة بالنصب والاحتيال.

ومن هنا فان استراتيجية السرد نجحت لدى كمال سعدي في صنع تحولات حركة الشخصية الرئيسية والوحيدة تقريبا سعيد والوقوف عند مصيره في الخداع وفق فيه الروائي بادارته وقدم لنا من خلال موقفه الفكري مما يجري في واقع حياتنا اليوم في

سرد ذي مستويات متعددة و منظور رؤيا لا ينفصل عن .....الروائي و دلالاته المضمونية.

ان رواية كمال سعدى (سعيد المخادع او المتال) قدمت مستويات حدة في الدلالات و عمقا في الرؤي تعرف معها من الفردية و التسلط و مصدره حقوق الاخرين قد يكون سهلا الطريق لخداع والاحتيال ولكنه في نفس الوقت يؤدي الى تدمير عزة النفس و الكبرياء، وهي ابهى ما يعتر به الانسان في المجتمع ان ((سعيد المخادع)) من الروايات التي تمتاز بالشفافية و خفة الروح حقق منجزا ادبيا مضاف للتراث الروائي الكوردي الحديث.

پاشکۆی چوارەم:

لە گۆڤاری (رامان) ژمارە (9) لە (5) ی ئاداری ساڵی 1997 لاپەڕە 119-118 ژێر ناونیشانی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان) لە لایەن سابیر ڕەشیدەوە خوێندنەوە بۆ رۆمانەکەم کرابوو، لە خوارەوە وەکو خۆی دایدەبەزێنم:
ئەدەبی تەنزئامێز لایەنێکی گرینگی ژیانی مرۆڤە و لە پشت پەردەی ئەو تەنزەوە مفارقەیەك لای خوێنەری هوشیار بەجێ دێڵێ و تووشی سەر سوڕمانی دەکا و کاریگەری خۆی بەسەر وەرگرەکە دروست دەکات..ز هەمووومان بە تاسەوە تەماشای نمایشەکانی (شارلی شابلن) دەکەین و دەمانخاتە دنیای پێکەنین و سەرسوڕمان، کەچی خۆی لە یاداشتنامەکانیدا باسی ئەوە دەکا کە لە پشت پەردەی پێکەنینەکانیدا مەبەستی بە دیارخستنی گریان و ئازارەکانی مرۆڤ و چەوسانەوە و نسکۆکانی مرۆڤی جەنجاڵی ئەم جیهانە سەیر و سەمەرەیە..((چەکی ئەدەبی لاقرتێ و گاڵتەئامێز زۆر بە ئێشتر و کاریگەرترە، لە لۆمەیەکی ڕاستەوخۆ کە بە تەنگەی کەسێکدا بدرێ، یان گرینگترە لە سەرزەنشتکردن و جنێودان و داشۆرینی هەڵسوکەوتی دژ بە داوونەریت و بنەمای مرۆڤانەی باو، بۆیە وتوویانە ئەگەر ویستت کەسێك وا لێ بکەیت واز لە خوویەکی پووچ و ناشیرین و دزێو بهێنێ، کارێکی وا بکەخەڵکی پێی پێ بکەنن، کە ئەمەش لە ڕستەیەکی پڕ لە داشۆرین و تەنانەت لە لێدانیش کاریگەرترە..)).
نووسینی تەنز و گاڵتەجاڕی ئەدەبە و پێویستییەکانی هونەری بوونی خۆی هەیە و پێویستە لەم تێکەڵاوییەی کە لەگەڵ تەهریج

و نوکتە و داشۆرین، جیا بکرێتەوە و وەك چەمك و دەربڕینیش مەدلولاتی تایبەتی خۆیان دیاری بکرێن. بەداخەوە ئەوەی تا ئێستە لە ئەدەبی کوردیدا بەدی دەکرێت، لە شیعردا تەنیا شیعرەکانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) و لە چیرۆکیشدا هەوڵەکانی چیرۆکنووسی جوانە مەرگ (ڕەفیق فایەق) و (کەمال سەعدی) زیاتر نابینرێن. ئەگەرچی هەوڵەکانیان لێواو لێو ناچنە خانەی نووسینی تەنزەوە، بەڵام وەك هەوڵی نووسینی ئەم بابەتە پیرۆزن..ز جارجارەش لە گۆڤاری (سروە) ی کوردەکانی ئێران دا بە ناوی (تەنزی کۆمەڵایەتی) بابەتی کۆمەڵایەتی و لەم تەرزە نووسینانە دەبینرێن. ئەدەبی تەنز ئامێز نووسەرانی زۆر کەمن، وای لێهاتووە کە باسی تەنز دەکرێ یەکسەر (عەزیز نەسین) دێتە سەر زاران و گەلێك جاریش نووسەری تری جیهانی وەك (مارك توین) مان بیردکەوێتەوە، ڕەنگە هەوڵی تریش لە ئەدەبیاتی جیهان و دەوروبەرمان هەبن، کەچی وا بە ئاسانی هەستیان پیناکرێ یان هێشتا برا وەرگێڕەکانمان بە ئێمەیان نەناساندوون- گرنگ ئەوەیە لە ئەدەبیات و نووسینەکانی کوردیدا هێشتا لە خانەی نەبوونی دایە و دەگمەنە(( بۆیە ئەدەبی گاڵتە ئامێز (ساخر) و هونەری کۆمیدیای ڕەش بەشێکە لەو هەوڵ و کۆششەی پێویستە هەبێ، تا دەسگیرۆیی ئینسانی ئەم وڵاتە زاخاو چەشتووە بکەن لە پێناوی زاخدانی مێشك و ئارامیی دەروون و داهێنان و بەردەوام بوون)).

لەم بوارەدا ئەم رومانەی (کەمال سەعدی) هەوڵێکی پیرۆز و ئاواتبەخشە، چونکە یەکەمجارە لە بواری رۆمانی کوردیدا بابەتێکی تەنز ئامێز دەخاتە کتێبخانەی هەژاری کوردییەوە، هەم لە رۆمان و هەمیش لە رووی تەنز ئامێزییەوە. ئەگەرچی (سەعید

زەبۆکـی لای خۆمـان) وەك لـە ناوەکەشـیدا دیـارە کاریگـەری ڕۆمانەکـەی (عەزیـز نەسـین) کـە بـە نـاوی (برایـم زەبـۆك) ە و مامۆسـتا (سـەعید یەحیـا) کردوویە بە کـوردی پێـوە دیـارە، ڕەنگـە کاریگـەرییەکـەش بەکارهێنانی لەقەبی زەبۆك و کارتێکردنی کەڵەکچیاتـی پاڵەوانەکـەی نەسـین بـێ و بووبێتـە هـۆی نووسـینی ئـەم ڕۆمانـە و دەیەوێ پێمـان بڵـێ لـەم مەملەکـەتەی ئێمەشـدا شـێوەی برایـم زەبۆکـی (نەسـین) زۆرن و دەکـرێ بکرێـن بـە کەرەسـتەی نووسـینی چیـرۆك و ڕۆمانـی تەنـز ئامێـز.. جیاوازییەکـەش دەگـەڵ برایـم زەبۆکـی (نەسـین) ئەوەیـە کـە (عەزیـز نەسـین) یەکبیـن درامـای ڕۆمانەکـە بە پاڵەوانێکـی سـەرەکی کـە (برایـم زەبۆکـە) ە دەبەسـتێتەوە و پاڵەوانەکانـی تریـش لـە دەورەی ئـەم پاڵەوانـە سـەرەکیەدا دەخولێنـەوە و ڕۆڵـی تایبەتی خۆیان لە پانتایی دەقەکەدا کردۆتـەوە، کەچـی **لای کەمـاڵ سـەعدی ڕۆڵـی سـەرەکی چیرۆکنـووس بـە ڕانـاوی کەسـی یەکەمـی تـاك (مـن) و (سـەعید زەبۆك) پێکەوە هاوبەشـن لە بنیادنانی تەوەری گشتی چیرۆکەکە و پاڵەوانـە ناسـەرەکییەکان بـۆ ڕاژەی باسـکردنی سـەعید زەبۆك دروسـتکراون و چنینـی درامـای ڕۆمانەکـە وەك (عەزیـز نەسـین) یەکبیـن نییە**...ئەمـەش بـۆ کەمـاڵ سـەعدی بـە خـەوش دانانـدرێ، چونکـە تاقیکردنـەوەی دوور و درێـژی عەزیـز نەسـین لـەم بـوارەدا جیاوازییەکـی زۆری لەگـەڵ تاقیکردنـەوەی (کەمـاڵ سـەعدی) دا هەیە. بەڵام وەك یەکەم هەوڵدان توانیویەتـی لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنـەر بـۆ جیهانـی سـەیرو سـەمەرەی چیرۆکەکـەی کێـش بـکا و وەرگـر عەودالـی ئەنجامەکـەی بێـت و دەسـتی لـێ هەڵنەگـرێ. **ئەمـەش سـەرکەوتنێکی چاکـە وەك یەکـەم هەوڵـی ڕۆمانـی تەنـز ئامێز لە ئەدەبی کوردیدا. ڕۆمانـی (سـەعید زەبۆکـی لای خۆمـان)**

**لە (19) بەش یان (19) چیرۆك و بەسەرهاتی جیا جیا پێکهاتووە و لە هەر بەشێکیاندا بەشێکی پێکهاتەی (سەعید زەبۆك) دەچنرێ تا ئەنجامەکەی دەبێ بە بەشێك لە ژیان و قاڵبوون لە کەسایەتی سەعید و دەشکرێ هەر بەشێك لەم بەشانە بە چیرۆکێکی جیا بخوێندرێتەوە و سەرجەم بەسەرهاتی سەعید زەبۆك و منی پاڵەوانی یەکەمی چیرۆکەکە چیرۆکنووس خۆیەتی و پێکهاتەی گوتاری چیرۆکەکە، یان رۆمانەکە رەنگڕێژ بکەن. ئەم جیاوازییە بنەڕەتیانەش لە بنەمای رۆمانەکەدا بە تەواوی لە بنەمای هونەری برایم زەبۆکی جیا دەکاتەوە و بە ئسلووبێکی تایبەت بە خۆی دەچنرێ.**

ناشمەوێ زیاتر باسی تەکنیك و شێوازی هونەری رۆمانەکە بکەم، چونکە خۆشم لە بەرگی دواوەی رۆمانەکەدا هەندێ سەرنج و تێبینیم لە بارەی ئەم رۆمانە بۆ خوێنەران خستۆتە ڕوو، ئەمەیان بۆ رەخنەگرێکی تر جێ دەهێڵم.

پاشکۆی پێنجەم

لە بەرگی دواوەی چاپی یەکەمی ئەم رۆمانە، برای پیرۆکنووسم سابیر ڕەشید ستوونێکی لە سەر نووسیوە، منیش لێرەدا، وەکو خۆی بڵاوی دەکەمەوە:

لە کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەدا، برایم زەبۆکی (عەزیز نەسین) ئاسامان زۆرن، بەڵام کامە قەڵەمی بە بڕشتی گاڵتە ئامێز خۆی لە قەرەی ئەو تەرزە بابەتانە هەڵسویوە.

(کەمال سەعدی) خۆمان لە بەرهەمەکانی لەمەوبەریشی چ لە ناوەڕۆك و چ لە هەڵبژاردنی بابەت و ناوونیشانەکانیدا خوازیاری ئەم جۆرە ئەدەب و شێوازە دەربڕینە بووە، هەر بۆیەش بە گشتی

هەستی بەم کێشە قولانەی ناو کۆمەڵگای کوردەواری کردووە و بە تێڕوانینی من سەرکەوتوانە لە ڕۆمانی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان) ڕەنگ و دەنگی داوەتەوە و دوور لە لاسایی کردنەوە و خۆ پێوە هەڵواسین و ڕەچاوکردنی ئەدەبی (نەسینانە).
وا دەزانم ئەدەبی گاڵتەجاڕی لکێکی هەرە گرنگی دەربڕینی ئێش و ئازار و ژان و دەردەسەرییەکانی نەتەوەکەمانە. خۆ لە بەیەکگرتنی هەڵس و کەوتی برایم زەبۆك و سەعید زەبۆك دڵنیام و بە ڕاشکاویەوە دەڵێم کەڵەکەچیاتی و قۆڵبڕی و چاوچنۆکی و ساختەچیاتی و هەڵپەرستی و لە خشتەبردن بۆ گەیشتن بە مەرامە تایبەتیەکان، زەبۆکی کەمال سەعدی سەد بەردی بە زەبۆکی نەسین داداوە و ئەوەی ئەمیان بە حەفت ئاوان شوراوەتەوە و فەرموو تۆش بیخوێنەوە؟!

پاشکۆی پێنجەم

نامەی شانۆکارێکی گەنج، داوای ڕەزامەندیی لێکردم بۆ نمایشکردنی ڕۆمانەکە لەسەر تەختەی شانۆ


زۆر بەڕێز مامۆستا «کەمال سەعدی»

سڵاوێکی هونەرو ئەدەب:-

مامۆستاگیان من بە ڕاستی زۆربەی نوسین و شاکارەکانی جەنابتانم خوێندوەتەوە. جا وەک شانۆکارێک پێم خۆش بوو ڕۆمانی (عەبید زەبۆکی لای خۆمان) بخەمە سەر تەختەی شانۆ. هەربۆیە ئامادەم کردووە و هەر خۆشم هەڵدەستم بە دەرهێنانی لەگەڵ هونەرمەندانی دەربەندیخان... ڕاستە نوسین پێش بڵاوکردنەوەی مۆڵکی نوسەرە بەڵام پاش بڵاوکردنەوەی مۆڵکی هەمووانە کە هەربۆیە منیش بەو کارە هەستاوم و بەنیازم لە ڕۆژی شانۆی جیهانی نمایشی بکەین بەرواری [٣/٢٧]. جا پێم خۆش بوو بەڕێزتانی لێ ئاگادار بکەمەوە.. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیم بۆ نوسینەکانت

خوێندکارت

نەریمان مەجید
شانۆکار / دەربەندیخان
٢٠٠٦/٢/٧